# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٥٣)- (١٣)ی شوباتی ٢٠٢٣

## گەنج و ڕەخنە سیاسییەکانی

یەکەمین چالاکیی کەلتووری "بازنەی گفتوگۆ"ی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

# دەبێت دیدگای پێشوومان بۆ بینینی گەنج بگۆڕین و لە ناو گەنجەوە سەیری گەنج و کێشەکانیان بکەین

"ئەگەر نەتوانین ژینگەیەک فەراهەم بکەین، گەنج خۆی لەناو کایەی سیاسی و ئیداری و حوکمڕانی ببینێتەوە، ئەوا هەست بە بوونی خۆی ناکات

"گەنج لە فەوزای سیاسی و ئەدای حزبەکان بێزارە، بۆیە دەبێت دووبارە لە ناو حزبەکانەوە پەروەردە بکرێنەوە






## سەردانی تورکیا و دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتییە کوردەکان

٥٤

لە درێژەی سەردانەکەماندا بۆ تورکیا، دوو کۆبوونەوەی گرنگمان هەبوو، یەکێکیان بریتی بوو لەو سمینارە گەورەیەی کە شەرەفەدین ئاڵچی ڕێکی خستبوو و، نزیکەی دوو سەد کەسایەتیی کورد ئامادە بوون. لە سمینارەکەدا چەندین وتار پێشکەش کران کە هەموویان پشتگیری و هاوکاریی خۆیان بۆ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە.

کۆبوونەوەکەی تر لەلایەن ئەحمەد تورکەوە ڕێک خرابوو بە ئامادەبوونی سەرکردایەتیی پارتی ڕەنجی گەل (HEP) وەک یاشار کایا، ئیبراهیم ئاکسۆی، موزەفەر دەمیر، نزامەدین تۆگۆش، سری ساکک، سدا تیۆرتاش، نایف گوتش، ئەحمەد کاتاش، فەریدوون یازار، مەحموود قلیچ و سەلیم سادق.

کۆبوونەوەکە لە کەشێکی یەکجار کراوە و خۆش و برایانەدا کرا، کۆبوونەوەیەکی سەرکەوتوو بوو، هەموو بەشداربووان ڕازی بوون لە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە و داوایان کرد هەوڵ بدرێت لە پێناو دۆزینەوەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکان. کۆبوونەوەکە بە ئازادی کرا و تورکیا هیچ ڕێگری و کێشەیەکی دروست نەکرد، تەنانەت دوای کۆبوونەوەکانیش هیچ کەس ئازار نەدرا. دوای زنجیرە کۆبوونەوەکە و تەواوبوونی بەرنامەی سەردانەکەمان لە تورکیا گەڕامەوە کوردستان.

# چاپکراوی نوێ




دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوامە لە چاپکردنی کتێب و بەم هەنگاوەی کتێبخانەی کوردی زیاتر دەوڵەمەند کردووە، بەم دواییەش کتێبی (شەهید عەبدولڕەحمان زراری بەرکولێك لە ژیان و خەباتی پێشمەرگایەتی)ی چاپ کردووە لە دیدارو کۆکردنەوەی (سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی) و دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك) دارِشتن و پێداچوونەوەی بۆ کردووە، ئەم کتێبە باس لە چیرۆکی پێشمەرگەیەکی ڕێبازی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری دەکات، سەرۆك مسعود بارزانی لە بەرگی چوارەمی کتێبی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٧٥-١٩٩٠) باسی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان زراری دەکات و نووسیویەتی: (ڕۆژی ١٣ی ئەیلوولی ١٩٨٠، هەواڵمان بۆ هات کە لە ڕۆژی ٩ی ئەیلوولی ١٩٨٠ لە گوندی جەرا قارەمان، دکتۆر عەبدولڕەحمان سلێمان زراری لەگەڵ پێنج پێشمەرگەی تر بە دەستی دوژمن شەهید بوون، جاشیش یارمەتیی حکومەتیان داوە، وەك سەعید شێتنەیی و محەمەد تاهیر سەرۆکانی، دکتۆر عەبدولڕەحمان بە برینداری کەوتە دەست حکوومەت و بە زیندوویی و برینداری لە هەلیکۆپتەرەوە هەڵدرایە خوارەوە بەم هەواڵە زۆر نیگەران و دڵگران بووم).

ئەوەی لە زاری هاوسەنگەرانییەوە بیستوومانە کە شەهید زراری وێڕای چالاکییە بوێرانەکانی دژ بە دوژمن و چڵکاوخۆرەکانی ڕژێم، ئەو ڕاستییەشمان بۆ دەردەکەوێت ، گەلێك خاوەنی ئەو ڕۆڵە چاونەترس و بوێرانە بێت، هەر دەبێت بە مافە سروشتییەکانی بگات، بەڵام لە هەمووان بە سوێتر و ناخهەژێنتر، چۆنێتیی شەهیدبوونی ئەو کەڵەمێردەی ڕێبازی بارزانییە..

دەستخۆشی لە دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك) دەکەین کە بەردەوامە لە نووسینەوە و زیندووهێشتنەوەی مێژووی خەباتی شەهیدان و بڵاوکردنەوە و ڕاستکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان.

# پەیامی سەرەخۆشیی سەرۆک بارزانی بۆ خانەوادەی قوربانیانی بوومەلەرزەکەی تورکیا و سوریا

ڕۆژی دووشەممە ٦ی شوباتی ٢٠٢٣، سەرۆک مەسعود بارزانی لە تویتێکدا سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەسوکاری قوربانیان و زیانلێکەوتوانی بوومەلەرزەکەی تورکیا و سووریا کرد.

دەقی تویتی سەرۆک بارزانی:

**سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەسوکاری قوربانیان و زیانلێکەوتوانی بوومەلەرزەکەی ئەم بەیانییەی تورکیا و سووریا دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەم و ئازاریان دەزانم.**

**هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارانی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە دەخوازم.**



# سەرۆک کۆماری تورکیا سوپاسی سەرۆک بارزانی دەکات

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ٩ی شوباتی ٢٠٢٣ لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی نێوان بەڕێز ڕەجب تەیب ئەردوگان سەرۆك كۆماری تورکیا و سەرۆك مەسعود بارزانی، سەرۆك كۆماری تورکیا سوپاسی سەرۆك بارزانی و هەرێمی کوردستانی کرد بۆ هاوخەمی و هاوسۆزییان لەگەڵ گەلی تورکیا و خانەوادە و کەسوکاری قوربانییان و زیانلێکەوتوانی بوومەلەرزەکەی چەند ڕۆژی ڕابردووی تورکیا.



ئیڤون پترۆز ئوهان :




## سەرۆک بارزانی پارێزەری ئاشتەوایی و لێبوردەیی و تەبایی نێوان هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستانە

دکتۆر ئەحمەد سەفار :



## حکومەت و بانکی ناوەندی بۆ گەڕاندنەوەی بەهای دینار هەنگاوی باشیان ناوە، لەمەش گرنگتر جێبەجێکردنی سیستمی بانکی سیوفتە

ئاوارە مەلا حاجی دیلۆیی



**قوتابیان و لاوان**
لە نێوان ئەرک و دەستکەوت و بەرپرسیارێتیدا

عەبدولڕەحمان سدیق



دەستەی ژینگە: پوختەی کاری ساڵی ڕابردوو، کورتەی پلانی داهاتوو

پرۆفیسۆر ئەنتۆنی کۆردسمان :



## کێشەکە ئەوەیە نازانین شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا کەی و چۆن کۆتایی پێ دێت





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەماڵ ئاکرەیی

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

نەرمین کاوانی :

**سوپاس بۆ خودا**
**کە ئێستا تەندروستیم باشە**




بالا ئاكۆ :

**زۆر ئاسوودەم کە لە**
**دابینکردنی بژێوی ژیانمان**
**یارمەتیی هاوسەرەکەم دەدەم**



**رۆبۆتی خزمەتگوزار**



**بەهای خۆراکیی شوفان**



**دونیای سۆشیال میدیا و**
**سەرمایەداری بە هۆکاری**
**کەمبوونەوەی بەهای**
**خۆشەویستی دەزانرێت**



سەلار عەبدولواحید:

**یاریی فوتساڵ**
**بەرەوە نەمان**
**دەڕوات**







# بازنەی گفتوگۆ

# پانتاییەکی فراوان و کراوە بۆ دیالۆگی هەمەلایەن

## ئەڵقەی یەکەم:

## گەنج و ڕەخنە سیاسییەکانی

دامەزراندنی لیژنەیەك بە ناوی «بازنەی گفتوگۆ» لە بەشی رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، رەنگدانەوەی ئەو سیاسەت و ستراتیژەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی ١٤ی خۆیدا دایرشتووە و بەرهەمی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە کۆنگرە ئامانجیەتی لە ناو کۆمەڵگە رەنگدانەوەی هەبێت و بە دیدێکی تازە و رەخنەگرانە هەڵوەستە لەسەر گشت کێشەکانی کۆمەڵگە و ناو پارتییش بکەینەوە.

بیرۆکەی دامەزراندنی «بازنەی گفتوگۆ» بەرهەمی گەنگەشە و وتوویژەکانی کۆبوونەوەکانی پێشتری دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندن و ئێستای بەشی رۆشنبیری و راگەیاندنە، ئەم بیرۆکەیە ساڵی پار لەسەر پێشنیارێکی هەڤاڵی بەرێز د.سالار عوسمان کە ئەو کات (ئەندامی دەزگا) بوو، لە کۆبوونەوەیەکی دەزگا خستیە روو، پاش گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنێکی زۆر لەلایەن دەزگا پەسەند کرا، هەر خۆیشی راسپێردرا کە بەرنامەی بۆ دابنێت و دوو هەڤاڵی بەرێزیش پ.د. نەزاکەت حوسێن و شڤان حەمدی بۆ ئەو ئەرکە دەستنیشان کران، بەلام بە هۆی سەرقاڵیمان بە خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرەی ١٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان، چالاکییەکانی ئەم لیژنەیە دواکەوت بۆ قۆناغی دوای کۆنگرە، کۆنگرەش چەندین گۆڕانکاری دروست کرد، یەکەمیان ئەوە بوو هەڤاڵ د.سالار عوسمان متمانەی ئەندامانی کۆنگرەی وەرگرت و بووە ئەندامی سەرکردایەتی و دوای ئەویش لە دووبارە رێکخستنەوەی ئۆرگان و بەشەکانی مەکتەبی سیاسی متمانەی سەرۆك بارزانی وەرگرت و شەرەفی سەرپەرشتیکردنی بەشی رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی پێ درا.

دوای ئەم گۆڕانکارییانە بەرپرسی بەشی رۆشنبیری و راگەیاندن، جارێکی دیکە ئەولەویەتی دا بە ئەکتیڤکردنەوەی لیژنەی بازنەی گفتوگۆ و هەندێك گۆڕانکاریشی لە هەیکەلەی لیژنەکە و ئاراستەی بەرێوەبردنی گفتوگۆکاندا کرد، ئەو گۆڕانکارییانەش بریتی بوو لە زیادکردنی ئەندامێکی دیکەی بەش بەرێز (فەرهاد محەمەد) بۆ ناو لیژنەکە و پاشانیش بلاوکردنەوەی بەرهەمی ئەو گفتوگۆیانە وەك راپۆرتێکی رەخنەیی لەسەر لاپەرەکانی گۆڤاری گوڵان کە بە دیزاینێکی تایبەت بلاو بکرێتەوە و، رۆژی ٢٣ی کانوونی دووەم ٢٠٢٣ بۆ یەکەمین کۆبوونەوەی لیژنەی «بازنەی گفتوگۆ» بەرپرسی بەش دیاری کرا و، لەو کۆبوونەوەیەدا بریار درا:

١. گەنج و رەخنە سیاسییەکانی بکرێتە تەوەری یەکەمی گفتوگۆی «بازنەی گفتوگۆ».

٢. بە هەماهەنگی لەگەڵ سەنتەری توێژینەوەی بەشی رۆشنبیری و راگەیاندن راپرسییەك لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر چەندین بواری کێشەکانی گەنج ئەنجام بدرێت و ئاکامی راپرسیەکە لە گفتوگۆکەدا بخرێتە روو، پاشان دیالۆگی لەسەر بکرێت.

٣. ناوی بەشداربووانی بەرێز دیاری کران بۆ ئەوەی لەو گفتوگۆیە ئامادە بن.

٤. رۆژی ٦ی شوبات دیاری کرا کە بە سەرپەرشتی بەرپرسی رۆشنبیری و راگەیاندن گفتوگۆکە بەرێوە بچێت.

بۆ ئەم گفتوگۆیە لەسەر پرسی «گەنج و رەخنە سیاسییەکانی» ئەم بەرێزانە ئامادە بوون:

١. د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢. د.چنار سەعد عەبدوڵلا بەرپرسی بەشی توێژینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان .

٣. عەبدولسەلام مەدەنی بەرێوەبەری گشتیی دەزگای روانگە.

٤. د. بەهات حەسیب قەرەداغی مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین.

٥. کەژان محەمەد ئەندامی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان.

٦. پ.د. سەردار قادر مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین.

٧. پ.د. نەزاکەت حوسێن ئەندامی بەشی رۆشنبیری و راگەیاندن.

٨. شڤان حەمدی ئەندامی بەشی رۆشنبیری و راگەیاندن.

٩. د.جەلال محەمەد بەرپرسی سەنتەری توێژینەوەی بەشی رۆشنبیری و راگەیاندن.

١٠. فەرهاد محەمەد ئەندامی بەشی رۆشنبیری و راگەیاندن.

لەم گفتوگۆیەدا دوای شیکارییەکی ورد بۆ راپرسییەکەی بازنەی گفتوگۆ، بەشداربووان بەمجۆرە را و بۆچوونەکانی خۆیان خستە روو.





### د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# دەبێت دیدگای پێشوومان بۆ بینینی گەنج بگۆڕین و لە ناو گەنجەوە سەیری گەنج و کێشەکانیان بکەین

**د.سالار عوسمان ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە یەکەمین چالاکیی «بازنەی گفتوگۆ» و لە یەکەمین پرس بۆ گەنگەشەکردنی «گەنج و ڕەخنە سیاسییەکانی»، لە دەستپێکی ئەم پەنێڵەدا دوای بەخێرهێنانی ئامادەبووان، بەمجۆرە ئامانجەکانی کردنەوەی «بازنەی گفتوگۆ» و گرنگیی گەنج و داخوازییەکانی لای پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئامادەبووان خستە ڕوو:**

میوانە خۆشەویستەکان زۆر بەخێر بێن، ئەکادیمیست و توانا گەورەکانی کوردستان بە ئامادەبوونتان خۆشحاڵتان کردین. لە سەرەتادا دەمەوێت زۆر بە کورتی چەند سەرە قەڵەمێك باس بکەم:

ئێمە لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیارمان داوە بۆ لەمەودوا هەوڵ و بزاڤە ڕۆشنبیرییەکان بکەین بە بەشێك لە کاری ئەم ئۆرگانە، ئەم بەشەی ئێمە پێش ئەوەی ڕاگەیاندن بێت، ڕۆشنبیرییە، هەموو هەنگاوێکی ڕاگەیاندنیش ئەگەر دیوار و پاڵپشتێکی ڕۆشنبیریی نەبێت، لەوانەیە نەتوانێت زۆر بە باشی لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت.

ئەوجا بۆ ئەوەی ڕۆشنبیری ئەو دیوار و پاڵپشتییە بێت بۆ کارەکانی ڕاگەیاندنمان، ئێمە لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بۆ لەمەودوا هاوشانی تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامەکانمان «بازنەی گفتوگۆ»شمان دەبێت و بۆ لەمەودوا دەبێتە یەکێك لە ئۆرگانەکانی ئەم بەشە و بەردەوام دەبێت و هەموو مانگێك لەسەر پرس و بابەتێکی گرنگ پانتایەکی گرنگ بۆ دیالۆگی هەمەلایەنە دەکاتەوە و، دەخوازم ئامانجی ئەم هەنگاوە بە چەند خاڵێك دیاری بکەم:

١. دیالۆگ و گفتوگۆ بۆ هەر کۆمەڵگەیەك زۆر گرنگ و پێویستە، بەداخەوە ژینگەی دیالۆگی ساغڵەم و سپی و بەرهەمهێن، لە ئێستادا لە کوردستان لە مەترسیدایە و خەڵکانێکی نابەرپرس تا ڕاددەیەکی زۆر میدیا و سۆشیال میدیایان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان قۆرخ کردووە، حزبە سیاسییەکانیش بەداخەوە لەبەر ململانێی سیاسیی خۆیان ناتوان کەشێکی پێویست بۆ دیالۆگی باش فەراهەم بکەن، ئەو کەشی گفتوگۆیەی کە هەموو کۆمەڵگەکان پێویستیان پێیەتی، هەر بۆیە لەم

جەنجاڵییە سیاسییەدا دەنگەدەنگ و ژاوە ژاوێك دروست بووە، كە دەنگ زۆرە، بەڵام گفتوگۆ و لێكتێگەیشتن بوونی نییە. بۆیە دەمانەوێت لەناو ئەم جەنجاڵییەدا پانتاییەك بۆ گفتوگۆ و لێكتێگەیشتن و دۆزینەوەی ڕێگە بۆ چارەسەركردنی كێشەكان دروست بكەین.

٢. هەوڵ دەدەین لە یەك ئاراستەی سیاسییەوە دیالۆگ نەكەین، بەڵكو نوێنەرانی لایەنە سیاسییەكانی دیكەش بە لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆنیشەوە بانگهێشتی ئەڵقەكانی دیكەی «بازنەی گفتوگۆ» دەكەین و، پێكەوە و لە ڕوانگەی سیاسیی جیاوازەوە دیالۆگ دەكەین و خاڵی هاوبەشی لێكتێگەیشتن بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی كێشەكانی كۆمەڵگە دروست دەكەین، ئامانجمان ئەوەیە «بازنەی گفتوگۆ» ببێتە ماڵی هەموو لایەنە كوردستانییەكان، بە لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆنیشەوە.

٣. بەرهەمی ئەم دیالۆگ و لێكتێگەیشتنانەی كە دەبنە ڕێگەچارە بۆ كێشەكان و لە ناو بازنەی گفتوگۆ بەرهەم دێت، وەك ڕاپۆرت لەسەر لاپەڕەكانی گۆڤاری گوڵان بڵاوی دەكەینەوە و، ئومێدمان ئەوەیە ڕاسپاردە و پێشنیارەكان ببنە هاوكارێك بۆ هەموو لایەنە سیاسییەكانی كوردستان و پەرلەمانی حكومەتی هەرێمی كوردستان كە سوودی لێ وەربگرن و بۆ چارەسەركردنی كێشەكان هەڵوێستەی جددی لەسەر بكەن.

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموكراتی كوردستان لێژنەیەكمان پێكهێناوە لە هەڤاڵان «د.نەزاكەت حسێن، شڤان حەمدی، فەرهاد محەمەد» بۆ ئەوەی مانگانە و هەر جارەی لەسەر پرسێكی گرنگ تەوەرێكی گرنگ دیاری بكەن و خەڵكانی پسپۆڕ و ئەكادیمی و سیاسیی بانگهێشت بكەن، بۆ ئەوەی پێكەوە ئەو پرسە گرنگانە تاوتوێ بكەن.

بۆ یەكەم چالاكیی ئەم مانگە، ئێمە بە ڕاوێژ لەگەڵ ئەندامانی بەش و ئەندامانی لێژنەی «بازنەی گفتوگۆ» دوای دەردەشە و گەنگەشەیەكی زۆر پێمان وابوو كە باشترین كار ئەوەیە بە «پرس و خواستەكانی گەنج» دەست پێ بكەین، لە ژێر تایتڵی «گەنج و ڕەخنە سیاسییەكان».

ئومێد دەخوازین كە بۆچوون و پێشنیارەكانتان وەك خۆی بگاتە هەموو لایەنەكانی بڕیاربەدەست لەم نیشتمانەدا، دەمانەوێت كۆمەڵگە خۆی چۆنە، بە هەموو خەمەكانییەوە، گەنج خۆی چۆنە، بە هەموو تووڕەیی و نارەزاییەكانیەوە، ژن بە هەموو گرفت و ئارێشەكانیەوە، ژینگە چۆنە، بە هەموو فەرامۆشییەكانیەوە و.. هتد، هەموو ئەمانە وەك خۆی بخەینە بەردەم ڕای گشتی و بڕیاربەدەستانی ئەم نیشتمانە.

سەبارەت بەم تەوەرەش «گەنج و ڕەخنە سیاسیەكان»ی، ئێمە وەك پارتی دیموكراتی كوردستان كە گەنج ڕەخنە و نارازیبوونی زۆری هەیە و، لە ڕاپۆرتی سیاسیی كۆنگرەی ١٤ زۆر بە ڕوونی باسمان كرد، ڕاپۆرتەكەشمان بڵاو كردووەتەوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوە بوو، دەدان بەو ڕاستییەدا بنێین كە گەنج لەم وڵاتە تووڕە و نارازییە و ئێمەش دەبێت لە هەمبەر ئەم تووڕەیی و نارازیبوونە خۆمان بە بەرپرسیار بزانین و شانی بەرپرسیاریەتی بدەینە بەری.

بەداخەوە ئێمە وەك بنەماڵە و خانەوادە لە چاوی دایك و باوكەوە گەنج دەبینین، وەك حزبی سیاسی بە چاوی حزبی گەنج دەبینین، وەك ڕێكخراوەكان بە چاوی ڕێكخراو گەنج دەبینین، هەر بۆیە بۆ ئەوەی باشتر لە گەنج و خواستەكانی تێبگەین، دەبێت بۆ لای گەنج و قووڵایی ناخی گەنج بگەڕێینەوە، دەبێت منی باوك بگەڕێمەوە بۆ لای كچەكەم و كوڕەكەم و لە ناخی گەنجانەی ئەوانەوە جارێكی دیكە ناخیان بخوێنمەوە. ئێستا پێویستمان بە جۆرێك لە گۆڕینی ئەم هاوكێشە هەیە، دەبێت هاوكێشەیەكی تازە دروست بكەین و لە خۆمان بپرسین: چۆن سەیری ئەم گەنجە دەكەین كە پڕە لە پرسیار و ڕەخنە و پەیمان و ویستی كار؟، بۆیە دەبێت دیگەی پێشوومان بۆ بینینی گەنج لەسەر خانەوادە و حزبی سیاسی و دامەزراوەكانی دەوڵەت بگۆڕین و لە ناو گەنجەوە سەیری گەنج بكەین، بۆ ئەوەی بزانین لە ناو كێشەكانیان چین و چۆن ئەو كێشانەیان بۆ چارەسەر دەكەین.

ئێمە ئەم دیالۆگە دەكەین بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیاری نارەزاییەكانی گەنجان بدەینەوە، بۆ ئەوەی ئەو بیروبۆچوون و هزرە جوانانەی ئێوە لە ڕاپۆرتێكدا بڵاو بكەینەوە.

**ئێمە لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموكراتی كوردستان بڕیارمان داوە بۆ لەمەودوا هەوڵ و بزاڤە ڕۆشنبیرییەكان بكەین بە بەشێك لە كاری ئەم ئۆرگانە**

**بەداخەوە ژینگەی دیالۆگی ساغڵەم و سپی و بەرهەمهێن، لە ئێستادا لە كوردستان لە مەترسیدایە و خەڵكانێكی نابەرپرس تا ڕادەیەكی زۆر میدیا و سۆشیال میدیایان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان قۆرخ كردووە، حزبە سیاسییەكانیش بەداخەوە لەبەر ململانێی سیاسیی خۆیان ناتوان كەشێكی پێویست بۆ دیالۆگی باش فەراهەم بكەن**

**نوێنەرانی لایەنە سیاسییەكانی دیكەش بە لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆنیشەوە بانگهێشتی ئەڵقەكانی دیكەی «بازنەی گفتوگۆ» دەكەین و، پێكەوە و لە ڕوانگەی سیاسیی جیاوازەوە دیالۆگ دەكەین و خاڵی هاوبەشی لێكتێگەیشتن بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی كێشەكانی كۆمەڵگە دروست دەكەین**



ڕاپرسیی «بازنەی گفتوگۆ» لەسەر گەنج و ڕەخنە سیاسییەکانی:

# بەشی زۆری گەنجان ڕەخنەیان هەیە و داوای زیادکردنی هەلی کار دەکەن

بەشی زۆری گەنجان ڕەخنەیان هەیە و داوای زیادکردنی هەلی کار دەکەن.

بۆ ئەوەی ڕەخنە و داخوازییەکانی گەنج لە ناو تەوەری گفتوگۆی «گەنج و ڕەخنە سیاسییەکان» بوونی هەبێت و، بەشداربووانی ئەم گفتوگۆیە لە بەر ڕۆشنایی خواست و داواکاری و نارەزاییەکانی گەنج گەنگەشەی ئەم پرسە بکەن، لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ لیژنەی «بازنەی گفتوگۆ» بڕیاری دا، فۆرمێك بۆ ڕاپرسی لەسەر ئەم پرسە ئامادە بکرێت، کە پرسیاری جۆراوجۆر لە خۆی بگرێت و، پاشان ئەم فۆرمە لە ڕێگەی بەشی «توێژینەوە و ڕاپرسی» لە دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕاپرسییەك ئەنجام بدرێت و لە هەموو ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان دابەش بکرێت، پاشان ئاکامی ئەم ڕاپرسییانە شی بکرێنەوە و لەلایەن هاوکارمان بەڕێز دکتۆر جەلال ئەحمەد سەرۆکی سەنتەری توێژینەوەی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن پێش دەستپێکی




گفتوگۆکان بخرێنە ڕوو،و بەمجۆرە شیکردنەوە لەسەر ئاکامی ڕاپرسییەکە پێشکەشی بازنەی گفتوگۆ کرا:

«لەبەر ئەوەی لە ڕۆژی ٢٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ لیژنەی بازنەی گفتوگۆ ئێمەیان ئاگادار کردەوە و دەبوو لە ماوەی یەك هەفتەدا ئەنجام بدرێت، بۆیە کاتەکەی بەردەممان کەم بوو و نەمانتوانی وەك پێویست پرسیارەکان تاوتوێ بکەین و زیاتر دەوڵەمەندی بکەین، بەڵام وێڕای ئەوەش توانیمان فۆرمەکان بە ڕێگەی ئۆنلاین بگەیەنینە هەر چوار پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە و دهۆك)، هەروەها توانرا بگەیەنرێتە ئیدارە سەربەخۆکانیش (زاخۆ، ڕاپەڕین، سۆران و گەرمیان).

لە ڕاپرسییەکەدا ٥١٧ گەنج بەشدارییان کردووە کە تەمەنیان لە نێوان ١٨-٣٥ ساڵن، ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە ئەوەیە کە ڕێژەی بەشداریی هەر دوو ڕەگەز ( ٤٩٪ مێ و ٥١٪ ) بووە و ئاستی بژێویی بەشداربووانیش بریتی بووە لە (باش ٥٠٪، ٣٨٪ مامناوەندی، ٥٪ خراپ، ٦٪ زۆر باش، ٠,٤٪ زۆر خراپ)، لەسەر ئاستی دابەشبوونی بەشداربووانیش بە سەر پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان ڕێژەکە بەمجۆرە بووە:

١. پارێزگای سلێمانی ٢٨ ٪
٢. پارێزگای هەولێر ٣١٪
٣. پارێزگای دهۆك و ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ ١٥٪
٤. ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان و چەمچەماڵ ١٠٪
٥. پارێزگای هەڵەبجە ٦٪
٦. ئیدارەی سەربەخۆی سۆران ٥٪
٧. ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین ٤٪

لە ڕووی باری خێزانییەوە، ئەو گەنجانەی بەشدارییان کردووە ٦٧٪یان ژیانی هاوسەرییان

پێکنەهێناوە، ٣٠٪یان هاوسەرگیرییان کردووە، ١٪ جیابوونەتەوە.

بە ڕەچاوکردنی ڕێژەی بەشداربووان و چۆنیەتی دابەشبوونیان بە سەر ڕەگەز و باری خێزان و ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان و بە بەراوردکردنی لەگەڵ ستانداری جیهانی لە ڕووی زانستییەوە بە ٣٨٤ بەشداربوو دانراوە، کەواتە دەتوانین بڵێین تا ڕاددەیەکی باش ئاکامی ئەم ڕاپرسییە وێنای ڕەخنە و خواستەکانی توێژی گەنجان لە کوردستان دەکات.

**• بەشێك لەو پرسیارانەی لە ڕاپرسیەکەدا ئاراستەی گەنجانی بەشداربوو کراوە:**

**١. ئایا گەنج ڕەخنەی لە سیاسەت و حزبە سیاسییەکان هەیە؟**

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ڕێژەیەکی بەرزی بەشداربووان نزیکەی ٩٠٪ تووڕە و بێزارن لەو فەوزا سیاسییە لە کوردستان هەیە، لە بەر ئەوەی ململانێی ناجۆری حزبە سیاسیەکانیش هۆکاری ئەو فەوزایەن و فەوزاکەش بووەتە هۆکاری ناسەقامگیریی دەروونی و بێ ئومێدی، بۆیە بە ڕێژەیەکی بەرزیش ڕەخنەیان لە هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان هەیە.

**٢. ئایا گەنج ڕەخنەی لە ئەدای حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان هەیە؟**

لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا گەنجان بە ڕێژەی نزیکەی ٨٠٪ ڕەخنەیان لە ئەدای حوکمڕانی هەیە و کۆی ڕەخنەکانیشیان پەیوەستە بە قەیرانی دارایی هەرێم بە هۆی نەناردنی پشکی کوردستان لەلایەن وەزارەتی دارایی عێراقەوە لە دوای ساڵی ٢٠١٤ ئەمەش هۆکاری سەرەکییە کە ڕەخنە و خواستی گەنجەکان بەمجۆرە ڕەنگی داوەتەوە: ڕێژەی ٥٠٪ نەبوونی هەلی کار وەك پێویست، ٣٠٪ نەبوونی هاندان، ١٤٪ نەبوونی پێشینەی هاوسەرگیری و نیشتەجێ، ٢١٪ نەبوونی قەرزی پاڵپشتی بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی تایبەت، ٣٠٪ قەیرانی دارایی، ٤٧٪ گوێ لە داخوازی گەنجان ناگیرێت»، ئەم ڕێژیانە بەرەنجامی ئەو پرسیارەن کە چەندین لقی لە خۆی گرتووە، بۆیە هەندێك لەگەنجان چەند بژاردەیەکیان هەڵبژاردووە، بۆیە ڕێژەکان جیاواز دەردەکەون و کە کۆیان دەکەینەوە لە ١٠٠٪ زیاترن.

**٣. ئایا گەنجان دەتوانن بە ئازادی ڕەخنە بگرن؟**

بەشی هەرە زۆری بەشداربووان هۆیەکانی سۆشیال میدیایان بە باشترین هۆکار داناوە بۆ ئەوەی گەنج ڕەخنەکانی خۆی تێدا بڵاو بکاتەوە و ٥٧٪ دەڵێن لە هەرێمی کوردستان ئازادیی ڕادەربڕین هەیە و دەتوانین ڕەخنە بگرین و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش وەك ئەزموونێك بە ڕووی جیهان کراوەتەوە و ڕێز لە ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان دەگرێت.

**٤. نیازی داهاتووی گەنج چییە و بە نیازە چی بکات؟**

ئاکامی ڕاپرسییەکە ئەوەمان پێ دەڵێت: گەنج لە حاڵەتێکی دەروونیی ناسەقامگیر و شڵەژاودایە، هەر بۆیە ئەوانەی بەنیازن لە داهاتوو هاوسەرگیری بکەن، ڕێژەیان تەنیا ٩,١٪ ـە و ٥٠٪ دەیەوێت هەلی کاری دەست بکەوێت ، ١٣٪ دەیەوێت کۆچ بکات، ٥٪ دەیانەوێت هەم هاوسەرگیری بکەن و هەم هەلی کاریشیان دەست بکەوێت، تەنیا ٩٪ خواستی ئەوەیان هەیە لە داهاتوودا تێکەڵاوی کاری سیاسی ببن.



جەلال ئەحمەد سەرۆکی سەنتەری توێژینەوەی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن

**٥. ئەو هۆکارانە چین کە گەنج ناتوانێت ڕەخنە بگرێت؟**

ڕێژەیەکی بەرچاو کە دەکاتە ٣١٪ی بەشداربووی ئەم ڕاپرسییە پێیان وایە «ڕەخنەگرتن سوودی نییە و دەسەڵات و حزبە سیاسییەکان بایەخی پێ نادەن و گوێی لێ ناگرن»، بەشێکی کە ڕێژەکەی زۆر کەمە و تەنیا ٥٪ دەترسن لەوەی سەرکوت بکرێن، بەشێکی ڕێژەکەی بەرزە و دەکاتە ٤٢٪ دەترسن ڕەخنەگرتن دەرفەتی هەلی کاریان لەدەست بدات و کاریان دەست نەکەوێت.

لەبەر ڕۆشنایی ئاکامەکانی ئەم ڕاپرسییە بەڕێزانی بەشدار لە ئەلقەی یەکەمی بازنەی گفتوگۆ بەمجۆرە ڕاوبۆچوون و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خۆیان خستە ڕوو.





## د. چنار سەعد عەبدوڵڵا بەرپرسی بەشی دیراساتی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# ئاکامی ڕاپرسییەکان پێمان دەڵێت گەنج لێمان ڕازی نین و دەبێت بەرنامە و پلانمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان هەبێت

**د.چنار سەعد عەبدوڵڵا ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی بەشی دیراساتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەمجۆرە ڕاوبۆچوون و ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی گەنج و فەراهەمکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی خستە ڕوو.**

سوپاس بۆ بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەو ساتەی خەریکە دیالۆگ و گفتوگۆ تووشی قەیران دەبێت، هەستاوە بە دروستکردنی «بازنەی گفتوگۆ» بۆ ئەوەی پانتاییەك بۆ دیالۆگ و گفتوگۆ فەراهەم بکات. ڕاستە لە کوردستان کێشە زۆرە، بەڵام ئەگەر بتوانین بوێرانە گفتوگۆ بکەین، دەتوانین خاڵی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بدۆزینەوە.

لێرەوە ئەگەر لەسەر ئاکامی ئەم ڕاپرسییە قسە بکەم، پێشەکی زۆر دەستخۆشیتان لێ دەکەم، لەبەر ئەوەی زۆر بە بوێرانە ئەنجام دراوە و کۆمەڵێك پرسیاری زۆر گەوهەری و گرنگ ورووژێنراون، هەر بۆیە منیش وەك پاڵپشتییەك بۆ ئاکامەکانی ئەو ڕاپرسییە دەخوازم کۆمەڵێك ئامارتان پێشکەش بکەم.

بەداخەوە ئێمە لە وڵاتێکین زۆر زەحمەتە بتوانین ئاماری دروست بەدەست بهێنێین، بەڵام هەوڵم دا هەندێك ئامار کۆ بکەمەوە و ئامارەکانیش بەمجۆرەن:

- بەپێی داتای دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ڕێژەی گەنج لە کوردستان ٣٩,٥٪ پێکدەهێنن، ئەم داتایە جێگەی دڵخۆشییە کە پێمان دەڵێت کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی گەنجە.

- لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٤-٢٠٢١ ژمارەی ئەو قوتابیانەی تەنیا لە پەیمانگا و زانکۆ حکوومییەکان خوێندنیان تەواو کردووە، ژمارەیان ٩١٦٢٣٩ بووە، کە ئەم ژمارەیە ئەوەمان پێ دەڵێت، نزیکەی یەك ملیۆن گەنجی دەرچووی زانکۆمان هەیە، ئەگەر لەسەر ئەم ژمارەیە گریمانەی ئەوە بکەین کە ٥٠٪ یان لە کەرتی تایبەت هەلی کاریان دەستکەوتووە، ئەوا مانای ئەوەیە لانیکەم ٥٠٠ هەزار گەنجی دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانمان بێکارن.

- بەپێی داتاکانی ڕاپرسییەکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ٣٠٪ی گەنجەکانی کوردستان خواستی ئەوەیان هەیە کۆچ بکەن و کوردستان

بەجێ بهێڵن و بەشی زۆریشیان دەیانەوێت نەگەڕێنەوە و لە وڵاتێکی دیکە نیشتەجێ بن.

- بەپێی ئامارێك کە لە ساڵی ٢٠٢١ بڵاو کراوەتەوە، ڕێژەی بێکاری لە عێراقدا ١٤،٢٪ ـە، ئامارێکی دی دەڵێت ڕێژەکە لە هەڵکشاندایە و نزیك بووەتەوە لە ٢٧٪، لە هەرێمی کوردستانیش بەپێی ئامارێك ڕێژەی بێکاری ١٦٪ بووە، ئەم ئامارەش لەبەر کۆمەڵێك تەنگژەی یەك لە دوای یەك و قەیرانی دارایی ڕەنگە ئەم ڕێژەیەش زیاتر هەڵکشابێت.

- بەپێی ئاماری دەستەی ئامار و ڕاپرسییەکانی هەرێمی کوردستان ڕێژەی هەژاری لە پارێزگای سلێمانی ٤،٥٪، هەولێر ٦،٧٪، دهۆك ٨،٥٪ ـە، لەم ئامارەوە تێدەگەین کە ڕێژەی هەژاری لە پارێزگای دهۆك لە پارێزگاکانی دیکە بەرزترە.

لێرەوە ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم داتایانە بمانەوێت ناخی نارەزایی و ڕەخنەی گەنجەکانمان بخوێنینەوە، ئەوا ئەم ژمارانە پێمان دەڵێن: گەنجی ئێمە لە دۆخێکی دەروونیی شپرزەدا دەژی، کۆمەڵێك ئومێد و چاوەڕوانیی هەیە، خوێندنی تەواو کردووە و چاوەڕێی ئەوەیە هەلی کاری دەست بکەوێت، کە سادەترین مافە بۆ ئەوەی کار بکات، چاوەڕێی ئەوەیە داهاتی باش بێت و خێزان پێکبهێنێت و شوێنێکی نیشتەجێی هەبێت، تێیدا بژی، بۆیە کاتێك ناتوانێت ئەم ئومێد و چاوەڕوانییانەی بۆ بێتەدی، ئەوا زۆر ئاساییە لە هەموو ڕاپرسییەکاندا ڕەخنەی گەنجان زۆر ڕادیکاڵ و توند بن.

ئەوەی شایەنی ئەوەیە هەڵوەستەی جددی لەسەر بکەین، ئەوەیە حزبە سیاسییەکان خۆیان لە بەرپرسیاریەتیی ئەم کێشە گەورەیە هێناوەتە دەرەوە و تەنانەت ئەو لایەنانەشی لە حکومەتدا بەشداریی ڕاستەقینە و سەرەکیشیان هەیە، گوتاری سیاسیان بەو جۆرەیە کە ئەوان لەو دۆخە بەرپرسیار نین، بۆیە لێرەدا گرنگە پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە ئێستاوە خۆی بۆ ئەوە ئامادەبکات کە چارەسەرکردنی پرسی گەنج بکاتە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بیکاتە ئەولەوییەتی بەرنامەی ئەو هەڵبژاردنەی کە بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانی کوردستان و کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت.

لە دوماهی ئەم گفتوگۆیە و لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەموو بیربۆچوونانە خرانەڕوو، بۆ ئەوەی ئاکامێکی باش بەرهەم بهێنێن، ئەوا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە گەنج سەرمایەیەکی مرۆیی زۆر گرنگ و داینەمۆ و داینامیکی جووڵەپێکەری کۆمەڵگەکەمانە لە ڕووی سیاسی و ئابوری و هێزی کار ..هتد، ئاکامی ڕاپرسییەکەش ئەوەی پێی گوتین کە گەنجی کوردستان لێمان نارازین و گرفتی سەرەکییشیان بێکارییە، ئەم تێڕوانینەش لەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بەشداربووانی ڕاپرسییەکە بەشی زۆریان ئاماژەیان بەوە کردووە کە بارودۆخی دارایی و ئابووریان لە نێوان باش و مام ناوەندە، بەشێکی زۆر کەم دەڵێت خراپە، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە هەژاری حاڵەتێکە و بێکاری حاڵەتێکی دیکە، بۆیە کە دێینە سەر بێکاری بەشی زۆریان کێشەیان بێکارییە.

هاوشان لەگەڵ چارەسەری گرفتی کار، زۆر گرنگە زەمینەیەکی لەبارتر بۆ بەشداریی گەنجان لە پرۆسەی سیاسی و لە کاری سیاسی فەراهەم بکرێت، چونکە هەتا ئەگەر بتوانین دەرفەتی هەلی کاریش بۆ گەنجان دابین بکەین، بەڵام ئەگەر نەتوانین ژینگەیەك فەراهەم بکەین، گەنج خۆی لە ناو کایەی سیاسی و ئیداری و حوکمڕانی ببینێتەوە، ئەوا هەست بە بوونی خۆی ناکات.

دوا پەیامی ئەم دیالۆگە ئەوەیە ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین، کە بەهای تازە سەرهەڵدەدەن، هەر بۆیە وەك دکتۆر سەردار ئاماژەی پێ کرد، کاتێك دامەزراوەکانی دەوڵەت ڕەنگدانەوەی ئەو بەهایانە نەبێت و بە یاسا ئەو بەهایانە نەپارێزرێت، ئەوا بەها کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان کاڵ دەبنەوە، ئەوەش جۆرێك لە سەرگەردانی و نائومێدی لەناو کۆمەڵگە دروست دەکات و، نائومێدی و ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتی زیاتر دەکات، ئەمەش دەبێتە ژینگەیەکی تەندروست بۆ زیادبوونی تاوان و زیادبوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، هەر بۆیە گرنگە هەوڵەکان بۆ ئەوە بێت، دامەزراوە مەدەنییەکانی کارگێڕیی وڵاتی خۆمان بەهێزتر بکەین بۆ ئەوەی ئەو بەهایانەی لەو دامەزراوانە بەرجەستە دەبن و دەپارێزرێن ببنە جێگرەوەی بەها کلاسیکییەکان و کاڵ نەبنەوە.

**ڕێژەی گەنج لە کوردستان ٣٩،٥٪ پێکدەهێنن، ئەم داتایە جێگەی دڵخۆشییە کە پێمان دەڵێت کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی گەنجە**

**٣٠٪ی گەنجەکانی کوردستان خواستی ئەوەیان هەیە کۆچ بکەن و کوردستان بەجێ بهێڵن**

**گرنگە پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە ئێستاوە خۆی بۆ ئەوە ئامادەبکات کە چارەسەرکردنی پرسی گەنج بکاتە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بیکاتە ئەولەوییەتی بەرنامەی ئەو هەڵبژاردنەی کە بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانی کوردستان و کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت**

**ئەگەر نەتوانین ژینگەیەك فەراهەم بکەین، گەنج خۆی لە ناو کایەی سیاسی و ئیداری و حوکمڕانی ببینێتەوە، ئەوا هەست بە بوونی خۆی ناکات**



عەبدولسەلام مەدەنی بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای ڕوانگە بۆ پرسی گەنج:

# دەبێت بزوێنەری وا لە ناو کۆمەڵگە دروست بکرێت کە گەنج هەست بکات دەنگی بیستراوە



**عەبدولسەلام مەدەنی بەڕێوەبەری گشتیی «دەزگای ڕوانگە»یە کە دەزگایەکە بایەخ بە پرسی گەنج و داهێنەکانیان دەدات، هەروەها خۆیشی چالاك و توێژەرە لە بواری کێشەی گەنجان و ڕێکخەری کۆڕ و کۆڕبەندەکانە لەسەر پرسی هاندانی گەنجان و ڕێزگرتن لە داهێنانەکانیان، بەمجۆرەش لەسەر پرسی گەنج بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو:**

زۆر خۆشحاڵم کە ئەم پرسە گرنگەی کێشەی گەنجان بە بایەخەوە وروژاندووتانە، ئاکامی ڕاپرسییەکە ئەوەمان پێ دەڵێت کە کێشەکانی گەنج گەیشتوونەتە ئاستێکی نائاسایی و دەبێت بە جددی هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و دەسەڵاتی سیاسی و بڕیاربەدەست ڕێوشوێنی جددی بۆ بگرنە بەر.

سەبارەت بە ڕاپرسییەکە هاوڕام لەگەڵ ئاکامەکانی، بەڵام باشتر دەبوو کە هەر یەك بەشداربوو بەرانبەر ١٠٠٠ بوایە، ئەو کات لەوانەیە ئاکامەکانی وردتر بوایە و هەروەها ئەنجامدانی ڕاپرسی بە ڕێگەی گۆگل فۆرم «Google Forms» ناتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت و لەوانەیە یەکێك بیەوێت، دەتوانێت ئاکامەکەی بگۆڕێت.

ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ڕاپۆرتێکی هەیە لە ساڵی ٢٠٢٢ هەندێك لەو ئامار و داتایانەی د. چنار ئاماژەی پێ کردن، لەویشدا هاتووە، هەروەها دامەزراوەی مێریی ڕاپۆرتێکی هەیە باس لە پرسی بێهیوایی گەنجان دەکات، ئێمەش وەك ڕێکخراوی ڕوانگە بەشێکی زۆر لەو داتا و ئامارانەمان لایە و کۆڕبەندێکمان لەسەر پرسی لاوان کرد، هەندێك لەو ئامارانەیان پێدایـن کە گوزارشت لە باوردۆخی لاوان دەکات. وەك بەرنامەی ڕوانگە بەنیاز بووین کۆڕبەندێك لەسەر پرسی بێکاری لاوان ئەنجام بدەین و بیکەینە نەریتێکی ساڵانە، بەڵام خەڵکانێك پێیان گوتین دەبێت بەدواداچوون بۆ پێشنیار و ڕاسپاردەکان بکەن، بۆیە ساڵی ڕابردوو کۆڕبەندەکەمان بە دواداچوون بوو بۆ دەرەنجامەکان و بەنیازین ئەمساڵ کۆڕبەندێك لەسەر پرسی پەروەردەیی گرێ بدەین.

سەبارەت بە ڕەخنەگرتنی گەنجان لە پارتە سیاسییەکان بەگشتی و ڕەخنەگرتن لە پارتی دیموکراتی کوردستان، بەشێکی من بە دیاردەیەکی ئەرێنی دەبینم، لەبەر ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان شانی داوەتە بەر بەرپرسیاریەتی و خۆی لەبەر پرسیاریەتی نەشاردووەتەوە. دەبێت پارتی دیموکراتی کوردستان بەرپرسیاریەتییەکە هەڵبگرێت، هەر بۆیە کاتێك گەنجان بۆ پرسەکانیان ڕەخنەکانی خۆیان ئاراستەی پارتی دەکەن، ئەوا ئەوان پارتی

وەك بەرپرسیار سەیر دەكەن و بە خاوەنی بڕیاری دەزانن، ئەم حاڵەتە نەك هەر لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان، بەڵكو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش واقیعە. بەڵام ئایا كادیرانی پارتی بە ئاستی گەورەیی ئەو بەرپرسیارێتییە كاری خۆیان دەكەن، ئەوەیان مەسەلەیەكی دیكەیە.

بۆیە پوختەی ئاكامی ڕاپرسییەكە ئەوەمان پێ دەڵێت:

١. بێكاری و دۆزینەوەی هەلی كار گرفتی یەكەمە.

٢. نەبوونی دادپەروەریی كە گەنج هەست دەكات دادپەروەری نییە.

٣. نەبوونی متمانە بە ئێستا و بە ئاینده لای گەنج.

٤. پێویستە كەناڵی پەیوەندیكردن لەگەڵ گەنج و گوێگرتن لە ڕەخنە و پێشنیارەكانیان هەبێت.

بە هەرحاڵ گرفتەكان زۆرن و بارودۆخەكەش زۆر هەستیارە و دەبێت بە هەند وەربگیرێت. فرانسیس فۆكۆیاما لە سیمینارێكدا بینیم لەسەر پرسی حوكمڕانی قسەمان كرد، لەوێ پێی گوتم: «ماوەی ٥٠ ساڵە متمانەی خەڵك بە حوكمڕانی كەم دەبێتەوە و ئێستا لە جیهاندا حوكمڕانی لە قەیراندایە»، هەر ئەم بێ متمانەییەش وای كردووە، كاتێك سەرۆكێكی تازە لە هەڵبژاردن دەردەچێت، یان حزبێك كەسێك كاندید دەكات بۆ ئەوەی حكومەت پێك بهێنێت، خەڵكەكە چاوەڕێی ئەوە دەكات ئەو سەرۆكە، یان ئەو سەرۆك حكومەتە لە ماوەی ١٠٠ ڕۆژدا چی بۆ دەكات و چەند خزمەتگوزاری پێشكەش دەكات، لەمە مەبەستم ئەوەیە حوكمڕانی پرۆسێسێكی قورسە و دەبێت لە ئاست چاوەڕوانییەكانی خەڵكدا بێت.

سەبارەت بە كەناڵی پەیوەندی و گوێگرتن لە ڕەخنەی گەنجەكان لەسەر خۆپیشاندانەكانی كوردستان وتارێكم بۆ ڕووداو نووسی بە پشتبەستن بە تیۆری ناج «nudge theory» كە نووسەرەكەی پسپۆڕە لە هەر دوو بواری ئابووری و دەروونی و لە ٢٠١٧ خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە، لەو كتێبەدا باس لە كۆمەڵێك بڕیار دەكات، كە بۆ پرسە كۆمەڵایەتییەكان دەردەچێت، لەبەر ڕۆشنایی ئەم تیۆرە كە سەیری خۆپیشاندانەكانی كوردستان دەكەین، دەبینین بەشێك لە هۆكارەكەی نەبوونی كەناڵی پەیوەندی و كەناڵی گوێگرتنە لە خواست و ڕەخنەی گەنجان، كە ئەم كەناڵە گفتوگۆی دوولایەنە لە نێوان حكومەت و گەنج دروست دەكات، گرنگە ئەم كەناڵی پەیوەندیكردنە وەك هێڵێكی گەرم لە نێوان گەنج و حكومەت بوونی هەبێت، بۆ ئەوەی حكومەت ببێتە حكومەتی وەڵامدەرەوە «Responsive Government»ی ڕەخنە و داواكاریی خەڵك، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر كەسێك كێشەیەكی هەبێت، دەبێت لایەنێك هەبێت، گوێی لێ بگرێت، لانی كەم با پێی بڵێت «نەخێر ناكرێت، لەبەر ئەم هۆكارانە»، بەڵام گرنگە وەڵامدانەوە هەبێت، ئەگەر ئەمە نەبوو، بۆ خۆم هەر قسە دەكەم، دواتر تووڕە دەبم، پاشان لە منداڵەكانی خۆم دەدەم، دواتر دەچمە سەر شەقام، یان پەنا بۆ كارێكی خراپ دەبەم، چۆن ئێستا دەبینین خەریكە حاڵەتی خۆكوشتن لە سەرانسەری عێراقدا دەبێتە دیاردە و مانگانە دەگاتە ١٠٠ حاڵەت. هەروەها دیاردەی بارزگانی و بەكارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە زیادبووندایە، دیاردەی جیابوونەوەی خێزان بۆ ئەو ژن و مێردانەی تەمەنیان لە ٢٠ كەمترە ڕۆژانە لە عێراقدا ٢٠٠ حاڵەتە.

لێرەوە ئەگەر لەسەر ئەم ژمارانە هەڵوەستە بكەین و بمانەوێت ڕێگە چارەیەك دەستنیشان بكەین، بە ڕاستی ژینگە گەورەكە زۆر لەمە گەورەترە و نازانم چۆن باسی بكەین، بەڵام ناسەقامگیری بە هۆی ململانێی ناتەندروستی نێوان دوو پارتی سەرەكی كێشەیەكی گەورەی دروست كردووە.

ئەگەر لەسەر ئاستی سیاسی بێینە سەر ئاستی شێوازی بەڕێوەبردنی حوكمڕانی، گرنگە دەستەبژێری سیاسیی ئێمە پێناسەی واقیعی سیاسەتی ئابووریی كوردستان بكەنەوە، بۆ ئەوەی پێمان بڵێن ئایا ئێمە ئابوورییەكی ڕەیعی پشتبەستوو بە نەوتین، یان دەمانەوێت ببینە ئابوورییەكی فرەسەرچاوەی داهاتی گەشتیاری و كشتوكاڵی و پیشەسازی. ڕەنگە بە قسە بوترێت، بەڵام بە بزوێنەری حوكمڕانی و ئابووری و كۆمەڵایەتی زۆر بە كردار نەبینیوە.

لە دوماهیدا دەڵێم من خەفەتم دەخوارد ئەگەر نەمانتوانیایە هەست بەم كێشانە بكەین، بەڵام ئەوەندەی لە كۆڕ و كۆڕبەندەكان و دیدارە تەلەفزیۆنییەكان كە لەسەر پرسی گەنجان ڕێك دەخرێن، ورد دەبمەوە، دەبینم هزر و بۆچوونی زۆر باش بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشانە دەخرێنە ڕوو، دەبێ قسەكان ببنە پلان، جێبەجێ بكرێن و خەڵك ئاگادار بكرێن بە باش و بە خراپییەوە. ئەگەر هەمەوو قسەكانی خۆم كورت بكەمەوە لە یەك دێڕدا و وەك دەستپێكی هەر ڕیفۆرمێك و تەنیا ٣٠ چركەم هەبێت، لەگەڵ بڕیاربەدەستێكی ئەم وڵاتە پێی دەڵێم: بزوێنەری وا لە ناو كۆمەڵگە دروست بكەن كە گەنج هەست بكات دەنگی بیستراوە.

**ئاكامی ڕاپرسییەكە ئەوەمان پێ دەڵێت كە كێشەكانی گەنج گەیشتوونەتە ئاستێكی نائاسایی و دەبێت بە جدی هەڵوێستەی لەسەر بكرێت**

**پارتی دیموكراتی كوردستان شانی داوەتە بەر بەرپرسیارێتی و خۆی لەبەر پرسیارێتی نەشاردووەتەوە**

**كە سەیری خۆپیشاندانەكانی كوردستان دەكەین، دەبینین بەشێك لە هۆكارەكەی نەبوونی كەناڵی پەیوەندی و كەناڵی گوێگرتنە لە خواست و ڕەخنەی گەنجان، كە ئەم كەناڵە گفتوگۆی دوولایەنە لە نێوان حكومەت و گەنج دروست دەكات**

**ئەوەندەی لە كۆڕ و كۆڕبەندەكان و دیدارە تەلەفزیۆنییەكان كە لەسەر پرسی گەنجان ڕێك دەخرێن، ورد دەبمەوە، دەبینم هزر و بۆچوونی زۆر باش بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشانە دەخرێنە ڕوو**





### د. بەهات حەسیب قەرەداغی مامۆستای ڕاگەیاندن لە زانکۆی سەلاحەدین:

# گوێنەگرتن لە ڕەخنە و ناڕەزایی گەنجان شڵەژانی دەروونی دروست دەکات و ڕەنگدانەوەی خۆی لە کۆمەڵگە نابینێت

**د.بەهات حەسیب قەرەداغیی جیا لەوەی مامۆستای زانکۆیە، توێژەر و ڕۆژنامەنووسە و لە هەمانکاتدا تێزی دکتۆراکەی لەسەر هۆیەکانی ڕاگەیاندنی هاوچەرخە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش دەگرێتەوە، هەروەها بە حوکمی پیشەکەی بەردەوام لەگەڵ گەنج و لەناو کێشەکانی گەنجدایە، بەمجۆرەش ڕاو بۆچوونەکانی لە بازنەی گفتوگۆدا خستنە ڕوو:**

خاتوو د.چنار و کاك عەبدولسەلام مەدەنی بە ڕا و بۆچوونەکانیان ئەرکی منیان سووك کرد و بەرچاوڕوونییەکی زۆریان پێ بەخشین، بەڵام تێبینییەکی بچکۆلەم لەسەر ئەو «ڕاپێوییە» هەیە، پێموایە وشەی «ڕاپرسی» بگۆڕدرێت بۆ «ڕاپێوی»، لەبەر ئەوەی، ئەوەی کراوە سێرڤەیە و ڕای گەنجان دەربارەی چەندین پرس وەرگیراوە. پاشان ئەو ڕایانەی ناو ئەو پرۆسەیە کراون بە پێوەر بۆ ئاشنابوون بە کێشە سەرەکییەکە و دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆیان.

تێبینییەکی دیکەشم هەبوو لەسەر ناونیشانی ڕاپێوییەکە « گەنج و ڕەخنە سیاسیەکان»، لەبەر ئەوەی ئەوەی لە ڕاپێوییەکە گوێبیستی بووین، هەستم کرد زیاتر ناڕازیبوونە تا ڕەخنە، ئاشکراشە کە هەموو کۆمەڵناسێك دەزانێت «ناڕازی و ڕەخنە» دوو شتی لە یەکتری جیاوازن، بۆیە ئەوەی گەنجان «ناڕازیبوونە، نەك ڕەخنە»، چونکە ئەگەر ڕەخنە بوایە ئەوەندە توند نەدەبوو، کاتێك ئاستی پەڕگیریی ٪٩٠ تێدەپەڕێنێت، ئیدی پێی ناگوترێت ڕەخنە و دەبێتە ناڕەزایی و تووڕەیی. بۆیە ئێمە دەبێت وەك ناڕەزایی گەنجان مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە بکەین.

هەروەها پرسیارێکی دیکە کە پێویست بوو لە ڕاپێوییەکە هەبوایە، ئەوەیە کە دەبوو بپرسن: ئایا گەنجان چۆن ڕەخنە و ناڕەزایەتییەکانیان دەردەبڕن؟» بە بۆچوونی من وەڵامەکانی ئەم پرسیارە بەرچاوڕوونیی زیاتری دەداینێ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە تۆ سەرەنجام مامەڵە لەگەڵ «ژمارە» ناکەیت، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ «کار و کاردانەوە» دەکەیت. ئایا لە کاردانەوەکانی ناڕەزاییدا گەنجان دێنە سەر شەقام و خۆپیشاندان دەکەن، یان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕەخنە و ناڕەزایەتییەکانی خۆیان دەردەبڕن؟

بە هەر حاڵ داتا و ئامارەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە ڕەخنە و ناڕەزایی گەنجەکان لە بارودۆخی سیاسی و ئەو پارتە سیاسییانەیە کە لە حکومەت بەشدارن و لە ناویشیاندا پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمەش شتێکی زۆر ئاساییە و دەکرێت بڵێم دیاردەیەکی جیهانییە کە حزب لە دەسەڵاتدا بوو، یان جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵات لای حزبێك بێت، حەتمەن ڕەخنەکانیش زیاتر ڕووبەڕووی ئەو حزبە دەبنەوە.

بەشی دووهەمی ئەم ڕەخنە و ناڕەزاییانەی گەنجان، لەو حزبانەشە کە لە دەسەڵاتیشدا نین، بۆیە ئەم حاڵەتە ئەو پرسیارە دروست دەکات: ئایا ئەنجامەکانی ئەم ڕاپێوییە ڕەنگدانەوەیەکی کتومتی واقیعی کوردستانە، یان بە دیوێکدا کاردانەوەیە لە ژێر کاریگەریی میدیا و سۆشیال میدیادا، کە میدیای پۆپۆلیستی و سۆشیال میدیا ژینگەیەکی جەنجاڵی ئەوتۆی دروست کردووە، ئەگەر کەسێك بەو جۆرە ڕەفتار نەکات، خۆی بە نامۆ دەزانێت و دەبێتە نیشان بۆ تیروتوانجی دەوروبەر.

ڕەخنەیەکی دیکە لەسەر ڕاپێویی ئۆنلاین ئەوەیە کە تۆ نازانیت کێ تەحەکوم بەو ڕاپێوییەوە دەکات، بێگومان هەموون دەزانین حزبی وا هەیە بە سەدان و هەزاران پەیجی بێ دایك و باوکی هەیە و چۆن بیەوێت لە فەزای سایبەردا ئاکامەکەی بۆ بەرژەوەندیی خۆی دەبات.

لێرەوە ئەگەر بێینە سەر کاریگەرییە نەرێنییەکانی سۆشیال میدیا، دڵنیام مامۆستایانی زانکۆ زۆر باش دەزانن ئالوودەبوون بەم سۆشیال میدیایەوە چ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر ئاکار و مەزاج و هەست و دەروونی گەنج هەیە، سەرنج بدەن، بەشێکی زۆری گەنجەکان هەتا ٤-٥ی بەیانی لەناو سۆشیال میدیادان و دەبێت بەیانیش سەعات هەشت و نیو بێتە ناو هۆڵی وانە لە زانکۆ. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: بەم مەزاجەوە چۆن دەتوانێت گوێ بۆ موحازەرە بگرێت، بەتایبەتی کە هەندێکیان هەر کە دێنە ژوورەوە باوێشك دەدەن.

لایەنێکی دیکە بابەتی زانکۆ و بازاڕی کارە، بە شێوەیەکی گشتی ئەم پەیوەندییە بە ڕاستی کارەساتە و هەر شەخسی خۆم پێش ١٠-١٢ ساڵ هەوڵم داوە لەم مەترسییە ئاگاداریان بکەمەوە، بەڵام گوێت لێ ناگرن و هەوڵێك نییە بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە ڕێك بخاتەوە و هەلی کار بۆ دەرچووانی زانکۆ دابین بکرێت. سەبارەت بە زانکۆکان بە هەر دوو بەشی (زانستی سرووشتی و زانستی مرۆیی) بە ڕاستی بە فەلسەفەیەك کاردەکەن، کە هی ئەم سەردەمە نییە، واتە دیدگە و تێگەیشتنێکی زانستییان بۆ داهاتوو نییە، مەگەر تەنیا زانکۆی کوردستان هەولێر، کە یەکێك لە زانکۆ سەرکەوتووەکانی کوردستانە کە هەتا ئێستا بە دەیان خول قوتابیانی دەرچووی خستووەتە بازاڕەوە و یەك دەرچووی زانکۆی کوردستان نییە لە بازاڕی کاردا کاری دەست نەکەوتبێت.

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە هۆکاری سەرەکیی ناڕەزایی و تووڕەیی گەنجان، گوێنەگرتنە بۆ ڕەخنە و ناڕەزاییەکانیان، ئەمەش بارێکی شڵەژاوی سایکۆلۆژی لای گەنجەکان دروست کردووە، ئەگەر سەردانی دادگاکانی کوردستان بکەین، دەبینین بەشی هەرە زۆری هۆکاری جیابوونەوەی ژن و مێردە گەنجەکان ئەوەیە کە گوێ لە یەکتری ناگرن، ئەم گوێ نەگرتنە بەڵایەکە بناغەی خێزانی هەڵتەکاندووە و باری دەروونی کۆمەڵگە و تاکیش تێك دەدات، هەر بۆیە کاتێك گەنجێك هیچ شوێن و لایەنێك نەبێت گوێی لێ بگرێت و کەس خۆی لێ بەرپرس نەکات، ئەوا تووسی شڵەژانی دەروونی دەبێت. بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە ڕوونەدات گرنگە کە:

١. کەناڵێك هەبێت کە ساڵانە چەند جارێك گوێ لە ڕا و بۆچوونی گەنجەکان بگرێت و، ڕێز لە بۆچوونەکانیان بگرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کاتێك تۆ بە بەیاخەوە گوێ بۆ قسەکانی دەگریت و بۆچوون و پیشنیارەکانی بە ڕێزەوە وەربگرێت، ڕەنگدانەوەی خۆی دەبێت، هەروەك چۆن گەنجە جوانەکەی ئەفسانە یۆنانییەکە کاتێك لە ناو ئاوەکە خۆی دەبینێت، نازانێت کە خۆیەتی و عاشقی خۆی دەبێت، ئەم عاشقبوونەی «خود» زۆر پێویستە بۆ ئەم سەردەمەی گەنج. ئەو خۆ پەسەندییە هەنگاوی یەکەمی بڕوابەخۆبوون و بونیادنانی کەسێتییەکی بەهێز و هاوسەنگە.

٢. زۆر گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان، گەورە باجدەرانی کوردستان ناچار بکات، جگە لەو باجەی کە دەیدەن بە حکومەت، ساڵانە بەشێك لە داهاتەکانی خۆیان پێشکەش بە سندوقێك بکەن بۆ ئەوەی هەتا کار بۆ گەنجان دابین دەکرێت، مانگانە بڕێك بیمەی بێکارییان بۆ دابین بکرێت. ئەوەی مرۆڤ لە مەیموون جیا دەکاتەوە، ئەوەیە مرۆڤ پێویستی بە کارکردنە، کە کاری نەبوو واتە هەست دەکات بوونی نییە.

**داتا و ئامارەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە ڕەخنە و ناڕەزایی گەنجەکان لە بارودۆخی سیاسی و ئەو پارتە سیاسییانەیە کە لە حکومەت بەشدارن**

**دیاردەیەکی جیهانییە کە حزب لە دەسەڵاتدا بوو، یان جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵات لای حزبێک بێت، حەتمەن ڕەخنەکانیش زیاتر ڕووبەڕووی ئەو حزبە دەبنەوە**

**حزبی وا هەیە بە سەدان و هەزاران پەیجی بێ دایک و باوکی هەیە و چۆن بیەوێت لە فەزای سایبەردا ئاکامەکەی بۆ بەرژەوەندیی خۆی دەبات**

**مامۆستایانی زانکۆ زۆر باش دەزانن ئالوودەبوون بەم سۆشیال میدیایەوە چ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر ئاکار و مەزاج و هەست و دەروونی گەنج هەیە**





### کەژان محەمەد ئەندامی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان:

# گەنج لە فەوزای سیاسی و ئەدای حزبەکان بێزارە، بۆیە دەبێت دووبارە لە ناو حزبەکانەوە پەروەردە بکرێنەوە

**کەژان محەمەد وەك گەنجێك و ئەندامی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ڕۆژانە مامەڵە لەگەڵ کێشە هەمەجۆرەکانی گەنجان دەکات و، بەردەوامیش یەکێتی لاوان لە هەوڵی ئەوەدایە دەنگی گەنجان بە سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بگەیەنێت و، ئاگاداری هەوڵە جددییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە خۆبەخاوەنکردنی کێشەی گەنجان، لەم تەوەرەدا زۆر بە بوێری هەڵوەستەی لەسەر کێشەی گەنجانی کوردستان کرد و بەمجۆرە بۆچوونەکانی خستە ڕوو:**

زۆر خۆشحاڵم کە دەبینم بەردەوام سەبارەت بە کێشەی گەنجان ئەو گفتوگۆ کراوانە لە تەمەنە جیاوازەکاندا بوونی هەیە، هەروەها کۆمەڵێك داتا و ئامارم ئامادە کردبوو، بەڵام دکتۆر و مامۆستا بەڕێزەکان ئاماژەیان بە زۆریان کرد، بۆیە دەفتەرەکەم دادەخەم و لەسەر تەوەرێکی دیکە قسە دەکەم. ئەوەی بووەتە جێگەی سەرسوڕمانی من ئەوەیە کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆڕبەندێکی زۆر لەسەر پرسی گەنجان دەکرێت و لە هەر یەکیك لەو بۆنانەدا کۆمەڵێك ئاکامی ڕاپرسی و چەندین ئاماری پڕمەترسی دەخەینە ڕوو، بەڵام هەست دەکەین ئاکامی هیچ ڕاپرسیەك، یان داتایەك نامانهەژێنێت، بەو ئاستەی بکرێتە پرسێکی جددی و هەڵوەستەی لەسەر بکرێت. من وەك گەنجێك باش دەزانم هەموو لایەك دەزانن لەناو بارودۆخی گەنجاندا چی دەگوزەرێت، ئەو داتا و ئامارانەی د. چنار خستیە ڕوو، پێشتر لامان هەبووە و ئەوەشی کاك عەبدولسەلام مەدەنی خستنیە ڕوو، چەندین ساڵە دەزگای ڕوانگە بە شێوازی جیاواز توێژینەوەی لەسەر دەکات.

ئەمانە پێمان دەڵێن: بەڵێ، گەنجان کێشەیان هەیە و کێشەکەش زۆر جددییە و هەمووشمان قسەی لەسەر دەکەین، بەڵام پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە بۆچی لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆڕبەندانە ناگەینە هیچ ئاکامێك و نەمانتوانیوە هەنگاوێکی جدی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە هەڵبگرین و خاڵی دەستپێك بێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەکان دەست پێ بکەین، بۆیە لەم گفتوگۆیەی «بازنەی گفتوگۆ» وەك د.سالار عوسمان لە سەرەتای قسەکانی گوتی: «خاترمان مەگرن و واقیعی کێشەی گەنج چۆنە وەك خۆی بیخەنە ڕوو»، منیش بڕیارم دا دەست لەسەر برینەکان دابینم و واقیعەکە چۆنە بەو جۆرە دەیخەمە ڕوو.

ئەگەر سەیری گەنجانی پێش ڕاپەڕین بکەین، دەبینین گەشە و بیرکردنەوەی گەنجان بۆ تێکەڵبوون

و چوونە ناو کاری سیاسی لەسەر بنەمای نیشتمانپەروەری و خۆشەویستیی کوردستان بووە، دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و پاشانیش ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، گەنج ئەو دەرفەتەی بۆ دروست بوو کە ئومێدێکی بۆ دروست بێت و خۆی نوێنەری خۆی بۆ پەرلەمان هەڵبژێرێت، لە ڕێگەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان حزب و گەنجان دروست بوو، ئەمەش لەبەر ئەوەی حزبەکان بۆ ئەوەی لە پرۆسەی هەڵبژاردن کورسیی زیاتر بێنن و پاشانیش لە حوکمڕانی پشکی زیاتریان بەر بکەوێت، ناچار بوون ڕاستەوخۆ موخاتەبەی گەنج بکەن، بەڵام لەم موخاتەبەی نێوان گەنج و حزبەکان، حزبەکان نەیانتوانی گەنجەکان بەو شێوەیە پەروەردە بکەن، کە فێر بن داوای ئەوە لە حزب بکەین: ئایا لەناو ئەو بەرنامەی داتناوە، بۆ حوکمڕانی چی بۆ ئێمەی گەنجان دەکەیت وەك توێژێکی گرنگی ناو کۆمەڵگە؟ لە بری ئەم پرسیارە گرنگە، بەو جۆرە پەروەردەیان کرد کە ئەو پرسیارە بکەن «چی بۆ من دەکەیت وەك تاکێکی گەنج؟»، لێرەوە نەبوونی وەڵامێکی گەوهەری بۆ فۆکسکردنە سەر کێشەکانی گەنج وەك کێشەی توێژێکی گرنگ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کێشەکانی بەو ئاستە کەڵەکە کردووە کە ئێستا ئاکامی ڕاپرسییەکان پێمان دەڵێن.

لایەنێکی دیکە کە لە هەموو ڕاپرسییەکاندا سەرنجی لەسەر دەدەین، ئەوەیە کە ڕەخنە و ناڕەزایی گەنجان لە هەموو ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بە پلەی یەکەم ڕووبەڕووی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پارتی خۆی بە خاوەنی کێشەی گەنجەکانی کوردستان دەزانێت و وەك دکتۆر سالاریش زۆر ڕاشکاوانە ئاماژەی پێ کرد، کێشەی گەنج خاڵێکی گرنگ و ئەولەوییەت بووە لە ڕاپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی ١٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە چەند مانگێك پێش ئێستا لە دهۆك بەڕێوە چوو، ئەمڕۆش کە لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی ئەم پارتە پرسی کێشەکانی گەنج بەم بوێرییە باس دەکرێت و پاشان بۆ ڕای گشتی بڵاوی دەکەنەوە، ئەمە ئومێدێك لای گەنجان دروست دەکات، کە هیوای چارەسەرکردنی کێشەکانی لە بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بدۆزێتەوە.

بۆیە هەنگاوی گرنگ بۆ دەستپێکی چارەسەری کێشەی گەنج لە کوردستاندا لەو خاڵەوە دەست پێ دەکات کە هەوڵ بدرێت ڕایەڵەیەکی پتەو لە نێوان بەرژوەندیی تایبەتی و بەرژوەندیی گشتی لە ناو هێزی لاوەکاندا دروست بکەین، بەرژەوەندیی گەنج وەك تاك تێڕوانینێکی مەشرووعە، بەڵام دەبێت لەناو هێزی لاوەکاندا بەرژوەندیی گشتیی نەتەوە و نیشتمان هەستی پێ بکرێت و گەنج خۆی ببێتە بەشێك لە چارەسەری کێشەکان، نەك هەر وەك بەشێك لە کێشە سەیری خۆی بکات.

لە جیهانی ئەمڕۆدا میدیا و ڕاگەیاندن و جیهانی سۆشیال میدیا و تەکنەلۆژیا هەموو دونیای هێناوەتە ناو شاشە بچووکەکەی مۆبایلی ئەم لاوە، هەر بۆیە بەردەوام ژیانی جیاواز دەبینێت لە ژیانی زۆر باش و فاخری ئەورووپاوە هەتا دەگاتە ئەو شوێنانەی کە دیاردەی برسێتی ڕووی تێ کردوون، بەڵام کێشەکە ئەوەیە گەنجی ئێمە وەك تاك تەنیا لایەنە باش و خۆشگوزەرانییەکەی ژیان دەبینێت و لایەنە خراپەکانی گوزەرانی هەندێك نەتەوە نابینێت کە کوردستان لە زۆریان باشترە، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە دووبارە گەنجەکان پەروەردە بکرێنەوە، ئەم پەروەردەیەش پێش پەروەردەکردنی ناو قوتابخانە و زانکۆکان دەبێت لەناو بارەگای حزبەکانەوە دووبارە پەروەردە بکرێنەوە لەسەر بنەمای نیشتمانپەروەری تا دەگاتە ئەو ئاستەی گەنج پاراستنی هەرێمی کوردستان بە ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێت.

پێداگریم لەسەر ئەوەی پێویستە پەروەردەی گەنجەکان لە بارەگای حزبە سیاسییەکانەوە دەست پێ بکاتەوە، لەبەر ئەوەیە وەك لەسەر ئاکامی ڕاپرسییەکان هەڵوەستە دەکەین، زۆر بە زۆری گەنجان لە فەوزای سیاسی و ئەدای حزبە سیاسییەکان تووڕە و بێزارن، پاشانیش هەر ئەو حزبە سیاسییانە دامەزراوە سیاسی و مەدەنییەکانی ئەم وڵاتە هەڵدەسووڕێنن.

لایەنێکی دیکە کە پێویستە ئاوڕی جددی لێ بدرێتەوە، ئەوەیە کە دەبێت ئامادەبوونی کردەیی گەنجەکان لەم کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆڕبەندە کراوانەدا زیاتر بێت، لەم گفتوگۆیە «بازنەی گفتوگۆی» بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، ڕاستە ڕاپرسییەکتان کردووە و ئێمە لەسەر ئاکامەکەی قسە دەکەین، بەڵام وەك دەبینین نەك لەم بازنەیە، بەڵکو لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکان کورسییەکانی چۆڵن و ئامادەبوونی گەنجان ڕێژەیەکی زۆر کەمە، بۆیە ئەگەر ئێمە ئەم هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە کراوانە لەسەر پرس و کێشەی گەنج بکەین و، گەنجەکان خۆیان ئامادەبوونیان کەم بێت، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە ئێمە لە بازنەیەکدا دەخولێینەوە و ناگەینە ئەو ئامانجەی کە مەبەستمانە، ئەویش دەستپێکردنی چارەسەرکردنی کێشەی گەنجانە.

**حزبەکان بۆ ئەوەی لە پرۆسەی هەڵبژاردن کورسیی زیاتر بێنن و پاشانیش لە حوکمڕانی پشکی زیاتریان بەر بکەوێت، ناچار بوون ڕاستەوخۆ موخاتەبەی گەنج بکەن**

**ڕەخنە و ناڕەزایی گەنجان لە هەموو ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بە پلەی یەکەم ڕووبەڕووی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پارتی خۆی بە خاوەنی کێشەی گەنجەکانی کوردستان دەزانێت**

**هەنگاوی گرنگ بۆ دەستپێکی چارەسەری کێشەی گەنج لە کوردستاندا لەو خاڵەوە دەست پێ دەکات کە هەوڵ بدرێت ڕایەڵەیەکی پتەو لە نێوان بەرژوەندیی تایبەتی و بەرژوەندیی گشتی لە ناو هێزی لاوەکاندا دروست بکەین،**

**گەنجی ئێمە وەک تاک تەنیا لایەنە باش و خۆشگوزەرانییەکەی ژیان دەبینێت و لایەنە خراپەکانی گوزەرانی هەندێک نەتەوە نابینێت کە کوردستان لە زۆریان باشترە**





### فەرهاد محەمەد ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# بۆ ڕەواندنەوەی نائومێدی و چارەسەرکردنی کێشەی گەنج یەکەم هەنگاو و بڕیار دەبێت دیالۆگی کراوە و هەمەلایەنە هەبێت

**فەرهاد محەمەد ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان بەمجۆرە سەرنجەکانی خۆی خستە ڕوو:**

بەشداربووانی بەڕێز جیا لەوەی زۆر بە گرنگییەوە ئاکامی ڕاپرسیی «بازنەی گفتوگۆ»یان هەڵسەنگاند و بیروبۆچوون و پێشنیاری زۆر باشیان پێشکەش کردین، هەروەها کۆمەڵێك داتا و ئاماری زۆر گرنگیشیان خستەڕوو کە زۆر باش ئەم پرسە و میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشەکانیان دەستنیشان کرد، بۆیە لەم بارەوە بێجگە لە دەستخۆشی بۆ ئەو بەڕێزانە شتێکی دیکەم نییە زیادی بکەم، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی کێشەی پرسێکی زۆر گرنگ و مەترسیدارە، لە هەمانکاتدا گەنج کۆڵەگە و بزوێنەری هەموو بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و حوکمڕانییەکانی هەر وڵاتێکە و، ئەگەر سەرنجیش لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان، هەروەها لە مێژووی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، هەڵمەتەکانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و دوای ئەویش پاراستنی هەرێمی کوردستان دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بدەین، دەبینین گەنجانی کوردستان لە ڕۆژە سەختەکاندا توانیویانە لەسەر بنەمای ئینتیمای نیشتمانی بڕیاری زۆر قورس بدەن و گیانی خۆیان بە نیشتمانەکەی خۆیان ببەخشن، بۆیە جێگەی خۆیەتی شانازی بە گەنجەکانی خۆمانەوە بکەین، ئەگەر ئەو شانازییەش گرێ بدەینەوە بەو ڕەخنە و گازندانەی ئێستا هەیە، ئەوا چارەسەرکردنی ئەو ڕەخنە و گازندە دەبێت ببێتە بەشێك لە پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستاندا بە هەر چوار بەشەکەیەوە (سەرۆکایەتیی هەرێم، پەرلەمان، حکومەت، دەسەڵاتی دادوەری) لەم ڕووەوە دەخوازم لەسەر «تەنگژەی حوکمڕانی» قسە بکەم کە ئێستا بووەتە دیاردەیەکی جیهانی بەگشتی و بەتایبەتیش لە سیستمی حوکمڕانی «پەرلەمانی و دیموکراتیدا».

کاك عەبدولسەلام مەدەنی وەك بەڕێوەبەری گشتیی «دەزگای ڕوانگە» کە دەزگاکەیان تایبەتە بە چارەسەرکردنی کێشەکانی گەنج، لەم پەنێڵەدا گفتوگۆیەکی خۆی لەگەڵ بیرمەندی جیهانی فرانسیس فۆکۆیامای بۆ گێڕاینەوە کە پێی گوتووە «ماوەی ٥٠ ساڵە لە سیستمی حوکمڕانی (دیموکراتی و پەرلەمانییەکانی جیهان) هاووڵاتی متمانەی بە پرۆسەی حوکمڕانی کەم دەبێتەوە و

سیستمی حوکمڕانی لە تەنگژەدایە»، بێگومان فۆکۆیاما لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ ناوەڕۆکی ئەم قسانەی «تەنگژەی حوکمڕانی» لە چوارچێوەی کتێبێکدا بە ناونیشانی «ناسنامە: خواست بۆ شکۆ لەگەڵ سیاسەتی تووڕەیی دانەمرکاوە. : Identity: The Demand for Dignity and the Politics of Resentment» خستەڕوو، کەواتە ئەم کتێبە پێمان دەڵێت: کاتێك قەیرانی شوناس دروست دەبێت، هاووڵاتیان داوای گێڕانەوەی شکۆ دەکەن و هاوکات گوتاری ڕادیکاڵی و پەڕگیریش لە کۆمەڵگە دروست دەبێت، لە بەرانبەردا ئەگەر دامەزراوەکانی دەوڵەت لە ئاستی ئەم هەست و داخوازییە نەبن، ئەوا دەبێت بیر لەوە بکەنەوە، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو گوتارە ڕادیکاڵی و پەڕگیرە دەکەن کە لە کۆمەڵگەدا دێتە ئاراوە.

د.سەردار قادر وەڵامی ئەو پرسیارەی «ئایا شانازی بە نیشتمانەکەی خۆتەوە دەکەیت؟»، گرێ دایەوە بە ئاستی بەرزی و نزمیی بێکاری و خزمەتگوزارییەوە، هەروەها ئاماژەشی بەوە کرد کە ئەم پرسیارە لە ساڵی ٢٠١٥ ئاراستەی ٣٥٠ کۆمەڵگەی جیاواز کراوە و، ئاکامی ئەو ڕاپرسییە دەری خستووە وەڵامی «شانازی دەکەم، یان نایکەم» پەیوەستە بە ئاستی بەرز و نزمیی بێکاری و خزمەتگوزارییەوە، ڕاشکاوانەتر لەو وڵاتانەی ئاستی بێکاری نزمە و ئاستی خزمەتگوزاری بەرز، هاووڵاتیان بە بەڵێ شانازی بە نیشتمانی خۆمەوە دەکەم و بە پێچەوانەشەوە بە نایکەم وەڵام دەدەنەوە.

فۆکۆیاما، زیادبوونی بێکاری گرێ داوەتەوە بە سیاسەتی کۆمپانیاکان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، بەڵام ئاستی نزمیی خزمەتگوزارییەکانی گرێ داوەتەوە بە شڵەژانی دامەزراوەیی و ململانێی ناجۆری پارتە سیاسییەکان و یەکتری قبووڵ نەکردنەوە، ئەوجا ئەو ژینگە ناجۆرەی کە بووەتە تەنگژە بۆ حوکمڕانی لە جیهاندا شڵەژانێکی دەروونی لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵگە دروست کردووە و لە هەمانکاتدا متمانەی هاووڵاتی بە پرۆسەی حوکمڕانی کەم کردووەتەوە، ئەم حاڵەتەش جۆرێك لە بێ ئومێدی لای تاك دروست کردووە. هەر بۆ نموونە بیرمەندێکی وەك یۆڤاڵ نوح هەراری دەڵێت: «ڕێژەی خۆکوشتن لە ویلایەتەکانی ئەمریکا لە دەوڵەتێکی هەژاری وەك بەنگلادیش بەرزترە»، هەروەها دیاردەیەکی زۆر ترسناك لەناو گەنجەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا دروست بووە، کە ناویان لێ ناوە دیاردەی «گورگە تەنیاکان»، ئەم دیاردەیە تاکەکان دەکات بە گورگ و هەر شتێکی بکەوێتە بەردەست، دەیکاتە چەك و بەشێوەیەکی زۆر عەشوائی خەڵك دەکوژێت و خۆیشی دەکوژرێت.

لەسەر ئەم تەنگژە و دیاردانە تووشی سیستمی حوکمڕانی «پەرلەمانی و دیموکراتی»دەبن، بەشی زۆری ئەو توێژینەوانەی لەسەر ئەدای حزبی سیاسی لە کایەی پرۆسەی دیموکراتی لەسەر ئاستی جیهان ئەنجام دراون، جەخت لەوە دەکەنەوە ئەدای حزبە سیاسییەکان و سیاسەتی قۆرخکارییان لەسەر ئاشتیی بازار بووەتە هۆکاری ئەوەی شڵەژان لە ناو هاوسەنگی دیموکراتی بێتە ئاراوە، ئەم شڵەژانەش لە ناو هاوسەنگی دەسەڵاتەکانی دیموکراتیدا وەك بیرمەندی ئەڵمانی یۆرگن هابرماس زۆر جوان دەستنیشانی کردووە و دەڵێت: ئەو بڕیارانەی لە برۆکسلی پایتەختی یەکێتی ئەورووپا دەردەچن، لەگەڵ ڕای شەقامی کۆی دەوڵەتەکانی ئەندام لەو یەکێتییە یەك ناگرنەوە».

کەواتە ئەگەر لێرەدا پرسەکە لە چەند دێڕێکدا چڕ بکەمەوە، ئەوا مەترسی لە کەڵەکەبوونی کێشەی گەنج و نەبوونی میکانیزمێکی باش بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کێشانە، ئەوەیە کە نائومێدی باڵ بەسەر گەنجاندا بکێشێت، هەر وەك وەك سەرۆك بارزانی لە بەرگی چوارەمی «بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد» هەڵوەستەی جددی لە مەترسیی باڵکێشانی نائومێدی بەسەر گەلەکەماندا لە دوای نسکۆی ١٩٧٥ دەکات و پێمان دەڵێت: ترسی ئەوەم هەبوو نائومێدی باڵ بە سەر میللەتەکەماندا بکێشێت .. بۆ ئەمەش بیرم کردەوە یەکەم هەنگاو بڕیار ئەوەیە دەبێت لەگەڵ تێکۆشەرانی خۆمان وتووێژ بکەین و ڕێگەیەك بدۆزینەوە ئەم قۆناغە تێپەڕێنین»، بۆ ئێستاش بەتایبەتی بۆ کێشەی گەنجان کە ئاراستەی ڕەخنەکانیان لە پرۆسەی سیاسی و کۆی حزبە سیاسییەکانی کوردستانە، ئەوا وەك سەرۆك بارزانی فێری کردووین، یەکەم هەنگاو و بڕیار ئەوەیە بە دیالۆگ و ڕاوێژ لەگەڵ دڵسۆزان و ئەکادیمیست و ڕۆشنبیرەکانی کوردستان کەناڵێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ گەنجان دروست بکرێت و گوێ بۆ خواست و داواکارییەکان ڕابگیرێت و، بڕیار بدرێت هەموو پێکەوە ئەم قۆناغە تێپەڕێنین و کێشە و گرفتی گەنجەکانمان چارەسەر بکەین.

**گەنجانی کوردستان لە ڕۆژە سەختەکاندا توانیویانە لەسەر بنەمای ئینتیمای نیشتمانی بڕیاری زۆر قورس بدەن و گیانی خۆیان بە نیشتمانەکەی خۆیان ببەخشن، بۆیە جێگەی خۆیەتی شانازی بە گەنجەکانی خۆمانەوە بکەین**

**کاتێک قەیرانی شوناس دروست دەبێت، هاووڵاتیان داوای گێڕانەوەی شکۆ دەکەن و هاوکات گوتاری ڕادیکاڵی و پەڕگیریش لە کۆمەڵگە دروست دەبێت**

**فۆکۆیاما، زیادبوونی بێکاری گرێ داوەتەوە بە سیاسیەتی کۆمپانیاکان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، بەڵام ئاستی نزمیی خزمەتگوزارییەکانی گرێ داوەتەوە بە شڵەژانی دامەزراوەیی و ململانێی ناجۆری پارتە سیاسییەکان و یەکتری قبووڵ نەکردنەوە**





## شڤان حەمدی ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# ململانێی سیاسی فەوزایەکی سیاسی دروست کردووە کە شڵەژانی دەروونی لە لای گەنج لە ناو کۆمەڵگەش دروست کردووە

**شڤان حەمدی بەر لەوەی ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بێت، ساڵانێکی زۆر ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە و، ئەزموونێکی گەورە و مەیدانی لەگەڵ کێشەی قوتابییان و لاوان هەیە و، ڕۆڵێکی دیاری لە ئەنجامدانی چالاکیی ڕۆشنبیری و سیاسی هەیە و، لە نزیکەوە ئاگاداری کێشەکانی گەنجە و لەم گفتوگۆیەدا بەمجۆرە بۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو:**

ئەگەر ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین: ئایا گەنج لە کوردستاندا کێشەی هەیە؟ بێگومان وەڵامەکەی ئەوەیە کە نەك هەر کێشە، بەڵکو کۆمەڵێك کێشەی چارەسەرنەکراوی هەیە کە هەموومان هەستی پێ دەکەین و، وەك دکتۆر سالاریش جەختی لەسەر کردەوە و خۆشمان لە کۆنگرە کارمان لەسەر کرد، خاڵێکی سەرەکیی ڕاپۆرتی سیاسیی کۆنگرە کێشەی گەنجان بووە، کە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە پارتی دیموکراتی کوردستان دەیەوێت شانی بەرپرسیاریەتی بداتە بەر چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئەمەش هەنگاوێکی دڵخۆشکەرە.

ئەگەر بێینە سەر کێشەکانی گەنج بە شێوەیەکی گشتی و ئەو فاکتەرانەی کە دەبنە هۆکاری دروستبوونی ئەو کێشانە، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە چەند خاڵ دەستنیشانی کردوون کە لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەم:

١- کێشەی خوێندن و پەروەردە

سیستمی پەروەردە فاکتەرێکی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی گەنجێکی باش و تەندروست لە کۆمەڵگە بەرهەم بێت کە هەم هەست بە ئینتما بکات، هەمیش ئامادەباشی هەبێت بۆ بەشداربوون لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا، لەم ڕووەوە سستمی خوێندن و پەروەردەی ئێمە بەو ئاستە ساغڵەم نییە.

٢- کێشەی بێکاری

ئەم کێشەیە وەك دکتۆر سەردار باسی کرد، بۆ هەموو کۆمەڵگەکانی جیهان کێشەیەکی سەرەکییە و پێوەرە بۆ ئەوەی گەنج هەست بە بوونی خۆی بکات و شانازی بە نیشتمانەکەشیەوە بکات.

٣- کێشەی ژیان و گرفتی هەژاری

ئەم کێشەیەش وەك خاتوو د. چنار ئاماژەی بە بەرزبوونەوەی ڕێژەکەی لە عێراق و هەرێمی کوردستان کرد، بووەتە پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی سەقامگیری و ئاشتیی کۆمەڵایەتی، هەر بۆیە ئەگەر ڕێژەی هەژاری بەرز بێت، ناسەقامگیری و ئاشتیی کۆمەڵایەتیش بوونی نابێت و، شڵەژانیش لە دەروونی گەنجدا دروست دەبێت و بیر لە کۆچکردن دەکاتەوە.

٤- نەبوونی چاودێریی تەندروستی و کەمیی خزمەتگوزاری

ئەم کێشەیەش کە دیسان د.سەردار هاوتای کێشەی

بێکاری کرد، وەك پێوەرێك بۆ ئەوەی گەنج شانازی بە وڵاتەکەی خۆیەوە بکات، یەکێکە لەو کێشە گرنگانەی کە ناتوانرێت لە ڕووی بایۆلۆژی و فیسۆلۆژییەوە گەنجێکی تەندروست پەروەردە بکەیت، کە هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات.

هەموو ئەم گرفتانە بە ئاستی جیاواز لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی عێراقی و کوردستانی بوونیان هەیە و، ئەمانەش هەموویان بوونە ئەو ژینگە لەبارەی کە کێشەکانی تێدا کەڵەکە بوون، ئەمە سەرباری ئەوەی وەك کاك عەبدولسەلام مەدەنی باسی کرد، ئێستا لەسەر ئاستی جیهان تەنگژەی حوکمڕانی هەیە و ماوەی ٥٠ ساڵە هاووڵاتیان متمانەیان بە دەسەڵات کەمتر دەبێتەوە و، ڕازیکردنی هاووڵاتی بۆ حکومەت بۆتە تەحەددا و ئەمەش لە بەشداریی هاووڵاتیان لە هەڵبژاردنەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. هەر بۆ نموونە دەوڵەتێکی وەك سوید کە بە نموونەی سیستمی دیموکراتی دادەنرێت، ڕێژەی بەشداریی هاووڵاتیانی لە دوایین هەڵبژاردندا ٢٩٪ بووە و حزبی فەرمانڕەوا ١٧٪ی دەنگەکانی هێناوە، لە ئەڵمانیا ڕێژەی بەشداری ٤٤٪ بووە و حزبی فەرمانڕەوا ٢٢٪ دەنگی هێناوە.

لەگەڵ ئەو هەموو کێشە و گرفتەی گەنجی کوردستان هەیەتی، بەڵام هێشتا گەنجی کوردستان خاوەن هەڵوێست و ئاکاری بەرز و ئینتمای نیشتمانین، بۆ ئەمەش باس لە یەك دوو ڕووداوی گەورە دەکەم، کە لە چەند ساڵی ڕابردوو لە کوردستان ڕوویان داوە و گەنجی کوردستاندا تیایاندا قوربانی داوە و شانازی بە نیشتمانەکەی خۆیەوە کردووە:

١- دوای سەرهەڵدانی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش و پاشانیش هێرشکردنیان بۆ سەر کوردستان، ئەوەی گەنجەکانی کوردستان خۆبەخشانە کردیان بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی جیهان بێ وێنە بوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دۆخێکدا بوو بودجەی بڕابوو، چەکی بەردەستی پێشمەرگە کۆن و کەم بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بە بێ ئەوەی بارێکی نائاسایی ڕابگەیەندرێت، گەنجان بە چەکی خۆیانەوە چوونە سەنگەرەکان و بەشێکیان لە هەندەرانەوە گەڕانەوە بۆ سەنگەرەکانی بەرگری، ئەمەمان لە گەنجی عەرەبی عێراقی نەبینی، خۆبەخشانە ئەم کارە بکات، هەتا مەرجەعییەتی نەجەف فەتوای جیهادی کیفائی نەدا.

٢- سەرۆك بارزانی لە قۆناغێکدا بڕیاری ڕیفراندۆمی دا کە باری دارایی کوردستان لەو پەڕی خراپیدا بوو، بەڵام ئەوەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی کردە جەژنێکی نیشتمانی گەنجەکانی کوردستان بوون کە هەموویان ئاڵای کوردستانیان بەدەستەوە بوو دەیانشەکاندەوە.

٣- لە دوای ڕیفراندۆم و کەرتبوونی هێزی پێشمەرگە و کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، دیسان ئەوەی کوردستانی پاراست گەنجەکانی کوردستان بوون، بەشی هەرە زۆری شەهید و بریندارەکانی شەڕی دژی داعش و پاراستنی کوردستان لە نێوان ئەو تەمەنان کە ئێمە ئەم ڕاپرسییەمان لەگەڵ ئەنجام داون، ئەمە بێجگە لەوەی ئەو بەشەی گەنجانیش کە لە بەرەکانی شەڕ نەبوون، پاڵپشت و پشتیوانی ئەوانەی ناو سەنگەرەکان بوون.

گرنگە حزبە سیاسییەکان شانازی بە گەنجی کوردستانەوە بکەن و واز لەو فەوزا سیاسییە بهێنن و پێکەوە دەست بە چارەسەری کێشەی گەنجان بکەن و بیکەنە بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە ئەوەیە کە شەخسی سەرۆك بارزانی شانازی بە هەموو گەنجەکانی کوردستانەوە دەکات، ئەمەش بووەتە بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەوەی هەم لەسەر ئاستی حزبی و هەم لەسەر ئاستی حکومەتیش کە پارتی دیموکراتی کوردستان لایەنی سەرەکییە لەو حکومەتەدا و، حکومەتی ئێستای هەرێمی کوردستانیش بە ئاراستەی هەڵوەستەکردن لەسەر کێشەی گەنجان بۆ نموونە دامەزراوەی «مۆدێرنە و داهێنانی» دامەزراندووە، کە بایەخ بە داهێنانی گەنجان دەدات، بەڵام ئەم هەنگاوانە پێویستی بە هەنگاوی زیاتر هەیە کە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم:

- لەو حکومەتانەی کە سیاسەتی ئابوورییان لەسەر بنەمای ئابووریی بازاڕ دادەڕێژن، کەرتی تایبەتیش هاوشانی کەرتی گشتی بەشێکە لە پرۆسەی حوکمڕانی باڵانسە بۆ هاوسەنگیی ئابوری و بازاڕ لەگەڵ حکومەتدا، لەم خاڵەدا هەست دەکرێت کەرتی تایبەت لە کوردستاندا نەیتوانیوە ئەو باڵانسە بۆ حکومەت دروست بکات. کۆمپانیا هەیە ١٠٠ فەرمانبەری هەیە، کەچی فەرمانبەرە کوردەکانی بە پەنجەی دەست دەژمێردرێت، ئەمە بۆ ڕیستۆرانت و مۆڵەکان و کۆی کەرتی تایبەت ڕاستە، بۆیە گرنگە حکومەت بە یاسا ئەو باڵانسە بگێڕێتەوە.
- ململانێی سیاسیی فەوزایەکی سیاسی دروست کردووە، کە شڵەژانی دەروونی لە لای گەنج و لە ناو کۆمەڵگەش دروست کردووە، گرنگە حزبە سیاسییەکان ئامادەباشی پیشان بدەن و بە دیالۆگ کێشەکانیان چارەسەر بکەن و ئەو شڵەژانە دەروونییەی لای گەنج و کۆمەڵگە کۆتایی پێ بهێنن.
- خاڵی کۆتایی ئەوەیە کە هەتا ئێستاش گەنج هەست دەکات لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا بوونیان کەمە، یان بوونیان هەر نییە، هەر بۆیە بڕیارەکان لە ئاستی حەز و خواستەکانی گەنجدا نین، بۆیە گرنگە دەسەڵاتی سیاسی ئەم لایەنە بە جددی هەڵوەستەی لەسەر بکات و کەناڵی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ گەنجەکان دابمەزرێنێت.

**سیستمی پەروەردە فاکتەرێکی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی گەنجێکی باش و تەندروست لە کۆمەڵگە بەرهەم بێت کە هەم هەست بە ئینتما بکات، هەمیش ئامادەباشی هەبێت بۆ بەشداربوون لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا**

**ئەگەر ڕێژەی هەژاری بەرز بێت، ناسەقامگیری و ئاشتیی کۆمەڵایەتیش بوونی نابێت و، شڵەژانیش لە دەروونی گەنجدا دروست دەبێت و بیر لە کۆچکردن دەکاتەوە**

**گرنگە حزبە سیاسییەکان شانازی بە گەنجی کوردستانەوە بکەن و واز لەو فەوزا سیاسییە بهێنن و پێکەوە دەست بە چارەسەری کێشەی گەنجان بکەن**



**پ. د. سەردار قادر**
**مامۆستا لە زانكۆی سەلاحەدین:**

# دەرهاویشتەی فەرامۆشكردنی كێشەی گەنج، دروستبوونی گوتاری ڕادیكالی و پەڕگیریی بەرهەم هێناوە

**پ.د. سەردار قادر جیا لەوەی كە ئەزموونی چەندان زانكۆی ناوخۆی هەرێمی هەیە و خۆی مامۆستایە لە زانكۆی سەلاحەدین، یەكێكە لەو مامۆستایانەی زانكۆ كە بەردەوام لە كۆڕ و كۆڕبەندە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكاندا ئامادەبوونێكی جددی هەیە و، بە دەیان توێژینەوەی لەسەر بوارە جیاجیاكانی سیاسی و یاسای دەستووری و كۆمەڵایەتی كۆمەڵگەی كوردستان كردووە، لە نزیكیشەوە ئاگاداری كێشەی گەنجانە و لەم گفتوگۆیەشدا بەمجۆرە بۆچوون و پێشنیارەكانی خۆی خستە ڕوو.**

ئەوەی من هەستی پێ دەكەم، كێشەی گەنج زۆر لەو ئامار و داتایانە قورستر و قووڵترە كە ڕاپرسییەكان پیشانمانی دەدات، هەر بۆیە ئەگەر بمانەوێت بە پرسیارێكی جەوهەری و یەكلاكەرەوە دەست پێ بكەین، دەبێت بپرسین: ئایا بەشدارانی دەسەڵاتی سیاسیی كوردستان هیچ پڕۆژەیەكی هاوبەشیان بۆ چارەسەركردنی كێشەی گەنجان هەیە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا من نابینم بەشدارانی دەسەڵاتی سیاسی هیچ پڕۆژەیەكی هاوبەش و ڕاشكاو و جددییان بۆ ئەم پرسە گرنگ و مەترسیدارە هەبێت، ئەمە هاوشان لەگەڵ ئەوەی توێژی گەنجان بەردەوام لە زیادبووندایە و كەڵەكەبوونی كێشەكانیان و مانەوەیان بەبێ چارەسەر وەك بۆمبێكی تەوقیتكراو وایە و مەترسیی ئەوەی هەیە لە هەر كاتێكدا بێت، بتەقێتەوە.

ئەو ئامارانەی د.چنار ئاماژەی پێ كردن، من بەدواداچوونم بۆ كردوون، ئاماری فەرمین و دروستن، لەم گفتوگۆیەی «بازنەی گفتوگۆ» تەمەنی گەنج لە نێوان «١٦-٣٥» ساڵ دیاری كراوە، بەڵام هەندێك سەرچاوەی دیكە تەمەنەكەی لەنێوان « ١٥- ٥٥» ساڵ دیاری كردووە، هەر بۆیە ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە ڕێژەكەی وەربگرین دەكاتە ٥٥,٤٪، ئایا ئەم توێژە كەمە؟ ئەوە ئەو توێژەیە كە بە دوای كار و ژیان و پێگەدا دەگەڕێ. لە نێوان ساڵانی ٢٠٢٠ – ٢٠٤٠ لە هەرێم ٨,٧٪ لە ڕێژەی گەنجان بۆ بەشداریی سیاسی زیاد دەبن.

هەر لەم چوارچێوەیەدا ئێمە دەكەوینە بەردەم پرسێكی گرنگی دیكە، ئەویش ئەوەیە گەنج بۆ بایەخ بە سیاسەت نادات و لە سیاسەت ڕادەكات؟ هەموو ئەو هۆكارانەی باس دەكرێن بۆ دروستبوونی ئەم دیاردەیە، ئەوەیە كە گەنج سێ پرسی گرنگی زۆر مەبەستە، ئەوانیش بریتین لە «دابینكردنی

هەلی کار، دابینکردنی خزمەتگوزاری، پێگەی کۆمەڵایەتی لە کوێیە؟»

بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٠٠ لە ئەمریکا ئەم پرسیارە ئاراستەی گەنج کراوە: ئایا تۆ شانازی بە وڵاتەکەتەوە دەکەیت؟ هەمان ئەم پرسیارە لە ساڵی ٢٠١٥ لە ٣٥٠ شوێنی جیاوازی ئەم جیهانە ئاراستەی گەنج و خەڵك کراوەتەوە: ئایا شانازی بە نیشتمانەکەتەوە دەکەیت؟ لە بەراوردکردنی ئەم دوو سەردەمە کە دەکاتە زیاتر لە ١١٥ ساڵ، ڕاستە ئاکامەکان جیاوازییان هەبووە، بەڵام کۆی وەڵامەکان لە دوو پرسی گرنگدا خۆی بەرجەستە کردووە، ئەویش ئەوە بووە کە «بێکاری و خزمەتگوزاری» فاکتەری سەرەکی بوون بۆ ئەوەی گەنجەکە بڵێت شانازی دەکەم، یان شانازی ناکەم بە وڵاتەکەمەوە.

لە ساڵی ٢٠٢٢ سەنتەری بەیان کە سەنتەرێکی عێراقییە ئاماری ڕاپرسییەکی بڵاو کردووتەوە کە ٩٣٪ی گەنجانی هەولێر گوتوویانە: «ئێمە حەزمان لە سیاسەت نییە». ئەگەر لەسەر ئەم داتایە هەڵوەستە بکەین و گرێی بدەینەوە بە زانستی کۆمەڵناسیی سیاسییەوە، ئەوا ئەو زانستە پێمان دەڵێت: کاتێك ڕێژەی گەنج لە کۆمەڵگە بەرز بوو و کێشەکانیان بۆ چارەسەر نەکرا، گوتاری پەرگیری و ڕادیکاڵی زیاد دەبێت، ئەمە وێڕای دەرهاویشتە خراپەکانی ئەنتەرنێت و تەکنەلۆژیا کە بە ڕێژەی ٨٤,٩٪ی گەنج ئامێری زیرەکیان هەیە و ٧٢٪یان ئینتەرنێت بەکاردێنن، کە وای کردووە گەنج نە قسە بکات، نە بشخوێنێتەوە، هەر بۆیە گەنجی ئێستا زیاتر گوێ دەگرن، نەك بدوێن، چونکە زۆربەی کاتیان تەنیا خەریکی موبایلەکەیان و تۆڕەکانی سۆشیال میدیان.

پرسێکی دیکەی مەترسیدار و گرنگ کە دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەوەیە مەنزوومەی قیەم لە کوردستاندا بەرەو لاوازی دەچێت، هەر بۆیە کاتێك بمانەوێت توێژینەوە لەسەر سیستمێکی سیاسی بکەین، دەبێت دوو پرسیار بورووژێنین:

١. ئایا ئەم دامەزراوانە لەسەر چ بەهایەك دامەزراون؟

٢. ئایا ئەم دامەزراوانە چۆن هەڵدەسووڕێن بۆ ئەوەی بتوانن ئەو بەهایانە بپارێزن؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە هەڵوەستە لەسەر سێ نموونەی دامەزراوەکان دەکەین، ئەوانیش بریتین لە:

● نموونەی دامەزراوەی ئەورووپی.

لە دامەزراوەی ئەورووپیدا بەهای کۆمەڵایەتی نییە و تەنیا بە یاسا و شێوازی هەڵسووڕاندنی دامەزراوەکان کۆنترۆڵ کراوە.

● دامەزراوەی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان.

لەم دامەزراوانە بەهای کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام تەبایی سیاسی نییە.

● نموونەی ئەمریکای لاتینی

لە دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی «نە بەها هەیە، نە دامەزراوە»، سەرۆکی گەورەترین مافیا لە ئەمریکای لاتین، لە بەندیخانەوە سەرپەرشتیی ئەو دەستە مافیا گەورەیە دەکات کە هەیەتی. دیراسەتێك کرابوو لەسەر ئەوەی ئایا لە شەڕی عێراق و ئەفغانستان خەڵك زیاتر دەکوژرێت، یان لە شاری کاراکاسی پایتەختی ڤێنزویلا. دیراسەتەکە دەڵێت: لە کاراکاس، هۆکارەکەشی بێکاری و نەمانی بەها سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بووە.

ئەگەر لەسەر ئەم سێ نموونەیە قسەیەك لە سەر دامەزراوەکانی کوردستان بکەین، ئەوا لە تازەترین توێژینەوە کە ئەمساڵ کراوە و پێمان دەڵێت: ئیعتباراتی سیاسی کاریگەری لەسەر هەموو ئیعتبارەکانی دی هەیە بە کۆمەڵایەتیشەوە، لەم گۆشەیەوە ئەگەر سەیری خۆمان بکەین، ڕاستە لە کوردستان بەهای کۆمەڵاتیمان تا ڕادەیەکی باش ماوە بەڵام بەها سیاسییەکان وایان کردووە ئەوەش لە مەترسیدا بێت.

هەر ئەمڕۆ (٦ی شوباتی ٢٠٢٣) ئێمە لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدین دوو پەنێلمان لەسەر پرسی گەنجان و ئینتیمای نیشتمانی سازکرد، ئێمە بەو جۆرە بەڕێوەمان برد کە کەژان خان ئاماژەی پێ کرد، گەنجەکان خۆیان بەشدار بوون و خۆشیان پرسیارەکانی ڕاپرسییەکەیان ڕێکخستبوو، هەر خۆشیان پانێلەکانیان بەڕێوەبرد. یەکێك لە پرسیارەکانیان کە لە چەندان شوێنی ئەم هەرێمە ڕاپرسییان لەسەر کردبوو، ئەمە بوو «ئایا کوردستان بە نیشتمانی خۆت دەزانی؟» مەزندەی ئەوە دەکەن کە ٤٢٪ بە بەڵێ وەڵامی داوەتەوە. پرسیاری دیکە ئەوەیە «ئایا بۆ ئەو ژینگەیە دروست بووە؟» بە قەناعەتی من کێشەکە لە گوتاری ئایدیۆلۆژیی حزبە سیاسییەکاندایە. هەر لە ڕاپرسیی قوتابیانی کۆلێژی زانستە سیاسییەکاندا هاتبوو: «ئایا پێت وایە پارتە سیاسییەکان هۆکار بن بۆ نەهێشتنی متمانەی گەنجان بۆ نیشتمان؟» لە ٥٠٪ بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە. پرسیارێکی دی ئەوەیە: «ئایا ڕازیت لە بەرنامەی پارتەکان بۆ گەنجان؟» ٧٠٪ دەڵێن:

**ساڵی ٢٠٢٢ سەنتەری بەیان کە سەنتەرێکی عێراقییە ئاماری ڕاپرسییەکی بڵاو کردووتەوە کە ٩٣٪ی گەنجانی هەولێر گوتوویانە: «ئێمە حەزمان لە سیاسەت نییە»**

**بە ڕێژەی ٨٤,٩٪ی گەنج ئامێری زیرەکیان هەیە و ٧٢٪یان ئینتەرنێت بەکاردێنن، کە وای کردووە گەنج نە قسە بکات، نە بشخوێنێتەوە**

**ڕاستە لە کوردستان بەهای کۆمەڵاتیمان تا ڕادەیەکی باش ماوە بەڵام بەها سیاسییەکان وایان کردووە ئەوەش لە مەترسیدا بێت**






**پ.د. نەزاکەت حسێن**

**ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:**


# ئەوەی گەنجی نائارام کردووە دروستبوونی قەیرانی ناسنامە و شوناسە

نەخێر و ٧٣٪ یان دەڵێن: سۆشیال میدیا یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان بۆ لاوازبوونی ئینتیمای نیشتمانی لای گەنجان.

هەر بۆ نموونە کاتێك سەرۆکی حزبێکی سیاسیی کوردستان بە بەرپرسانی بەغدا دەڵێت: «هەرێمی کوردستان بوونی نەماوە و وەرن ڕاستەوخۆ لەگەڵ من مامەڵە بکەن»، مەترسیی ئەم گوتارە لەوەدایە ئەوەی شوێنکەوتووی ئەوە بە دوای ئەودا بە شانازییەوە دەیڵێتەوە.

ئێمە لە کوردستان دوو کێشەی سەرەکیمان هەیە کە لۆژیکی دیموکراتی فشۆڵ کردووە، یەکەمیان بەردەوامیی سیستمی پەنجا بە پەنجا لە حوکمڕانیدا و تەسلیم نەبوون بە لۆژیکی دیموکراسی کە لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەوێتەوە، دواتر نەبوونی ڤیژنێکی دوورمەودا لە فیکری سیاسیی زۆرێك لە سەرکردەکانی ئێمەدا، هەر بۆیە ئەوەی گرفتی بۆ گەنجان دروست کردووە، ئەو میسالیتە سیاسییەیە کە حزبە سیاسییەکان لە کوردستاندا دروستیان کردووە و ئێرە دەشوبهێنن بە وڵاتێکی ٢٠٠ ساڵ لە ئەزموون، بەڵام خۆیشی ئامادە نییە کەمترین بەرپرسیارێتی بگرێتە ئەستۆ بۆ نیشتمان.

لە دوماهیدا پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەم پرسە زیاتر بایەخی پێ بدرێت و لەسەر ئاستی گرووپ کار بکرێت «(ئابووری و کۆمەڵناسی، سیاسی) بە وردی تاوتوێ بکرێن.

هەروەها جەخت لەسەر سێ خاڵ دەکەمەوە:

١- بێکاری کەم بکرێتەوە و ئاستی خزمەتگوزاری بەرز بکرێتەوە.

٢- هەتا ڕێککەوتنێکی سیاسیی پتەو لە نێوان حزبە سیاسییەکان بەگشتی و هەردوو لایەنی سەرەکی (پارتی و یەکێتی) بەتایبەتی نەکرێت، هیچ کێشەیەکی سیاسی چارەسەر نابێت، بەمەش خەڵك نائومێد دەبێت و کاریگەری لەسەر بازاڕ و گوزەرانی خەڵکیش دەبێت، گەنجانیش زیاتر وێڵ دەبن.

٣- گەڕانەوە بۆ پەروەردە، ئەم لایەنە بە ڕاستی فەرامۆش کراوە، با لە خۆمان بپرسین: ئەمە چی دەگەیێنێت کاتێك لە قوتابییەك دەپرسن کە ڕاپەرینە مەزنەکەی کوردستان کەی ڕووی داوە؟ دەزانێ ڕاپەرین بووە، بەڵام کەی؟ نایزانێت، بۆیە ئەمە پێمان دەڵێت نەك هەر بەها کۆمەڵایەتییەکان بەرەو لاوازبوونی تەواو دەچن، بەڵکو بەها سیاسییەکانیش تەواو کاڵ بوونەتەوە.

**ئێمە لە کوردستان دوو کێشەی سەرەکیمان هەیە کە لۆژیکی دیموکراتی فشۆڵ کردووە، یەکەمیان بەردەوامیی سیستمی پەنجا بە پەنجا لە حوکمڕانیدا و تەسلیم نەبوون بە لۆژیکی دیموکراسی کە لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەوێتەوە، دواتر نەبوونی ڤیژنێکی دوورمەودا لە فیکری سیاسیی زۆرێك لە سەرکردەکانی ئێمەدا**

**هەتا ڕێککەوتنێکی سیاسیی پتەو لە نێوان حزبە سیاسییەکان بەگشتی و هەردوو لایەنی سەرەکی (پارتی و یەکێتی) بەتایبەتی نەکرێت، هیچ کێشەیەکی سیاسی چارەسەر نابێت**

**پ.د. نەزاکەت حسێن جیا لەوەی کە ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و لە هەمانکاتدا مامۆستای زانکۆی سلێمانی و سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکاری مافی ڕۆژنامەنووسانیشە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکێکە لە خاتوونە چالاکەکانی بواری میدیا و پسپۆڕە لە بوارەکانی ڕاگەیاندن و کاریگەرییەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بە دەیان توێژینەوەی زانستیی تایبەت بە گەنج و میدیا و ئافرەتان کردووە و لە ئەلقەی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا وێڕای ئەوەی پەنێڵەکەی بەڕێوەبرد، لە هەمانکاتدا چەند بۆچوونێکیشی لەسەر گرفتی گەنجان بەمجۆرە خستە ڕوو:**

لەگەڵ ئەوەی بە سوپاسەوە بەشداربووانی ئەم پەنێڵە، زانیاری و داتای زۆریان خستە ڕوو، دەروازەیەکیان بۆ کۆمەڵێك بۆچوون و پێشنیاری بە نرخ و ئاست بەرزیان خستە ڕوو، کە هەم بۆ ڕای گشتی گرنگە و هەمیش بۆ حزبە سیاسییەکان و بڕیاربەدەستەکانی ئەم وڵاتەش گرنگ دەبێت، ئەوەی جێگەی خۆشحاڵیمان بوو، وەك بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی «بازنەی گفتوگۆ» و بەڕێز دکتۆر سالار عوسمانیش بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ئاماژەی پێ کرد، ئەوە بوو کە ئاستی وتووێژەکان زۆر ئەکادیمی و بەرز بوو و بەشداربووان بە زمانی داتا و ژمارە کێشەکانیان خستە ڕوو، هەرچەندە لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەم پەنێڵە لەوانەیە غەدرم لە بەڕێزانی بەشدار بوو کردبێت، کە لەبەر کەمیی کات ڕێگەم نەدەدا هەموو بۆچوونەکانیان بخەنە ڕوو، بۆیە داوامان کرد کە بە ڕاپۆرتی تایبەت دواتر هاوکاریمان بکەن و، ئەو بۆچوون و داتایانەی خۆیانمان بۆ بنێرن، لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەموو بۆچوون و پێشنیارە بەرزانە منیش حەزم کرد لەسەر گرفتی ئێستای گەنج بۆچوونێك دەربڕم، کە بە بڕوای من ڕاستە قەیرانی دارایی و بێکاری و نەبوونی دەرفەت و دانەمەزراندن و هەندێك گرفتی کۆمەڵایەتی هەن، بەڵام گرفتی گەنج ڕەهەندی جیهانی هەیە و گەنجان ئێستا لە زۆربەی کۆمەڵگەکان و ناوچەکانی جیهان نائارامن، ئەویش بە هۆی گەشەی تەکنەلۆژیا و کرانەوەی جیهان لە بەردەمی و لەبەردەستبوونی زۆری ئامرازەکانی کۆمینیکەیشن و زانیاری.

بە نیسبەت هەرێمی کوردستان ئەوەی گەنجی نائارام کردووە، دروستبوونی قەیرانی ناسنامە و شوناسە لە شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە بیگرە کە شانازی پێوە ناکات و قەڵەق کراوە بۆی، تا شوناسی کەلتووری و کەسی، ئەویش بە هۆی گوتاری سیاسی و ئیعلامی چەواشەکار کە ساڵانێکی زۆر کاری لەسەر کرا کە گەنج ناڕازی بکات، بێ ئومێدی بکات و ئایندەی لەبەر چاو لێڵ بکات، خۆی بە خاوەن زۆر زیاتر لەو مافانە بزانێت، کە ئەمڕۆ خێزان و حکومەت بۆی دابین کردووە.

ئێستا ئێمە خاوەنی گەنجێکین ئایدیای شپرزە و دەروونی شێواوە و بە هیچ شتێك خۆی نادۆزێتەوەو شانازی بە خۆیەوە ناکات. بە خەیاڵ مژدەی ئایندەی بەهەشتی پێ درا لەلایەن هەندێك حزب و لایەنی سیاسی و گوتارە ئیعلامی و سیاسییەکانیان، بە هۆی سۆشیاڵ میدیا و تەکنەلۆژیاشەوە بە خەیاڵ گەشت دەکات بە جیهاندا، بەڵام بە جەستە لە شوێنێکدایە کە هیچ ئینتیمایەکی بۆی نییە. نە دەتوانێت خۆی و باوان ڕێك بخاتەوە، نە کەلوپەلی پێویستی پێیە وەك ئەوەی سەردەم داوای لێ دەکات. ئەوەی پێویستە بکرێت دەستکاری ئەندێشە و هۆشی گەنجە، دەبێت ڕێکی بخەینەوە و پەروەدەی زەین و هۆش و عاتیفەی بکەین. شوناسی بۆ سەقامگیر بکەینەوە و شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانی و کەلتووری پێ بناسێنینەوە، نەك تەنیا بۆ گەنج، بەڵکو بۆ منداڵانیشمان دەبێت بە سیستم و وانەکانی پەروەردەدا بچینەوە و پەروەردەی هۆشی و ناسنامەی لەگەڵ زانستەکانی دی فێری منداڵان بکەین. لەگەڵ ڕەخساندنی دەرفەت و هەلی کار بۆ گەنج، دەبێت میکانیزمی خستەنە گەڕی تواناکانی بۆ بدۆزینەوە، ئەو کات گەنج دەبێتە داهێنەر و بەرهەمهێن. تا گەنج ڕزگار نەکرێت، لەو قەلەقی شوناس و ئەندێشە شپرز و ماندووە و ئەو و بێ ئومێدیە، ئەستەمە بە ڕەخساندنی دەرفەتەکانیش خۆی بدۆزێتەوە.

**ڕاستە قەیرانی دارایی و بێکاری و نەبوونی دەرفەت و دانەمەزراندن و هەندێک گرفتی کۆمەڵایەتی هەن، بەڵام گرفتی گەنج ڕەهەندی جیهانی هەیە و گەنجان ئێستا لە زۆربەی کۆمەڵگەکان و ناوچەکانی جیهان نائارامن، ئەویش بە هۆی گەشەی تەکنەلۆژیا و کرانەوەی جیهان لە بەردەمی و لەبەردەستبوونی زۆری ئامرازەکانی کۆمینیکەیشن و زانیاری**

**بە هۆی گوتاری سیاسی و ئیعلامی چەواشەکار کە ساڵانێکی زۆر کاری لەسەر کرا کە گەنج ناڕازی بکات، بێ ئومێدی بکات و ئایندەی لەبەر چاو لێڵ بکات**

**بە هۆی سۆشیاڵ میدیا و تەکنەلۆژیاشەوە بە خەیاڵ گەشت دەکات بە جیهاندا، بەڵام بە جەستە لە شوێنێکدایە کە هیچ ئینتیمایەکی بۆی نییە**

# قوتابیان و لاوان

## لە نێوان ئەرک و دەستکەوت و بەرپرسیاریەتیدا



ئاوارە مەلا حاجی دیلۆیی

بۆ گوڵانی نووسیوە

دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیان و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان ڕووداوێکی گرنگی ڕێکخراوەیی و سیاسییە لە کوردستاندا. بێگومان هەر پارتێکی سیاسی پێویستی بە ناوەندێك هەیە بۆ پێگەیاندنی کادر و ئامادەکردنیان بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتی حزب و بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونی حزب لە ناو خەڵکدا. پارتی دیموکراتی کوردستان لەو سەردەمەدا، دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیان و لاوانی بە پێویستییەکی هەنوکەیی زانیوە و لە کۆنگرەی سێیەمی خۆیدا لە شاری کەرکووك ئەو بڕیارە گرنگەی داوە، بە پێویستی زانی لە ڕێگەی خەباتی مەدەنییەوە پەرە بە ڕێکخستنەکانی لە ناو قوتابخانەکان، شەقامەکان، سەندیکا، سەنتەر، ڕێکخراو، یەکێتی و کۆمەڵە هەروەزییەکان بدات و، لەو ڕێگەیەوە خزمەت بە شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بکات.

یەکێتی قوتابیان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لەو ساتەوەی کە دامەزراون تا دەگات بە ئەمڕۆ، ڕۆڵ و کاریگەرییەکی کارایان لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵان و ڕاپەڕین و پشتگیریکردنی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان و شەڕی داعش و حەشدی شەعبی و.. هتد بینیوە. هەردوو ڕێکخراوەکە بە درێژایی مێژووی خەبات و تێکۆشانیان، هەمیشە بە بێ جیاوازی گوزارشتیان لە خواست و ویستی پێشەییانە و مافە ڕەواکانی قوتابیان و لاوان کردووە و لەو کاروانەشدا وێڕای ڕۆڵی بەرچاویان، خاوەن دیدگە و بەرنامە و پلانی تۆکمە و بەرهەمدار بوون و مێژوویەکی شکۆمەندانەیان بۆ خۆیان و گەلەکەیان تۆمار کردووە. لێرەدا بە پێویستی دەزانین کە ڕۆڵی یەکێتی قوتابیان و یەکێتی لاوان لە چەند قۆناغ و ڕەهەندێکی جیاوازدا بخەینە ڕوو.

**● دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیان و لاوان**

لە ١٨ی شوباتی ساڵی ١٩٥٣ لەسەر ڕاسپاردە و ڕێنوێنی بارزانیی نەمر لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری کەرکووك، بڕیار لە دامەزراندنی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان درا، یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ئەوە بوو کە خوێندن بگاتە هەموو ناوچەکانی کوردستان، بیرۆکەی یەکەم ئەوە بووە کە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان قوتابخانە هەبێت، بیرۆکەی دووەم ئەوە بوو کە زانکۆیان هەبێت، بیرۆکەی سێیەم ئەوە بوو کە بە زمانی کوردی بخوێندرێت، پاشان بیر لەوە بکرێتەوە کە لە ئاستی خوێندنی باڵا و لە ئاستەکانی دیکەدا قوتابیی کورد پشکی هەبێت و ئامادەیی هەبێت و بە پێی پسپۆڕییەکانیان خزمەتی وڵاتەکەیان بکەن.

**● گرنگیپێدانی بارزانیی نەمر بە ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیان و لاوان**

دامەزراندنی ئەو دوو ڕێکخراوە زادەی تێفکرین و بیرکردنەوە و ڕۆئیا و تێڕوانینی سەرۆکی ڕۆحیی نەتەوەی کورد مستەفا بارزانییە، پێناسەی بارزانیی نەمر کە بۆ قوتابیان و لاوان، ئەوەیە کە فەرموویەتی: «قوتابیان سەری ڕم و لاوان شوورەی پۆڵایینن لە شۆڕش و ڕاپەرینەکاندا»، ئەمەش هزری بارزانیی نەمر دەردەخات کە چەندە گرنگیی بە ڕۆڵی قوتابیان داوە لە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا، هەروەها ئەو فاکتەش ڕوون بووەتەوە کە دامەزراندنی ئەو دوو ڕێکخراوە بۆ دووربینیی بارزانیی نەمر دەگەڕێتەوە، کە گرنگیی بە کاری ڕێکخراوەیی قوتابیان و لاوان داوە، لەلایەکی دیکەشەوە لە چوارچێوەی هەمان دووربینیدا بە واقیعی گرنگی بە قوتابیان و لاوان داوە کە ڕۆڵیان لە ناو سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و لە ناو پێکهاتەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا هەبێت.

**● ڕۆڵی یەکێتیی قوتابیان و لاوان لە ناوچە**

**پێناسەی بارزانیی نەمر کە بۆ قوتابیان و لاوان، ئەوەیە کە فەرموویەتی: «قوتابیان سەری ڕم و لاوان شوورەی پۆڵایینن لە شۆڕش و ڕاپەرینەکاندا»**

**دامەزراندنی ئەو دوو ڕێکخراوە بۆ دووربینیی بارزانیی نەمر دەگەڕێتەوە، کە گرنگیی بە کاری ڕێکخراوەیی قوتابیان و لاوان داوە**

**قوتابیان و لاوان وەک پێشمەرگە لە سەردەمی شاخ بەشداربوون و لە کاتی نەبەردییەکانی پێشمەرگەدا، هەوڵی گەیاندنی چەک و تەقەمەنی و خۆراکیان بە سەنگەرەکانی پێشمەرگە داوە**



**ئازادکراوەکانی شۆڕشدا**

ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان لەو سەردەمەی کە بەشێکی کوردستان ناوچەی ئازادکراوی شۆڕش بوو، هەوڵی ئەوەیان داوە، کە ناوەندەکانی خوێندن لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش بکەنەوە، بەو ئامانجەی منداڵانی کورد بێبەش نەبن لە پرۆسەی خوێندن، بەمەش توانییان یارمەتییەکی باشی خانەوادەی کادر و پێشمەرگەکان بدەن و نەهێڵن پرۆسەی خوێندن لەو ناوچانە بوەستێت.

● **سەردەمی شاخ**

قوتابیان و لاوان وەك پێشمەرگە لە سەردەمی شاخ بەشداربوون و لە کاتی نەبەردییەکانی پێشمەرگەدا، هەوڵی گەیاندنی چەك و تەقەمەنی و خۆراکیان بە سەنگەرەکانی پێشمەرگە داوە، هاوکات لە بۆنە و یادە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا ڕۆڵێکی کارایان هەبووە.

● **خەباتی نهێنی**

ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیان و لاوان لە شارەکاندا بە شێوەیەکی نهێنی کاری ڕێکخراوەییان ئەنجام داوە و توانیویانە ڕۆڵ ببینن لە هاندانی خەڵك بۆ شۆڕش و ببنە دەروازەیەك کە خەڵك لە ڕێگەیانەوە پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکات، هاوکات لە ناوەندەکانی خوێندندا ئەو دوو ڕێکخراوە ڕۆڵیان هەبووە. لەو نێوەندەشدا ئەو خۆپیشاندانانەی کە لە ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤ قوتابیانی زانکۆی سلێمانی لە قەڵادزێ و ٢٤ی نیسانی ١٩٨٢ قەڵادزێ و ساڵانی ١٩٨٣ و ١٩٨٦ لە زانکۆی سەلاحەددین و دواتریش چەندین خۆپیشاندانی دیکە ئەنجام دران، ڕۆڵی ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردنی یەکێتیی قوتابیان و لاوانی تێدا دیار بوو، هاوکات لە دهۆکیش ئەو خۆپیشاندانەی کە لە قوتابخانەکانی برایەتی و کاوە ئەنجام دران، ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیان و لاوان هەڵسووڕێنەری ئەو نارەزایەتییانە بوون.

● **قوربانیدانی ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیان و لاوان**

لە ناو شارەکاندا کە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی قوتابیان و لاوان ئاشکرا دەبوون، ڕووبەڕووی دەستگیرکردن و لە سێدارەدان دەبوونەوە، بە نموونە شەهید ڕێبەر مەلا حوسێن لە ناو بەندیخانە جەستەی بزمارڕێژ کرابوو لە لایەن دەزگا داپلۆسێنەرەکانی ڕژێمەوە بە ئامانجی

**ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیان و لاوان لە شارەکاندا بە شێوەیەکی نهێنی کاری ڕێکخراوەییان ئەنجام داوە و توانیویانە ڕۆڵ ببینن لە هاندانی خەڵک بۆ شۆڕش و ببنە دەروازەیەک کە خەڵک لە ڕێگەیانەوە پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکات**



ئیعترافکردن، بەڵام تا ئەو کاتەی شەهید دەبێت، هیچ نادرکێنێت، هەروەها دەتوانین ئاماژە بە کوردستان ساڵح و محەمەد عوبێد و لەیلا قاسم و هاورێکانیان بدەین، کە سەر بە رێکخستنەکانی یەکێتیی قوتابیان و لاوان بوون و دوای ئاشکرابوونیان لە کاری رێکخراوەییدا شەهید بوون و هەندێکیشیان تیرۆر کراون.

● **پێگەیاندنی سەرکردە**

رێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان هەر لە سەرەتای دامەزراندنیانەوە هەوڵی پێگەیاندنی کادر و سەرکردەیان داوە، دەرئەنجامەکانی ئەوە دەردەخات کە زۆرترین کادری ئەم دوو رێکخراوە هەم لە رابردوو و هەم لە ئێستادا سەرکردە بوون و هەن، چ لە سەر ئاستی عێراق و چ لەسەر ئاستی کوردستاندا. لەسەر ئاستی کوردستانیش هەموو ئەو حزبانەی کە ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندان، بەتایبەت سەرکردەکانی جیلی پێشوویان بە راستەوخۆ، یان ناراستەوخۆ، ئەوانەن کە پەروەردەکراوی ناو ریزەکانی یەکێتیی قوتابیان و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان بوون و، لە ئێستادا ئەو سەرکردانە لە ناو هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا ئەرکی بەڕێوەبردنیان لەسەرشانە و دروستکەری بڕیارن.

● **راپەڕین**

لە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ئەرکە پیشەییەکانی قوتابیان و لاوان لە لایەك پاڵپشتیکردنی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان بووە، لە لایەکی دیکەش بایەخدان بووە بە سیستەمی خوێندن، لە لایەکی دیکەشەوە پەرەدان بە تواناکانی لاوان بووە، بە شێوەیەك کە ئەو پەرەدانە هاوتەریب بێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم و خەڵکێك پێبگەیەنن کە پرچەککراو بێت بە زانست و زانیاری و هۆشیاری و مەعریفە، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانن ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتە لە ئەستۆ بگرن.

**لە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ئەرکە پیشەییەکانی قوتابیان و لاوان لە لایەک پاڵپشتیکردنی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان بووە، لە لایەکی دیکەش بایەخدان بووە بە سیستەمی خوێندن**

● **پاڵپشتیکردنی قوتابیان لە پرۆسەی خوێندن**

لە دوای راپەڕین، کاری رێکخراوەیی قوتابیان پێویستی بەوە هەبوو کە خۆیان بۆ شێواز و میتۆدێکی نوێ لە ژیان و خەباتی زانستی و پەروەردەیی ئامادە بکەن، لەم نێوەندەشدا پێویستی بەوە بوو کە ئەم رێکخراوە یارمەتیی ناوەندەکانی خوێندن و هێنانە کایەی پەروەردەی دیموکراسی بدەن، لەو کاتەدا کە

هاووڵاتیانی کوردستان لەژێر هێڵی هەژاریدا بوون، کردنەوەی خولی بەهێزکردن و پێگەیاندن، چاپکردنی مەلزمە و دابینکردن و یارمەتیدانی بەشە ناوخۆییەکانی قوتابیان ئەو بۆشاییە گەورەیە بوو کە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە ئەستۆی گرت و، توانی پێشەنگی ئەو ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییانە بێت لە خزمەتکردن بە چین و توێژەکانی کۆمەڵگە.

**● خەباتی مەدەنی لە سەردەمی شار**

لە بواری هەڵبژاردن و بڵاوکردنەوەی گیانی دیموکراسی لە کوردستاندا یەکێتیی قوتابیان و یەکێتیی لاوان هەر لە یەکەم هەڵبژاردندا ڕۆڵێکی پێشەنگانەیان هەبوو و داینەمۆی کەمپین و بانگەشەی هەڵبژاردنەکان بوون. لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ساڵانەی ناو ناوەندەکانی خوێندن بۆ هەڵبژاردنی نوێنەری قوتابیان لە قوتابخانە و پەیمانگە و زانکۆکان بەشێك بوون لە پەرەدان بە کەلتووری دیموکراسی لە ناو شەقامی کوردیدا، هاوکات لاوانیش لە ناوەندەکانی ڕۆشنبیری و شانۆ و وەرزش و خولەکانی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و کردنەوەی یاریگەی وەرزشی و کردنەوەی کتێبخانەدا ڕۆڵێکی کارایان هەبوو و، ئەوەی ئێستا لەو بوارەدا بەدی هاتووە، بەرهەمی خەباتی ئەو تێکۆشەرانە بووە کە لەو دوو ڕێکخراوەدا کاریان کردووە. یەکێکی دیکە لە کارە سەرەکییەکانی ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیان و یەکێتیی لاوان بەرزکردنەوەی ئاستی ئینتمای نەتەوەیی بووە لە لای تاکی کورد، یەکێتیی لاوان و قوتابیان لە چوارچێوە گشتییەکەدا خزمەتەکانیان تەنیا بۆ ئەو ئەندامانە نەبووە کە لە دەوری ئەو دوو ڕێکخراوە کۆبوونەتەوە، بەڵکو خزمەتەکانیان پەڕیوەتەوە بۆ ڕێکخراوەکانی دیکە و ئامانجی سەرەکییش لێی بەرزکردنەوەی ئینتیمای نیشتمانی و کەلتووری پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لە بەها پیرۆزەکان بووە.

**● یەکڕیزی**

ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیان و یەکێتیی لاوان لە پێناو یەکڕیزیی گەلی کورد هەموو هەوڵێکیان داوە و ڕۆڵی گرنگیان لە نزیککردنەوەی لایەنە سیاسییەکاندا بینیوە، لەم نێوەندەشدا ڕێکخراوەکانی یەکێتیی قوتابیان و یەکێتیی لاوان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەی سەر بە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، لە ڕابردوودا لیژنەیەکیان پێك هێنابوو کە سەرجەم ڕێکخراوەکان بە جیاوازیی ئایدیا و بیروبۆچوونەوە تێیدا ئەندام بوون، ئەو لیژنەیە وێڕای دانانی بەرنامە و میکانیزمی نوێ بۆ خزمەتکردنی لاوان و قوتابیان، لە کاتی ناکۆکیی نێوان لایەنە سیاسییەکانیش، لە ڕێگەی پێشنیارەوە هەوڵی زیادکردنی خاڵە هاوبەشەکان و کاڵکردنەوەی خاڵە ناکۆکەکانی نێو هێزە سیاسییەکانیان دەدا و بەشێك لەو هەوڵانەشیان کاریگەریی ئەرێنی هەبوو.

**● ئەرکی یەکێتیی قوتابیان لە داهاتوودا**

١. پێویستە یەکێتیی قوتابیان کوردستان نەخشەڕێگەیەکی گەورەی هەبێت بە پێی هەلومەرجی ئێستا، کە گونجاو بێت لەگەڵ خواستی قوتابی و ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییانەی کە لە ناو سیستەمەکانی خوێندن و پرۆسەی خوێندن هەیە و، خەون و حەز و ئارەزووەکانی قوتابی بۆ پرۆسەی خوێندن لەبەرچاو بگیرێت، بۆ ئەوەی دوارۆژی خۆی بە باشترین شێوە دیاری بکات.

٢. یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بە وردی کار لە سەر دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکان لە ناو سیستەمی پەروەردە و فێرکردن و خوێندن و خوێندنی باڵا بکات و چارەسەرییەکانیش بخاتە ڕوو.

٣. یەکێتیی قوتابیان بە بەردەوام کار لە سەر ئەوە بکات لە ڕێگەی ئەنجامدانی توێژینەوە و لە ڕێگەی ئەنجامدانی ڕاپرسییەوە هەوڵ بدات ڕای قوتابی وەربگرێت.

٤. لە ڕێگەی لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە کار لەسەر هێنانەکایەی سیستەمی بۆلۆنا بکات، بە شێوەیەك بێت کە قوتابی لە ناو ناوەندەکانی خوێندن چەق یان سەنتەری گرنگیپێدان بێت، لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە سیستەمێکی پەروەردەی پێشکەوتوو و سەرکەوتوویان هەیە، قوتابی چەقی گرنگیپێدانە، ڕای قوتابی لە هەر گۆڕانکارییەکدا کە دەکرێت بە هەند وەردەگیرێت، ئەمەش زەمانەتی ئەوە دەکات کە سیستەمەکە بەرەو پێشتر بچێت، کاتێك قوتابی چەقی گرنگیپێدان بێت، خۆی زیاتر هەست بە ئازار دەکات و کاتێکیش ڕای وەردەگیرێت،

**لە دوای ڕاپەڕین، کاری ڕێکخراوەیی قوتابیان پێویستی بەوە هەبوو کە خۆیان بۆ شێواز و میتۆدێکی نوێ لە ژیان و خەباتی زانستی و پەروەردەیی ئامادە بکەن**

**یەکێتیی قوتابیان و یەکێتیی لاوان هەر لە یەکەم هەڵبژاردندا ڕۆڵێکی پێشەنگانەیان هەبوو و داینەمۆی کەمپین و بانگەشەی هەڵبژاردنەکان بوون**

**یەکێتیی لاوان و قوتابیان لە چوارچێوە گشتییەکەدا خزمەتەکانیان تەنیا بۆ ئەو ئەندامانە نەبووە کە لە دەوری ئەو دوو ڕێکخراوە کۆبوونەتەوە، بەڵکو خزمەتەکانیان پەڕیوەتەوە بۆ ڕێکخراوەکانی دیکە**



بێگومـان دەخرێتـە بـەردەم بەرپرسـیاریەتییەك، بـۆ ئـەوەی پاڵپشـتیی پرۆسـەکە و سیسـتمەکە بـکات.

## ● ئەرکـی یەکێتیـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە داهاتـوودا

١. پێویسـتە یەکێتیـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان هـەر وەك چـۆن لـە ڕابـردوو کاریـان لەسـەر بەرزکردنـەوەی ئینتیمـای نیشـتمانی کـردووە، بـە هەمـان ڕیتم و بگـرە زیاتـر بایـەخ بـەو هەسـتە بدەن و نەوەکانی داهاتوو بە خۆشەویستیی نیشـتمان و پاراسـتنی دەستکەوتەکانی کوردسـتان و ڕێزگرتـن لـە بەهـا پیـرۆزە ئایینـی و نەتەوەییـەکان گـۆش بکـەن.

٢. پێویسـتە بایـەخ بـە حـەز و ئارەزووەکانـی لاوان بـدەن، کـە خـۆی لـە کردنـەوە و بایەخـدان بـە یانـە و کێبڕکـێ وەرزشـییەکاندا دەبینێتـەوە، هەروەهـا بایـەخ بە ئەنجامدانـی کـۆڕ و سـیمینار و وۆرکشـوپ و کردنـەوەی سـەنتەری ڕۆشـنبیری لـە شـار و شـارۆچکە و شـارەدێیەکان بـدەن.

٣. پێویسـت بـە ئەنجامدانـی توێژینـەوەی زانستی هەیە کـە ئاخـۆ یەکێتیی لاوان تـا چەند گرنـگ بـوون لـە پێگەیانـدن و بەرزکردنـەوەی ئینتیمـا و ڕۆڵیـان لـە نـاو کایەکانـی دەسـەڵاتداری لـە هەرێمی کوردستان و لـە نێو حزبـە سیاسییەکان و کۆمەڵگـەدا لـە چ ئاسـتێکدا بـووە، بەمـەش دەردەکەوێـت کـە بـە کردەیـی لیڤـڵ و کێرڤـی لـە چ ئاسـتێکە لـە بـواری پێگەیانـدنـدا.

بـە شـێوەیەکی گشـتی ئـەم دوو ڕێکخـراوە هـەر لـە سـەرتای دامەزراندنیانـەوە ئەرکـی قورسـیان لەسـەر شـان بـووە و دامەزراندنیـان دەسـتکەوتێکی دیکـەی گرنـگ و بایەخـداری بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازیی کوردسـتان بـووە و، خـاوەن سـەنگ و توانایەکـی لەبـن نەهاتـووی پێشـکەوتن و شارسـتانیەتن و، هەرگیـز لـە تێکۆشـان نەسـرەوتوون و بوونەتـە قوتابخانـە و مەکـۆی پێگەیاندنـی دەیـان سـەرکردە و کادری لێوەشـاوە و دڵسـۆز و خەمخـۆر بـۆ گـەڵ و نیشـتمان.

**لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە سیستەمێکی پەروەردەی پێشکەوتوو و سەرکەوتوویان هەیە، قوتابی چەقی گرنگییپێدانە**

## ئیڤۆن پترۆز ئوهان

سەرۆکی لیژنەی کارگێڕیی نەتەوەی ئەرمەن لە هەولێر بۆ گوڵان:

# سەرۆک بارزانی پارێزەری ئاشتەوایی و لێبوردەیی و تەبایی نێوان هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستانە

**سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بەتایبەت جەنابی سەرۆک بارزانی زۆر بە تەنگ ئاشتەوایی و لێبوردەیی و تەبایی بووە لەنێوان هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستاندا**

پێکەوەژیان و لێبوردەیی لە هەرێمی کوردستانی ڕەگ و ڕیشەی قووڵی هەیە و ڕۆچووەتە نێو کەلتووری کۆمەڵگەوە و ئەم پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لە فرەییە لە پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستانیشدا بەرجەستە بووە و ڕەنگی داوەتەوە، ئەمانە و چەند پرسێکی دیکە بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ ئیڤۆن پترۆز ئوهان سەرۆکی لیژنەی کارگێڕیی نەتەوەی ئەرمەن لە هەولێر.



*** یەکێک لە جوانییەکانی کوردستان ئەو پێکەوەژیانە جوانەیە کە هەیە و هەموو جیهانیش بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئەم پێکەوەژیانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان دەکەن، ئایا ئێوە وەك ئەرمەنەکان چۆن سەیری ئەم پێکەوەژیانەی لە هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

- ئەو پێکەوەژیانەی هەرێمی کوردستانە وای کردووە کە لێبوردەیی و ئاشتی و تەبایی لە هەرێمەکەدا بەرقەرار بێت، پێکەوەژیانی هەرێمی کوردستان تەنیا لەو چەند ساڵەی دواییدا نییە، بەڵکو ڕەگ و ڕیشەی لە کۆنەوە هەیە و، لە شۆڕەش و ڕاپەڕینەکانی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستاندا، بەتایبەت لە سەردەمی بارزانیی نەمر کە شۆڕشێکی ڕزگاریخوازی سەرتاسەری بۆ ڕزگارکردنی هەموو گەلی کوردستان و ستەمدیدە ڕاگەیاند، لە شۆڕەشەکەدا بە فیعلی هەموو پێکهاتەکان چ نەتەوەیی چ ئایینی تێیدا بەشداربوون و شەهیدیان دا، لە دوای ڕاپەڕینیشەوە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بەتایبەت جەنابی سەرۆك بارزانی زۆر بە تەنگ ئاشتەوایی و لێبوردەیی و تەبایی بووە لەنێوان هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش وای کرد هەموو نەتەوە جیاجیاکان و ئایین و ئایینزاکان لە حکومەت و پەرلەمان و دامودەزگەکانی هەرێمی کوردستاندا بەشداری پێ بکرێن، کە بووە هۆی ئەوەی پێکەوەژیانەکە زۆرتر بەرجەستە و گەورە و بەرچاو بێت و، هۆکارێك بێت بۆ ئەوەی وڵاتانی دونیا بە چاوی ڕێز و ستایشەوە سەیری بکەن، ئێمەش وەك گەلی ئەرمەنی هەست بە بوونی خۆمان دەکەین لەو پێکەوەژیان و لێبوردەییەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، هەر بۆیە بە ڕێزێکی تایبەتەوە تەماشای ئەو پێکەوەژیانە دەکەین کە گرنگییەکەی زیاتر لەوەدایە هیچ جیاوازییەك لە ماف و ئیمتیازی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستاندا ناکرێت، ئێمە وەك ئەرمەنییەکان دەستی تەواو ڕادەکێشین بۆ پشتگیری و زیاتر گەورەبوونی ئەو پێکەوەژیانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا سەرکەوتوو بووە و بووەتە نموونەیەکی جوانی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوین و هەموو وڵاتانی دونیاش، بەردەوامی و بەهێزبوونی ئەو

**ئێمەش وەک گەلی ئەرمەنی هەست بە بوونی خۆمان دەکەین لەو پێکەوەژیان و لێبوردەییەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە**

**یەکەم ڕۆژی ڕاگەیاندنی کابینەی نۆیەمدا، بەتایبەت کە ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ناو هۆڵی پەرلەماندا کارنامەکەی خوێندەوە، ئێمە وەک گەلی ئەرمەنی دڵنیابووین لەوەی مافەکانمان پارێزراو دەبێ**

**ئێمە وەک ئەرمەنی موزایەدەی سیاسیی هیچ لایەنێک و حزبێک قبووڵ ناکەین و نامانەوێت منەتی کۆتامان لەسەر حیساب بکەن، بەڵکو کورسیی کۆتاکان لە پەرلەمانی کوردستان هەق و مافێکی نەتەوەیی و ئایینی خۆمانە لەو نیشتمانە خۆشەویستەدا**

پێکەوەژیان و لێبوردەییە هۆکارێکی گەورەیە بۆ زیاتر خزمەت و گەشەکردنی هەرێمی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە.

*** ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان درێژەپێدان و پشتگیرکردنی تەواوی ئەو پێکەوەژیانەیە و هەر لە ماوەی کابینەی نۆیەمدا قەداسەتی پاپای ڤاتیکان سەردانی هەولێری کرد، ئەمەش ڕووداوێکی گەورە بوو لەسەر ئاستی جیهان، ئایا ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەم بۆ زیاتر قووڵکردنەوەی گیانی برایەتی و پێکەوەژیان لە کوردستان چۆن دەبینن؟**

- لە یەکەم ڕۆژی ڕاگەیاندنی کابینەی نۆیەمدا، بەتایبەت کە ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ناو هۆڵی پەرلەماندا کارنامەکەی خوێندەوە، ئێمە وەک گەلی ئەرمەنی دڵنیابووین لەوەی مافەکانمان پارێزراو دەبێت و بەشداری کارا دەبین لە هەڵسووڕاندن و جێبەجێکردنی یاساکانی گەلی کوردستاندا و، دامەزراندنی وەزارەتێک بۆ کاروباری پێکهاتەکان و بەشداربوونمان لە چەندین جومگە و دامودەزگای حکومەتی هەرێمدا، ئەوە دەسەلمێنێت کە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان حوکمڕانیی هەموو پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکانی گەلی کوردستانە لە هەرێمدا. لەلایەکی دیکەوە لەو کاتانەی هێرشی تیرۆریستی لە شار و شارۆچکەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق لەسەر کریستیان و چەندین پێکهاتە و ئایین و ئایینزای دیکە هەبوو، بە بڕیاری سەرۆک بارزانی و بە پێشوازیکردنی حکومەتی هەرێم باوەش و دەرگای هەرێمی کوردستان بەڕووماندا کرایەوە، لە پاشان جێگە و شوێنی ژیانیان بۆ دابین کردین، وەک ئەوەی کە بە درێژایی مێژوو لەو خاک و ئاو و هەوا و شوێنەدا ژیابین، هەر ئەو جوانیی پێکەوەژیانە وای کرد، قەداسەتی پاپای ڤاتیکان سەردانی هەرێمی کوردستان بکات و لە نزیکەوە ببینێت کە پێکەوەژیان و لێبوردەیی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان لەو پەڕی گەشەکردندایە، ئەوەش بووە جێگەی سوپاس و ستایشیان و لە داوی گەڕانەوەشی سەرسوڕمانی خۆی بەو پێکەوەژیانەی هەرێمی کوردستان بۆ جیهان ڕاگەیاند. دڵنیاین کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان درێغیی نەکردووە بۆ هێنانەدیی ماف وداواکاریی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان، هەر بۆیە ئێمەش وەک گەلی ئەرمەنی هاوکاری و پشتگیریی خۆمان بۆ سەرکەوتنی کابینەی نۆیەم لە حوکمڕانیی گەلی کوردستان، بەتایبەت لەو لێبوردەیی و پێکەوەژیانە جوان و سەرکەوتووە دەردەبڕین.

*** لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری کوردستاندا، سەرۆک بارزانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە نوێنەری نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان خۆیان مافەکانی خۆیان لە دەستووری کوردستاندا بنووسنەوە و، بە ئاستێک بێت کە خۆیان پێی ڕازی بن، ئایا ئێوە وەک ئەرمەنەکان دەتانەوێت مافەکانتان لە دەستووری کوردستاندا چۆن دیاری بکرێت؟**

- بێگومان دڵنیاین لەوەی کە جەنابی سەرۆک بارزانی چۆن لە کاتی نووسینەوە و ئامادەکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق پێداگری لەسەر ماف و بەرژەوەندیی هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق بە هەرێمی کوردستانەوە کرد، ئاوەها و زیاتریش لە نووسینەوەی دەستوور هەقی بەوە داوە کە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان خۆیان لە نووسینەوەی دەستووری کوردستاندا بەشدار بن، تاوەکو ماف و داواکارییەکانی خۆیان بە خۆیان لە دەستوورەکەدا دیاری بکەن، کە ئەمەش نموونەیەکی زۆر تایبەت و جیاوازە لەوەی لە هەموو دونیادا دەبینرێت، کە دەیسەلمێنێت سەرۆکی و ڕابەری گەلێکی وەک سەرۆک بارزانی دەیەوێت وڵاتێکی هەمەڕەنگ لە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان بنیاد بنێت و ئێمەش بەشدار دەبین لە نووسینەوەی دەستووری کوردستاندا، بەو پێیەی کە جەنابی بارزانی ڕێگەی پێ داوین تاوەکو ماف و بەرژەوەندییەکانمانی تێدا جێگیر بکرێت.

*** لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا هەر لە ساڵی ١٩٩٢ تا ئێستا بۆ پاراستنی فرەڕەنگی، سیستمی کۆتا بۆ نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان لە کوردستان دانراوە و ژمارەی کورسییەکانی کۆتا ١١ کورسییە، کە بە سەریاندا دابەش کراوە، لە**

**بەرانبەر ئەم ١١ کورسییە، ١٠٠ کورسیی دیکە هەیە کە بەسەر هێزە کوردییەکاندا دابەش کراوە، پرسیار ئەوەیە بۆچی کە دێتە سەر باسی دووبارە ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردن لە کوردستان، هەندێك لایەن دێنەسەر باسی کورسیی کۆتاکان و ئەم پرسەیان کردووە بە کێشە، ئایا چارەنووسی خۆتان وەك پێکهاتە جیاوازەکان و بەشێکی سەرەکیی گەلی کوردستان سەبارەت بە گوشاری ئەو حزبە سیاسییانە بۆ لەبەریەك هەڵوەشانی کورسیی پێکهاتە جیاوازەکان چۆن دەبینن؟**

- ئێمە وەك ئەرمەنی موزایەدەی سیاسیی هیچ لایەنێك و حزبێك قبووڵ ناکەین و نامەنەوێت منەتی کۆتامان لەسەر حیساب بکەن، بەڵکو کورسیی کۆتاکان لە پەرلەمانی کوردستان هەق و مافێکی نەتەوەیی و ئایینی خۆمانە لەو نیشتمانە خۆشەویستەدا و، نامانەوێت چارەنووسمان بکەوێتە ژێر دەست و گوشاری حزبە سیاسییەکانەوە، بەتایبەت ئەوانەی لە دژی کۆتاکان هەڵویستی خراپیان نواندووە و موزایەدەی سیاسی بەو کورسییانەوە دەکەن، دیارە ئەو لایەن و حزبانەی ئەو قسانە دەکەن، جگە لەوەی پاساوی سەرنەکەوتنیانە لە هەڵبژاردنی ئەو جارەی پەرلەمانی کوردستان و دەیانەوێت بە ئارەزووی خۆیان کورسییەکان بۆ ئێمە دیاری بکەن، کە ئەوەش جێگای قبووڵ نییە.

*** نوێنەری کۆتای نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان زۆر جار لەناو پەرلەمان لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی هاوهەڵوێستن، ئەمەش وای کردووە کە هەندێك حزب بەوە تاوانبارتان بکەن کە ئێوە پارتین، پرسیار ئەوەیە بۆچی لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان هاوهەڵوێستن؟**

- ئێمە وەك گەلی ئەرمەنی لە کوردستاندا هەمیشە هاوهەڵویست دەبین لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بەگشتی و لەناو پەرلەمانیش لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی، چونکە پارتی هەمیشە داکۆکیکار و پارێزەرێکی بەردەوام و هەمیشەیی و مێژوویی ماف و بەرژەوەندییەکانی پێکهاتەکانی گەلی کوردستانە، بەتایبەت مافی گەلی ئەرمەنی، لەلایەکی دیکەوە پارتی دیموکراتی کوردستان لەو کاتەوە دامەزراوە، وەك چەترێك بووە بۆ هەموو کەس و لایەن و نەتەوە و ئایین و ئایینزایەك لە کوردستان بێت، یان لە دەرەوەی کوردستان، سەرکردە و ڕابەرانی ئەو حزبە بە بیر و هزرێکی دوور لە دەمارگیریی نەتەوەییەوە سەیری بەرانبەر خۆیان دەکەن، لایەنێکی دیکە لە ناو بیر و ڕێبازی بارزانیدا ڕەگی داکوتاوە و کاری بەردەوامی بۆ دەکات، ئەویش هاتنەدیی مافی مرۆڤ و مومارەسەکردنی دیموکراتییەت و پاراستنی کەسایەتیی تاکی کوردستانە بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، کە ئەمەش لە ڕووی نەتەوەیی و ئایینیەوە لەلای ئێمە لە هەموو شتێك گەورەتر و پیرۆزترە، بۆیە پشتیوانی و هاوهەڵویستیی خۆمانی وەك گەلی ئەرمەنی بۆ دەردەبڕین.

*** هەتا ئێستاش پارتی دیموکراتی کوردستان پشتگیریی ئەوە دەکات کە کورسیی کوردستان یەك بازنە بێت و دابەش نەکرێت، ئایا بۆچی گرنگە کورسیی کۆتاکان لە یەك بازنەدا دەنگی پێ بدرێت؟**

- ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرگریی لێ دەکات، بۆ بەرژەوەندیی گشتیی هەرێمی کوردستان و ئەو پێکەوەژیان و لێبوردەییە جوانەیە کە تێدا سەرکەوتوو بووە، پارتی دەزانێت ئەگەر سیستمی هەڵبژاردن یەك بازنەیی نەبێت، هەق و دەنگی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان دەفەوتێت و بەشدار نابن لە پەرلەمان و دانانی یاساکانی هەرێمەکەدا، ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەو شانازییانەی کە بەر پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەوێت لە حوکمڕانیی هەرێمدا، کە کەس ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات، ئێمە دڵنیاین ئەگەر پارتی نەبێت و داکۆکی لە پێکهاتەکان نەکات، ئەوە حزب و لایەنەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان نەك ماف و بەرژەوەندییەکانمان پێ نادەن، بەڵکو ژیانیشمان پێ ڕەوا نازانن، هەر بۆیە ئێمە وەك گەلی ئەرمەنی داوا دەکەین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرێت و یەك بازنەیی بێت، تاوەکو ئێمە و هەموو پێکهاتەکانی دیکە بە هەق و مافی خۆمان شاد بین.

**لایەنێکی دیکە لە ناو بیر و ڕێبازی بارزانیدا ڕەگی داکوتاوە و کاری بەردەوامی بۆ دەکات، ئەویش هاتنەدیی مافی مرۆڤ و مومارەسەکردنی دیموکراتییەت و پاراستنی کەسایەتیی تاکی کوردستانە بە هەموو پێکهاتەکانیەوە**

**پارتی دەزانێت ئەگەر سیستمی هەڵبژاردن یەک بازنەیی نەبێت، هەق و دەنگی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان دەفەوتێت و بەشدار نابن لە پەرلەمان و دانانی یاساکانی هەرێمەکەدا، ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەو شانازییانەی کە بەر پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەوێت**

**دڵنیاین ئەگەر پارتی نەبێت و داکۆکی لە پێکهاتەکان نەکات، ئەوە حزب و لایەنەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان نەک ماف و بەرژەوەندییەکانمان پێ نادەن، بەڵکو ژیانیشمان پێ ڕەوا نازانن**



**دکتۆر ئەحمەد سەفار**

پسپۆڕی دارایی و ئابووری بۆ گوڵان:

# حکومەت و بانکی ناوەندی بۆ گەڕاندنەوەی بەهای دینار هەنگاوی باشیان ناوە، لەمەش گرنگتر جێبەجێکردنی سیستمی بانکی سیوفتە

**دکتۆر ئەحمەد سەفار پسپۆڕی دارایی و ئابووری کە بڕیاردەری پێشووی لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراقیش بوو، لەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵاندا جەختی لەسەر پرسی ناجێگیریی بەهای دیناری عێراقی بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی کردەوە. لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** دوای هەوڵەکانی محەمەد شیاع سوودانی و بانکی ناوەندیی عێراق، تا ڕادەیەك بەهای دینار ڕووی لە هەڵکشان کردەوە، بەڵام هێشتا نرخەکەی بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی ناجێگیرە و لە ئاستی خواستی شەقامدا نییە، ئایا تاچەند ئەم هەوڵانە دەبێتە هۆی جێگیریی بەهای دیناری عێراقی بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی؟**

- ناجێگیریی بەهای دیناری عێراقی بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی و پرسی نرخی دینار، خۆی لە خۆیدا کەموکورتییەکە لە ناو دۆخی ئابووری و سیاسەتی نەختینەیی عێراقدا، لە ئێستاشدا هەندێك فاکتەری دەرەکیشی هاتووەتە سەر، لە ساڵی٢٠٠٣ وە هەر حکومەتێك هاتووەتە سەر حوکم، بۆ سیستمی ئابووری و دارایی عێراق هیچیان نەکردووە، بۆیە پەیکەری ئابووریی عێراق و فەلسەفە و دیدگەی ئابووریی ئەم وڵاتە تەواو نییە و، بەرهەمی ناوخۆیی زۆر زۆر لاوازە، بۆ پڕکردنەوەی بازاڕ، پشتی بە هاوردەکردنی کاڵا و پێداویستییەکانی بە دۆلاری ئەمریکی بەستووە، ئەم بڕە دۆلارەش کە لە فرۆشتنی نەوتەکەی لە بانکی فیدراڵی ئەمریکا دەهاتە عێراق و لە چەند ساڵی ڕابردوودا تا ڕادەیەکی باش هاتنی بڕەکەی جێگیر بوو، خۆ ئەگەر بەرزیی بەهای نەوت و ئەو یەدەگە دراوەی بانکی ناوەندی نەبوایە، ئەوا دۆخی ئێستای دارایی عێراق لە ئێران و لوبنان و سووریا باشتر نەدەبوو.

بە شێوەیەکی گشتی داشکانی بەهای دینار بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە:

١. لاوازیی حکومەتی عێراق لە ڕووی ئابووری و سیاسەتی دارایی و نەختینەییەوە.

٢. توانای کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی نییە و ڕۆژانە ملیارەها دۆلار ئاودیو دەکرێت.

٣. کۆنترۆڵکردنی بازاڕ و چاودێری و بەدواداچوونی لاوازە.

٤. بانکی ناوەندیی عێراق لە هەر دوو ئەرکی سەرەکیدا سەرکەوتوو نەبووە، لە پارێزگاریکردن لە جێگیریی بەهای دینار و چاودێریکردنی کەرتی بانکی.

عێراق تەنیا وڵاتێکە لە جیهاندا زۆرترین بانکی ناحکوومی هەبێت کە خۆی لە ٧٢ بانك بدات، کەچی زۆرینەی ئەم بانکانە هەر تەنیا سەرقاڵی کڕینەوە و ئاودیوکردنی دۆلارن، بانکی ناوەندییش کە وا پێویست بوو دامەزراوەیەکی سەربەخۆ بێت، ئەویش بەپێی ڕێکارە زانستی و نەختینەییەکان هەڵسوکەوتی نەکردووە و خۆی بە بێئاگا دادەنێت لە بەرانبەر ئاودیوکردنی ئەو دۆلارە زۆرەی حەواڵەی کردووە.

*** بەڵام حکومەتەکەی سوودانی بە پاڵپشتیی ئیتاری تەنسیقی و هەموو ئەو لایەنانەی لە ناو چوارچێوەی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتدان، بەڵێنی بەرزکردنەوەی بەهای دیناری عێراقیان بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی داوە، بەتایبەتی دوای دروستبوونی نارەزایەتییەکی زۆری هاووڵاتیان، پرسیار لێرەدا ئەوەیە تاچەند حکومەتەکەی سوودانی لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی سەرکەوتوو بووە؟**

- پێش وەڵامدانەوەی پرسیارەکە، دەبێت کەمێك بگەڕێینەوە بۆ ڕووداوەکانی دواوە و بزانین چی ڕووی داوە. حکومەتەکەی سوودانی کە پێکهێنرا، کۆمەڵێك بەڵێنی لەسەر بەرزکردنەوەی بەهای دیناری عێراقی دا، لە هەموو سەردانەکانیشیدا بۆ سعودیە و چین و بەرلین و فەرەنسا و وڵاتانی دەرەوە، باسی لە بەرنامە و هەنگاوەکانی دەکرد کە لە ڕووی ئابووری و دارایی و نەختینەییەوە ئومێدی زۆری لەسەر هەڵچنی بوو، لە بەرانبەریشدا بەڵێنی هاوکاری و پاڵپشتیی ئەو وڵاتانەی دەست کەوت، ئەی چی ڕووی دا؟ ئەوەی ڕووی دا، دوای سەردانەکەی سوودانی بوو بۆ وڵاتی ئێران کە گفتوگۆکانی تایبەت

**لە ساڵی٢٠٠٣ وە هەر حکومەتێک هاتووەتە سەر حوکم، بۆ سیستمی ئابووری و دارایی عێراق هیچیان نەکردووە، بۆیە پەیکەری ئابووریی عێراق و فەلسەفە و دیدگەی ئابووریی ئەم وڵاتە تەواو نییە**

**عێراق تەنیا وڵاتێکە لە جیهاندا زۆرترین بانکی ناحکوومی هەبێت کە خۆی لە ٧٢ بانک بدات، کەچی زۆرینەی ئەم بانکانە هەر تەنیا سەرقاڵی کڕینەوە و ئاودیوکردنی دۆلارن**

**کە خستنەڕووی دۆلار لە ئەمریکاوە بۆ عێراق کەم بکات و لە ئێرانیشەوە بە لێشاو دینار بهێنرێت و بۆ ئاودیوکردنی دۆلار بخرێتە بازارەوە، خواست لەسەر دۆلار زۆر دەبێت و خستنەڕووی دۆلار کەم دەبێت**

**ئێستا وەسڵی ساختەی بازرگانی بۆ وەرگرتنی حەواڵەی دۆلار دەهێنرێت بە بڕی ١٠ ملیۆن دۆلار، کەچی لە ڕاستیدا تەنیا بۆ هێنانی یەک ملیۆن دۆلار کاڵایە**

**ئەگەر حکومەت پەلە نەکات و ئەو هەڵاوسانە بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەم نەکاتەوە، ئەوا چیتر خەڵک تەحەمولی گرانییەکە ناکەن**

**بەڵێندان و جێبەجێنەکردنی یەکێکە لە خەسڵەتەکانی لایەنە سیاسییەکانی ناو ئیتاری تەنسیقی بووە، ئەمە لە ڕووی پێدانی سلفەی مانگانەی ٢٠٠ ملیارەکە و ماددەی ١٤٠ و هەموو بەڵێنەکانی دیکەشەوە بە ڕوونی دەرکەوت**

**ئەگەر پرۆژە یاسای بودجە بهێنرێتە ناو پەرلەمانیشەوە ئەوا بە تەئکید گرژی و موزایەدە و پشێوییەکی زۆری بەدوادا دێت و تا مەرجەکانی سەر هەرێمی کوردستان قورس نەکرێت، بودجەکە پەسەند ناکرێت**

بوون بە دانەوەی قەرزەکانی عێراق، بەتایبەتی لە ڕووی کارەبا و غازەوە کە چوار ملیار دۆلار بوو، هەموو ئەم قەرزانە بە ناچاری بە دینار درایەوە، کە نزیکەی حەوت تریلیۆن دینار بوو، چونکە ئەمریکا قبووڵی نەکرد ئەو وڵاتەی گەمارۆی لەسەر داناوە عێراق بچێت و بە دۆلاری دراوی سیادیی ئەمریکا قەرزەکانی بداتەوە. ئێرانیش بۆ فریاکەوتنی ئابووریی وڵاتەکەی و ڕێگەگرتن لە دارمانی زیاتری دراوەکەی، هەموو ئەو پارەیەی هێنایەوە ناو بازاڕەکانی عێراق و لە ڕێگەی زۆر لە بازرگان و بانك و کۆمپانیاکانەوە کردییەوە بە دۆلار، لە هەمان کات ئەمریکا بۆ ڕێگرتن لە ئاودیوکردنی دۆلاری ئەمریکی لە عێراقدا هەڵسا قەبارەی ئەو دۆلارەی کە تەحویلی بانکی ناوەندیی عێراقی دەکرد و لە پارەی فرۆشتنی نەوتەوە لەو بانکە دانرابوو، بڕەکەی یەکجار کەم کردەوە، بەتایبەتی ئەو مۆڵەتەی ئەمریکا دابوویە عێراق، کۆتایی هات بەوەی چیتر نابێت بانکی ناوەندی بەو مامەڵە کلاسیکییە کۆنە کار بکات و، دەبێت بچێتە ناو سیستمی بانکی (سیوفت)ـەوە. باشە کە خستنەڕووی دۆلار لە ئەمریکاوە بۆ عێراق کەم بکات و لە ئێرانیشەوە بە لێشاو دینار بهێنرێت و بۆ ئاودیوکردنی دۆلار بخرێتە بازاڕەوە، خواست لەسەر دۆلار زۆر دەبێت و خستنەڕووی دۆلار کەم دەبێت، بەمەش بەهاکەی بەرانبەر دینار زۆر بە خێرایی بەرز دەبێتەوە و داشکانی بەهای دیناری لێ دەکەوێتەوە.

بێگومان هەنگاو و ڕێکارەکانی بانکی ناوەندی و حکومەتی عێراق بۆ ڕاگرتنی دۆخەکە و باشکردنی بەهای دینار کارێکی باش بوو، هەرچەندە من پێم وایە ئەم هەنگاوانە هێشتا کەمن و پێویستە بانکی ناوەندی و حکومەتی عێراق هەنگاوی زیاتر و گەورەتر بنێن، هەرچۆنێك بێت هاتنی عەلی عەلاف بۆ بەڕێوەبردنی بانکی ناوەندی کە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هەردوو دامەزراوەی بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی نەختیی نێودەوڵەتی هەیە و شارەزاییەکی باشی هەیە، لەگەڵ هاتنە پێشەوەی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە ئومێدێکمان دەداتێ، بەڵام دەبێت عێراق بچێتە ناو سیستمی نێودەوڵەتیی بانکی سیوفتەوە، بۆ بەئەلەکترۆنیکردنی سیستمی بانکی، کە لە ڕووی هاتوچۆکردنی دراو و مامەڵەکان و دراوی حەواڵەوە شەفافییەتێکی زۆری لێ دەکەوێتەوە، کە دواجار بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە و ڕێگەگرتن لە ئاودیوکردن و گەمەکردن بە دراو و ساختەکاری لە وەسڵی بازرگانی زۆر گرنگە، ئێستا وەسڵی ساختەی بازرگانی بۆ وەرگرتنی حەواڵەی دۆلار دەهێنرێت بە بڕی ١٠ ملیۆن دۆلار، کەچی لە ڕاستیدا تەنیا بۆ هێنانی یەك ملیۆن دۆلار کاڵایە، ئەم سیستمی بانکی سیوفتە بۆ ڕێگەگرتن لەم گەندەڵی و تاوانە زۆر گرنگە، لە ڕوانگەی ئابوورییشەوە تەنیا ڕێگە بۆ چارەسەربوونی دۆخی دارایی و ئابووریی عێراق ڕووکردنە بەرهەمهێنانی ناوخۆیە.

*** وەکو پسپۆڕێکی ئابووری و شارەزا لە دۆخی دارایی عێراق، پێت وانییە چیتر هاووڵاتیانی عێراق تەحەمولی دۆخی هەڵاوسان و بەرزیی ڕێژەی بێکاری و هەژاری ناکەن و ڕەنگە فشارەکانی شەقام ڕۆڵیان لە خێراکردنی چارەسەرەکاندا هەبێت؟**

- ئەم حکومەتە دوای کۆمەڵێك بەڵێنی زۆر بۆ خەڵکی هاتووە، لە دەرەوەی هاوپەیمانی بەڕێوەبردنی دەوڵەتیش کەم نین دەسەڵاتی سەدرییەکان و تشرینییەکان و ناڕەزایەتییەکانی شەقام، ئەگەر حکومەت پەلە نەکات و ئەو هەڵاوسانە بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەم نەکاتەوە، ئەوا چیتر خەڵك تەحەمولی گرانییەکە ناکەن، بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕێژەی بەرزبوونەوەی نرخی هەندێك کاڵا و دەرمان لە ٣٠٠٪ تێپەڕی کردووە، شکستی حکومەتیش واتە شکستی لایەنەکانی ئیتاری تەنسیقی، بۆیە ئەو ١٠٠ ڕۆژەی لەسەر پێکهێنانی حکومەتەکەی سوودانی تێپەڕی کردووە کە زۆر لە بەڵێنەکانی بۆ جێبەجێ نەکراوە، هەر لە دەرکردنی یاسای نوێی هەڵبژاردن و یاسای ئەنجومەنی فیدراڵی و جێبەجێکردنی ماددە دەستوورییەکان و کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاری و بێکاری و پێدانی سلفەی ٢٠٠ ملیارەکە بە هەرێمی کوردستان و دەیان بەڵێنی دیکە، لۆدی سەر حکومەتەکەی سوودانیی زیاتر کردووە و دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەکەش دەستی واڵا نەکردووە.



*** باسی بودجەی گشتیی ساڵی ٢٠٢٣ی عێراقت کرد، ئایا دەتوانین بڵێین بودجەیەکی وا گەورە کە خۆی لە ٢٠٠ تریلیۆن دینار دەدات، ئومێدێکی باشە بۆ حکومەت و خەڵکی؟**

- بودجە، فەلسەفەی حکومەتە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، ناکرێت هەڵسانگاندنی بودجەکە تەنیا بە گەورەیی و بچووکی قەبارەکەی بکرێت، تۆ دەزانیت لۆدی قورسایی مووچەخۆران لە ناو بودجەکەدا چەند زۆرە، پێشتر ٤٣ تریلیۆن دینار بووە و لەم بودجەیەدا بووە بە ٦٣ تریلیۆن، ئاستی بەرهەمهێنانیش بەو ڕاددەیە کەم بێت و گەندەڵی و بەسیاسیکردنی هەموو سێکتەرەکان هەبێت و، لەولاشەوە بەڵێنی دامەزرانی دەیان هەزار گەنجی دەرچووی نوێت دابێت، هەموو ئەم بەڵێنانە جێبەجێکردنی قورسە، بۆیە من زۆر دڵخۆش نیم بەم حکومەتە کە درێژکراوەی حکومەتەکانی پێشووە.

*** ئەم نائومێدی و ڕەشبینییە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیشی بەرانبەر هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، بەتایبەتی لە ڕووی ئابووری و داراییەوە، کە لەسەر بنەمای کۆمەڵێك ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتن هاوپەیمانێتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت حکومەتەکەیان دامەزراند؟**

- بەڵێندان و جێبەجێنەکردنی یەکێکە لە خەسڵەتەکانی لایەنە سیاسییەکانی ناو ئیتاری تەنسیقی بووە، ئەمە لە ڕووی پێدانی سلفەی مانگانەی ٢٠٠ ملیارەکە و ماددەی ١٤٠ و هەموو بەڵێنەکانی دیکەشەوە بە ڕوونی دەرکەوت، باشە کاتێك سەرۆك وەزیران ئەو دەسەڵاتەی هەبێت، سلفەیەك بداتە پارێزگاکانی بە هەرێمی کوردستانیشەوە تا بودجەکە پەسەند دەکرێت، کەچی ئەمەیان قبووڵ نەکردووە و بە دەستی ئەنقەست دوایان خست تا بڕیاری دادگا دەرچوو، تەنانەت ئەگەر پڕۆژە یاسای بودجە بهێنرێتە ناو پەرلەمانیشەوە ئەوا بە تەئکید گرژی و موزایەدە و پشێوییەکی زۆری بەدوادا دێت و تا مەرجەکانی سەر هەرێمی کوردستان قورس نەکرێت، بودجەکە پەسەند ناکرێت، من بەپێی ئەو ئەزموونەی لە بەغدا هەمە، لە نزیکەوە بینیم عەقڵییەتی دەسەڵاتی جێبەجێکار و پەرلەمانی و سیاسی و دادگایی و لایەنە سیاسییەکانیش سیستمی فیدراڵییان پێ قبووڵ نییە و تەنیا بڕوایان بە دەسەڵاتی ناوەندیی سەرتاسەریی توند هەیە، بۆیە هەرگیز گەشبین نیم بە مامەڵەی ئەم حکومەتە و حکومەتەکانی دیکەش بەرانبەر خەڵکی کوردستان و قەوارەی فیدراڵییەت.

**عەقڵییەتی دەسەڵاتی جێبەجێکار و پەرلەمانی و سیاسی و دادگایی و لایەنە سیاسییەکانیش سیستمی فیدراڵییان پێ قبووڵ نییە و تەنیا بڕوایان بە دەسەڵاتی ناوەندیی سەرتاسەریی توند هەیە**

پرۆفیسۆر ئەنتۆنی کۆردسمان، توێژەرە لە سەنتەری دیراساتی ستراتیژی و نێودەوڵەتی و چەندین توێژینەوەی نووسیوە لە بارەی ستراتیژییەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پلانەکانی بەرگری و وانەکانی جەنگی هاوچەرخ و نوێکردنەوەی ناتۆ و هێزی سەربازی چین و بڵاوبوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پێشتر لە نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە و بەرگری ئەمریکا کاری کردووە، هەروەها وانەبێژی ئاسایشی وزە بووە لە زانکۆی جۆرج تاوون و خاوەنی خەڵاتی خزمەتی ناوازەی وەزارەتی بەرگری و یاریدەدەری ئاسایشی نەتەوەیی سیناتۆر جۆن مەککەین بوو. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد لەبارەی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

### پرۆفیسۆر ئەنتۆنی کۆردسمان بۆ گوڵان:

# کێشەکە ئەوەیە نازانین شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا کەی و چۆن کۆتایی پێ دێت

## دیمانەی تایبەت



*** چۆن لە پەرەسەندن و پێشهاتەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەڕوانن و بۆچی ڕووسیا هێندە پێداگری لەسەر درێژەپێدانی ئەم شەڕە دەکات سەرەڕای ئەو گورزە سەربازییانەی ڕووبەڕووی بووەتەوە؟**

- بە تێڕوانینی من ئەمە شەڕێك نییە کە پەیوەست بێت بە خاکەوە (ئەگەرچی خاك گرنگیی خۆی هەیە)، بەڵکو ئەمە لە بنەڕەتدا شەڕێکە لە پێناو بەرفراوانکردنی قەبارە و هێزی ڕووسیا، بۆ ئەوەی پێگەی ڕووسیا وەك هێزێکی مەزنی جیهان بچەسپێنێت، بەم واتایە ئەمە شەڕێکی ئایدیۆلۆژییە و لە دیدی ڤلادمیر پوتینەوە پێداویستییەکی ستراتیژییە بۆ ڕووسیا، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەوەی کە درێژە بە شەڕەکە دەدات، ئێستاش ئێمە ڕووبەڕووی کێشەیەك بووینەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە کۆتایی ئەم شەڕە دیار نییە، چونکە ئەم شەڕەی ڕووسیا لە دژی ئۆکرانیا چەشنێکە لە شەڕی ئیستینزاف و بۆی هەیە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەردەوام بێت، تەنانەت ئەگەر ئاگربەستیش ڕابگەیەندرێت، ئەوا ئەمە بە مانای بە فەرمی کۆتاییهاتنی شەڕەکە نایەت و دەکرێت بە بێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە هەڵبکشێت، بەڵام یەکێك لە دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕە ئەوەیە کە ڕۆژ بە ڕۆژی ئابووریی ئۆکرانیا بەرەو ئیفلیجبوون دەبات، بە چەشنێك کە ئاوەدانکردنەوە و بووژاندنەوەی ئەو وڵاتە زیاتر و زیاتر دژوار دەبێت و ئەو کەسانەی کە ئاشنا نین بە وڵاتی ئۆکرانیا، ئەوا ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە چەندین پیشەسازیی تێدایە، مەبەستم

**ئەم شەڕەی ڕووسیا لە دژی ئۆکرانیا چەشنێکە لە شەڕی ئیستینزاف و بۆی هەیە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەردەوام بێت، تەنانەت ئەگەر ئاگربەستیش ڕابگەیەندرێت، ئەوا ئەمە بە مانای بە فەرمی کۆتاییهاتنی شەڕەکە نایەت**

ئەوەیە ئۆکرانیا زۆرێك لە ئابوورییەکەی لەدەست داوە، لەبەر ئەوە کێشەکە ئەوەیە نازانین کەی و چۆن ئەم شەڕە کۆتایی پێ دێت، بەڵام دەزانین کە دەکرێت درێژە بکێشێت و زیان و وێرانکاریی زیاتری لێ بکەوێتەوە، تەنانەت ئەگەر بۆ شەش مانگی دیکەش درێژە بکێشێت.

*** ئێوە لە نووسینێکتاندا لە مانگی نیسانی ساڵی ڕابردوودا ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەگەر هەر چارەسەرێك بۆ ناکۆکی و شەڕەکەی ئێستا بێتەئاراوە، ئەوا هێشتا ئەگەری هەڵگیرسانەوەی شەڕەکە لە ئارادا دەمێنێت، چی وای لێ کردن بگەنە ئەم دەرئەنجامە؟**

- لە ڕاستیدا ئەو کەسانەی هەمیشە پێیان وایە دەکرێت چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ ئەم شەڕە بدۆزرێتەوە، پێویستە دەرك بەوە بکەن کە نیوەی شەڕەکانی جیهان کە دەگەنە ئاگربەست، یان ڕاوەستن، یان ڕێککەوتنیان لێ دەکەوێتەوە، دووبارە سەرهەڵدەدەنەوە، هەروەها دەبێت بزانین هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕەکان ڕیشەیەکی قووڵی سیاسی، یان ئایینی یانیش کەلتوورییان هەیە، لەبەر ئەوە کاتێك شەڕەکەش کۆتایی پێ دێت، ئەوا سەرلەنوێ ڕوودەداتەوە، کەواتە ئەوەی پەیوەست بێت بەم شەڕەوە، ئەوا تەنانەت ئەگەر چارەسەرێکیشی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەوا گرفتەکە بۆ زۆرێك لە وڵاتانی ئەورووپا ئەوە دەبێت کە چۆن دەتوانن متمانە بە ڕووسیا بکەن و ئایا هەنگاوی دواتر چی دەبێت.

*** ڕاستە ئەم شەڕە کوشتار و کاولکارییەکی زۆری بە سەر ئۆکرانیادا هێناوە، بەڵام ئاشکرایە ئاراستە و ئەنجامی شەڕەکەش تا ئێستا بە خواستی ڤلادمیر پوتین نەبووە، کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە پوتین لە کوێدا بە هەڵەدا چووە؟**

- ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە ڕووسیا پێی وابوو کە بە لەشکرکێشییەکەی لە وڵاتی خۆی و لە بیلارووسیاوە دەتوانێت لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا ئۆکرانیا داگیر بکات، هەرگیز باوەڕیان نەدەکرد ڕووبەڕووی ئەو مەترسییە سەربازییە ببنەوە، چونکە پێیان وابوو زۆر باڵادەستتر و بەتواناترن لە ڕووی سەربازییەوە لەوەی کە هەبوون، هەڵەیەکی دیکە ئەوە بوو باوەڕیان وایە کە کاردانەوە و پەرچەکرداری ئەورووپییەکان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەوە لاوازتر دەبێت کە بەدییان کرد، کەواتە لەم ڕووەوە زیاتر لە فاکتەرێك لە ئارادایە، لەبەر ئەوە ئەگەر پرسیارەکە ئەوە بێت: ئایا زیادەڕۆوییان کرد لە هەڵسەنگاندنی توانا سەربازییەکانی خۆیاندا؟ ئەوا وەڵامەکە بەڵێیە، ئایا بەرپەرچدانەوە و بەرەنگاربوونەوەی ئۆکرانییەکانیان بە کەم گرت؟ ئەوا بەڵێ وایە، ئەگەر بڵێین ئایا بە هەڵەداچوون لە بارەی وەڵامدانەوەی خێرای جیهان، بەتایبەتی ئەورووپییەکان و ئەمریکا، ئەوا دووبارە وەڵامەکە بەڵێیە.

*** ئێوە ئاماژەتان بە کاردانەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا کرد، بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ئەم شەڕەدا، کە تا ئێستا ئامادەییەکی زۆر بەدی دەکرێت بۆ پێدانی چەك بە ئۆکرانیا و پاڵپشتیکردنی دارایی ئەو وڵاتە، بەڵام ئایا ئەم هاوکارییانە بەردەوام دەبن ئەگەر شەڕەکە بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە و تا ئێستا وەڵامەکە بەڵێ بووە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەم شەڕە لەوە زیاتر درێژەی کێشا کە ئومێدی ئەوەی بۆ دەکرا کۆتایی پێ بێت، دووبارەی دەکەمەوە ناتوانین ئەوە یەکلا بکەینەوە کە چۆن و کەی کۆتایی پێ دێت. دواتر پرسەکە تەنیا پەیوەست نییە بە هاوکاریکردنی ئۆکرانییەکانەوە بۆ ئەوەی درێژە بە شەڕکردن بدەن، بەڵکو پشتیوانیکردنیانە بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەیان، چونکە تەنانەت ئەگەر شەڕەکەش کۆتایی پێ بێت، ئەوا پێویستە وڵاتەکە ئاوەدان بکرێتەوە، ئومێدەکە ئەوەیە یەکێتیی ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوکاریی ئۆکرانیا بکەن لەم ڕووەوە، بەڵام لێرەشدا پرسیارەکە ئەوەیە کە شەڕەکە چەند کاولکاری و وێرانکاریی زیاتر بەسەر ئۆکرانیادا دەهێنێت.

*** ئاشکرایە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەندین سزای ئابووری و داراییان بەسەر ڕووسیادا سەپاندووە، بەڵام ئەم سزایانە نەبوونەتە هۆی ئیفلیجکردنی ئابووریی ئەو وڵاتە، یان**

**یەکێك لە دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕە ئەوەیە کە ڕۆژ بە ڕۆژی ئابووریی ئۆکرانیا بەرەو ئیفلیجبوون دەبات**

**تەنانەت ئەگەر چارەسەرێکیشی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەوا گرفتەکە بۆ زۆرێک لە وڵاتانی ئەورووپا ئەوە دەبێت کە چۆن دەتوانن متمانە بە ڕووسیا بکەن و ئایا هەنگاوی دواتر چی دەبێت**

**ئابووریی ڕووسیا زۆر بچووکتر و لەرزۆکترە لە ئابووریی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، دەکرێت لەم ڕووەوە لە قەبارەی ڕووسیا بڕوانین کە ئاشکرایە کۆنترۆڵی بە سەر ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا لەدەست دا**

**ناچارکردنی بە ڕاگرتنی شەڕەکە، ئێوە چۆن لە کاریگەریی ئەم سزایانە دەڕوانن ؟**

- من پێم وایە زیادەڕۆییەك هەبوو لە بارەی کاریگەریی ئەم ڕێکارانەوە لە سەرەتاوە، ئێمە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئابووریی ڕووسیا زۆر بچووکتر و لەرزۆکترە لە ئابووریی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، دەکرێت لەم ڕووەوە لە قەبارەی ڕووسیا بڕوانین کە ئاشکرایە کۆنترۆڵی بە سەر ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا لەدەست دا، لە هەمان کاتدا زیادەڕەوییەك هەبوو لەبارەی چارەنووسی هەناردەی وزەی ڕووسیاوە و بە هۆی هاوکاریی ئۆپیك+١ ئەوا ئەم سزایانە زیانێکی کەمتری بە وڵاتانی هەناردەکاری وزە گەیاند وەك لەوەی مەزەندە دەکرا.

*** بە تێڕوانینی ئێوە ئەم دۆخە تا چەند بووەتە هۆی ئەوەی وڵاتانی ئەورووپا بە حیساباتی خۆیاندا بچنەوە لەبارەی ئاسایشی وزەوە، بەتایبەتی کە هەوڵی ئەوە دەدەن بە یەکجاری خۆیان لە هاوردەکردنی وزە لە ڕووسیاوە دابڕن؟**

- ئەوەی بەدی دەکرێت هەوڵ و هەنگاوەکانی وڵاتانی ئەورووپایە بۆ ئەوەی چیتر پشت نەبەستن بە هاوردەکردنی وزەی ڕووسیا، لە ئێستاشدا سەرقاڵی ئەوەن لە شوێنی دیکەوە غازی شلی سرووشتی هاوردە بکەن و، لە هەوڵی ئەوەدان بڕێکی زیاتر نەوت هاوردە بکەن، بەڵام کاریگەرییەکی دیکە کە سەرنجی نەخراوەتەسەر ئەوەیە کە کێشەکە تەنیا پەیوەست نییە بە ڕووسیاوە، بەڵکو پەیوەستە بە دەروهایشتە خراپەکانی بەکارهێنانی نەوت و غازەوە لەسەر ژینگە، کە ئەمەش فشاری لەسەر وڵاتان دروست کردووە کە کەمتر ئەم سەرچاوانە بەکار بهێنن، واتە مەسەلەکە تەنیا داگیرکردنی ئۆکرانیا نییە لەلایەن ڕووسیاوە کە وڵاتان هەوڵ بدەن کەمتر نەوت و غاز بەکار ببەن، بەڵام ئایا ئەمە چۆن دەکەوێتەوە و چ پەرەسەندنێکی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەوا هەرچییەك بوترێت هەر تەنیا لە چوارچێوەی مەزەندەکردندا دەمێنێتەوە. ئەوەتا هەندێ داواکاری هەیە کە پەیوەستە بە کەمکردنەوەی بەکاربردنی نەوت و غاز بە ڕاددەیەك لەسەر ئاستی جیهان، بەتایبەتی لەلایەن وڵاتانی ئەورووپاوە، هەروەها لەلایەن ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەوە، هەر چۆنێك بێت کاتێك خواست لەسەر وزە لەبەرچاو دەگرین، هاوشان بەو کێشانەی بۆ ژینگە دروستی دەکات، ئەوا دەبێت ئەوە تاوتوێ بکەین، کە ئایا چۆن ئابووری لە ماوەی ٤٠ بۆ ٥٠ساڵی داهاتوودا بگۆڕین و لەم ساتەوەختەشدا کەس ناتوانێت مەزەندەیەکی ڕوونت پێ بدات.



*** ڕوونە کە لە ئێستادا ڕکابەری و دوژمنایەتییەك هەیە لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕووسیادا، بە تێڕوانینی ئێوە ئەم شەڕە هەڵگیرساوە چیمان پێ دەڵێت لە بارەی ململانێ و ڕکابەریی هێزە مەزنە جیهانییەکانەوە بە وڵاتی چینیشەوە؟**

- بە تێڕوانینی من لە بنەڕەتدا ئەم شەڕە ڕاستییەکی ڕوونی پشتڕاست کردەوە، ئەویش بریتی بوو لە بارگرژییەکی توند لە نێوان ڕۆژئاوا و چین کە بە خێرایی هەڵدەکشێت، لە بەشێکیدا بە هۆی ئەوەی چین هەڵوێستی سەختگیرانەی گرتووەتەبەر لە هەندێك پرسی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوەدا، هەروەها پێشتر بارگرژی لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕووسیادا هەبوو، بەڵام پێم وانییە کەس پێشبینیی ئەوەی کردبێت کە بگاتە ڕاددەی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی، لەبەر ئەوە کاتێك دەبینین کە وڵاتانی وەك سوید و فنلەندا دەیانەوێت ببنە ئەندامی ناتۆ و، کاتێك ئەندامانی ناتۆ دەبینیت کە باس لە پێویستیی زیادکردنی خەرجیی بەرگری بکەن، سەرەڕای تێچوون و خەرجییەکانی کڕینی وزە، ئەوا تۆ لە بەردەم دۆخێکدایت کە دۆخی ململانێی نێوان هێزە مەزنەکانە، ئەوەی کە سەرنجێکی کەمتری لێ دراوە، ئەوەیە کە ململانێ و ڕکابەری و توندوتیژی لە چەندین شوێنی دیکەی جیهان هاتوونەتە ئاراوە و دروست بوون، بە دڵنیاییەوە یەکێك لەو ناوچانە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، هەروەها بەشێکی ئەمریکای لاتین و بەشێکی کیشوەری ئاسیا، کەواتە ئەگەر پێشتر خەڵکی ئومێدێکی هەبووبێت بەوەی جیهان بە ئاراستەی ئاشتییەکی زیاتر و ئاوێتەبوونێکی زیاتردا هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەوا لە ئێستادا ئەم ئومێدە لە ئارادا نەماوە.

# دەستەی ژینگە: پوختەی کاری ساڵی ڕابردوو، کورتەی پلانی داهاتوو

**هەندێك لە کارەکانی دەستەی ژینگە لە ساڵی ٢٠٢٢ دا**

یەکەم: لە بواری کارگێڕی و یاسایی و دارایی

١- لە بواری کارگێڕیدا: کردنەوەی فەرمانگەی ژینگە لە پارێزگای هەڵەبجە.

کردنەوەی فەرمانگەی ژینگە لە سۆران.

وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کردنەوەی فەرمانگەی ژینگە لە زاخۆ و دابەزاندنی دەسەڵات بۆ فەرمانگەکانی ژینگە، بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕۆتین.

پەسەندکردنی پەیکەری نوێی دەستەی ژینگە.

٢- لە بواری یاساییدا : پێداچوونەوە بە هەردوو یاسای ژمارە (٨) ساڵی (٢٠٠٨) و، یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٠) بە مەبەستی هەموارکردنەوەیان لە بەرژەوەندی ژینگەی کوردستاندا.

ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ ی تایبەت بە دانانی چاودێریی ژینگەیی لەسەر پرۆژەکان.

ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ی تایبەت بە بەخێوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی.

ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ی تایبەت بە پۆلێنکردن و مەرجە ژینگەییەکانی پرۆژەکان.

ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ی تایبەت بە پاراستنی چینی ئۆزۆن.

ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ی تایبەت بە سەرچاوە تیشکدەرەکان. هەموارکردنەوەی ڕێنمایی تایبەت بەر ڕاوکردن.

هەموارکردنەوەی ڕێنمایی تایبەت بە سزادانی سەرپێچییە ژینگەییەکان.

٣- لە بواری داراییدا: ڕێنمایی (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی دارایی تایبەت بە ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ژینگەیی.

ڕسووماتی پشکنینی سەرچاوەکانی تیشك. ڕسووماتی بەخێوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی، ڕسووماتی پشکنینەکانی تاقیگە.

دووەم: لە بواری هونەری و تەکنیکیدا ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ژینگەیی بۆ پرۆژەکان لەلایەن فەرمانگەکانی ژینگەوە. کاراکردنی پەیڕەوی تایبەت بە پێکهێنانی لیژنەی باڵای پارێزراوە سرووشتییەکان و بەشداریی شاندی دەستەی ژینگە لە کۆنفرانسی گلاسکۆ لە بەریتانیا.

بەشداریکردنی شاندی دەستەی ژینگە لە کۆنفرانسی (شرم الشیخ) لە وڵاتی میسر بوون بە ئەندام لە ١٥ لیژنەی نیشتمانیی تایبەت بە بوارەکانی ژینگە لەسەر ئاستی عێراق. هاوکاری و هەماهەنگیی بەردەوام لەگەڵ بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان. پەسەندکردنی پلانی ساڵی ٢٠٢٣ی تایبەت بە گۆڕانی کەشوهەوا لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە

سێیەم: لە بواری هۆشیاریی ژینگەیی و ڕاگەیاندن: نووسین و دابەشکردنی دە هەزار دانە لە کتێبی ڕێبەری ژینگەیی بۆ ناوەندەکانی خوێندن بە هاوکاریی دەزگای ڕوانگە.

بەشداربوونی ڕۆژانە لە کەناڵەکانی میدیا و ڕاگەیاندن بۆ پێدانی زانیاری و هۆشیاریی ژینگەیی.

کاراکردنی پەیجی دەستەی ژینگە و گەیاندنی زانیاریی ژینگەیی بە زۆرترین کەس.

دیارکردنی ڕۆژی ژینگەی هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆ.

چوارەم: لە بواری پەیوەندیی لەگەڵ وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمدا.

بەردەوامیی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە و نوێکردنەوەی پەیڕەوی ئەنجومەن، ڕێکخستنەوەی کۆبوونەوەکانی و تەوەری باسەکانی.

پێنجەم: لە بواری پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی عێراقدا.

بوون بە ئەندام لەگشت ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی تایبەتن بە بوارەکانی ژینگە، کە عێراق واژۆی لەسەریان کردووە.

ئەنجامدانی وۆرکشۆپی هاوبەش لە بوارەکانی ژینگە لە بەغدا و هەولێر. پێکەوە ئامادەکردنی ستراتیژیەتی درێژخایەن بۆ ژینگە، هەماهەنگی لە دارشتنی سیاسەتی ژینگەیی بەپێی دەستوور. دانانی سیستمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە لەبارەی مادده تیشکاوەرەکانەوە لە فەرمانگەی ژینگەی هەولێر و سلێمانی و دهۆك.

شەشەم: لە بواری پەیوەندی لەگەڵ کونسوولخانەی وڵاتاندا کونسولخانەی ژاپۆن دامەزراندنی پرۆژەی ریسایکلینی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان. کونسوولخانەی وڵاتی چین بۆ دروستکردنی پارکێکی ژینگەیی. کونسوولخانەی ئەمریکا بۆ وەبەرهێنانی ژینگەیی لە هەرێمی کوردستان.

پێداچوونەوە بە یاسا و ڕێنماییە ژینگەییەکاندا لەلایەن ڕێکخراوی (جی ئای زێد) بە هاوکاریی کونسوولخانەی ئەڵمانیا.



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵانی نووسیوە

هەوڵدان بۆ دابینکردنی پێداویستیی تاقیگەی ژینگەیی لەلایەن ککونسوولخانەی بەریتانیاوە. هەوڵدان بۆ دامەزراندنی پارێزراوی سرووشتی لەلایەن کونسوولخانەی وڵاتی ئیماراتەوە.

حەوتەم: پەیوەندیی زانستی لەگەڵ زانکۆکانی هەرێم

١- یاداشتنامەی لێکگەیشتن لەگەڵ بەشی زانستەکانی ژینگەی کۆلێژی زانستی زانکۆی سەلاحەددین.

٢- یاداشتنامەی لێکگەیشتن لەگەڵ سەنتەری توێژنەوەی ژینگەیی زانکۆی کوردستان.

٣- یاداشتنامەی لێکگەیشتن لە نێوان فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی و کۆلێژی زانستی زانکۆی سلێمانی.

٤- ئەنجامدانی سیمیناری ژینگەیی لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان.

## پلانی ساڵی ٢٠٢٣ی ئەنجومەنی ژینگە لە بارەی گۆڕانکاریی کەشوهەواوە

لە بەر مەترسیی ئاسەوارە زیانبەخشەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە هەرێم و عێراقدا، ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان کە سەرۆك و بەڕێوەبەرانی فەرمانگەکانی دەستەی ژینگە و نوێنەرانی زۆربەی وەزارەت و دەستەکانی تێدا ئەندامن، توانی ئەرکەکانی هەر وەزارەت و دەستەیەك دیاری بکات لە بواری کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی گازە گەرمکارەکان و خۆگونجاندنیش لەگەڵ هەندێك لە ئاسەوارەکانی گۆڕانی کەشوهەوا. هەروەها لە ڕووی پەیکەرییشەوە ئەنجومەنی وەزیران لە هەنگاوێکی بایەخداردا ڕەزامەندیی نیشان دا بە کردنەوەی بەشی گۆڕانکاریی کەشوهەوا لە دەستەی ژینگە، وەك بەدەمەوەچوونێك بۆ ئەو بایەخپێدانە جیهانییەی کە بۆ پرسی گۆڕانی کەشوهەوا هەیە.

بۆیە لە پاڵ ئەرکە سەرەکیی و هەنووکەییەکاندا، ئەنجومەنی ژینگە لە پلانی ساڵی داهاتوویدایە، کە کاری زیاتر لەسەر بابەتی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بکات، ئەمەش بۆ باشتر بەدیهێنانی ئامانجەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە مەبەستی:

یەکەم: جێبەجێکردنی پابەندییەکانی نێو بەڵگەنامەی پشکدارییە نیشتمانییەکانی پەیوەست بە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا.

دووەم: بەجێهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و قەڵاچۆکردنی هەژاری و پاڵپشتییکردنی توێژ و چینە زیانلێکەوتووەکان بە هۆی گۆڕانی کەشوهەوا، کە هەندێك لە ئاسەوارەکانی دەرکەوتوون، وەك کەم ئاوی و بەبیابانبوون و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی، کەمبوونی ڕووبەری سەوزایی.

سێیەم: داواکردن لە دەستە و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ پاڵپشیکردنی هەرێمی کوردستان، بە تەکنۆلۆژیای هاوڕێی ژینگە و، سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی وزەی نوێبووەوە و خاوێن.

چوارەم: سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ گواستنەوە بەرەو کشتوکاڵکردنی زیرەك و فرەچەشنکردنی ئابووری.

پێنجەم: بایەخدان بە وەبەرهێنانی ژینگەیی، زەمینەسازی و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ کۆمپانیا بیانییەکان بۆ کارکردن لە بواری وەبەرهێنانی ژینگەییدا، وەك ئەو جۆرە پڕۆژانەی کە دەبنە مایەی کەمکردنەوەی گۆڕاکارییەکانی کەشوهەوا، یان بە هۆیانەوە مرۆڤ دەتوانێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ئاسەوارەکانیدا، لە نموونەی ئەو پڕۆژانە:

١- هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کارەبا بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە وزەی خۆر و ئاو و با.

٢- هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوە بۆ دابینکردنی هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتیی بەردەوام.

٣- هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بۆ پڕۆژەی بینا و باڵەخانەی ڕێگەوبانی ژینگەیی.

٤- هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ دامەزراندنی پارێزراوە سرووشتییەکان.

٥- هاندانی بانکە تایبەتەکان بۆ پشتگیریکردنی پڕۆژە بچووکەکانی تایبەت بە لاوان و ئافرەتان لە بواری ئەو کارانەی کە ئاسەوارەکانی گۆڕانکاریی کەشوهەوا کەم دەکەنەوە.

٦- هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی بۆ پڕۆژەکانی ڕیسایکلینی ئاوی قورس و پاشەڕۆکان و سەوزکردنی شار و زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی.

٧- هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان، بۆ کارکردن لەسەر سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای نوێ لە بواری پیشەسازیی نەوتدا.

٨- بەردەوامیدان بە پڕۆژە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لە بواری دابینکردنی وزەی خاوێندا.

٩- کاراترکردنی لیژنەی گۆڕانکاریی کەشوهەوای هەرێم لە ڕێگەی سەرپەرشتیکردنی لەلایەن سەرۆکی دەستەی ژینگەوە.



# دونیای سۆشیال میدیا و سەرمایەداری به هۆکاری کەمبوونەوەی بەهای خۆشەویستی دەزانرێت

لە سەردەمی بەجیهانیکردن و بە سۆشیاڵ میدیاکردنی کۆمەڵگە، پەیوەندیی خۆشەویستی و سۆزداری خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت. بەپێی توێژینەوەی کۆمەڵناسەکان خۆشەویستیی سۆزداریی نێوان ژن و پیاو تواوەتەوە، یان تەواو ون بووە. ژنە کۆمەڵناسی فەڕەنسی بە ڕەچەڵەك مەغریبی (ئیڤا لۆز) لە کتێبی (نەمانی خۆشەویستی) دا دەڵێت: ئەوانەی پێشتر یەکتریان خۆش دەویست، لە ئێستادا یەکتر بەجێ دەهێڵن. ئەگەر خۆشەویستی لە پێشوودا پابەندبوونی ئەخلاقیی نێوان دوو ڕەگەز بوویێت، ئێستا بەرە بەرە ئەو پابەندبوونە ئەخلاقییە لە نێو دونیای سۆشیال میدیا و سەرمایەداری و ڕیکلامدا بزر دەبێت. ئەمڕۆ لە کوردستانی خۆشماندا گلەیی لە کاڵبوونەوەی خۆشەویستیی نێوانی تاکەکان دەکرێت. گەنجانی بەشداربووی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان دڵی خۆیان بۆ خوێنەران دەکەنەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی





ئاواز شێرزاد:

**بەگشتی پەیوەندییەکان ڕووەو خراپی چوون، بە جۆرێک ئیسنانەکان لە بری دڵنیایی و ئارامی ترس و دوودڵییان هەیە لەیەکتر تەنانەت لە نێوان خێزان و خوشک و برا و هاوسەر و ئەو موحیبەتەی جاران نەماوە**



محەمەد عوسمان:

**خراپی لە ڕەوشت و ڕەفتاری هەر دوو ڕەگەز وادەکات متمانە لە دەست بدەن و دوورکەوتنەوە ڕوو بدات. لەم حاڵەتە ئەو خراپ ڕەفتارییە وادەکات دەرئەنجامی خراپی لێ بکەوێتەوە، ئەویش زۆربوونی خیانەتە لە نێوان هەر دوو ڕەگەز**

ئاواز شێرزاد چالاکی بواری پاراستنی مافەکانی ئافرەتە و ئەویش وەك سەدان چالاکی مەدنی ڕای وایە: «خۆشەویستی کۆڵەکەی بەردەوامبوونی ژیان و پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکانە و هەر لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤەوە لەگەڵیدا چەکەرەی کردووە و، مرۆڤ نەیتوانیوە بە تەنیا ڕێ بکات، خۆشەویستی زەروورە و پێویستی و ئاتاجە بۆ مرۆڤ، چونکە بوونیەتیی مرۆڤ وایە ناتوانێت لە تەنیاییدا بژیت، بۆیە هەر لە سەرەتاوە بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی هەوڵی کۆمەڵبوون و پێکەوەگەری لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا داوە، خۆشەویستی بنەمای یەکتر قبوولکردن و ڕێزگرتنە لە یەکتری و کۆکەرەوەی ئینسانەکانە لەسەر سفرەی ژیان و چەندین لایەنی ئەرێنی لەخۆ دەگرێت، کە دەبنە هۆی پتەوی پەیوەندییەکانی مرۆڤ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆشەویستی بەرگێکی تەواو جیاوازی بە بەردا کراوە، بە بەراورد بە سەدەیەك پێش ئێستا، بەگشتی پەیوەندییەکان ڕووەو خراپی چوون، بە جۆرێك مرۆڤەکان لە بری دڵنیایی و ئارامی ترس و دوودڵییان هەیە لەیەکتر تەنانەت لە نێوان خێزان و خوشك و برا و هاوسەر و ڕەگەزی بەرانبەریش ئەو موحیبەتەی جاران نەماوە، هەموو مرۆڤێکیش خاوەنی هەست و سۆزە و لە پەیوەندی دووکەسیدا، یان هەر پەیوەندیەکی دی ئەم هەستانە ئاڵوگۆڕ دەکرێن. بەلام لە ئێستادا ئەم بەهای خۆشەویستییە لە پەیوەندییەکاندا بەرەو لاوازی چووە». سەبارەت بە هۆکارەکانی ئەو بۆچوونەشی گوتی: «دەکرێت بۆ چەند هۆکاری بگەڕێنینەوە، لەوانە: «نەناسینی هەستەکانی خۆیان لەلایەن تاکەکانەوە. ترسان لە دەربڕینی هەستی خۆشەویستی، ترسان لە ڕەگەزی بەرانبەر، ترسان لە کەلتوور و باکگراوندە ئایینییەکان و بە مەرجکردنی پەیوەندی و خۆشەویستی و نەمانی متمانەیەکی بەهێز لەنێوان تاکەکان، هەروەها زۆربوونی خیانەت لە نێوان تاکەکان و بوونی هزری نێرسالاری و دژبوونی ڕەگەزی مێ و ناکۆکیی نێوانیان، بەڵام لە کۆتاییدا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی کەسەکان بۆ خۆشەویستی و پەیوەندی و جوانترین پەیوەندی لە نێوان تاکەکانیش بریتییە لە خۆشەویستییەکی بێ مەرج لە نێوان ئەو دوو تاکە و یەکترقبووڵکردنیان بۆ ئەوەی پێکەوە بناغەی ژیانی هاوبەش دابنێن».

محەمەد عوسمان مامۆستای وانەبێژە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «خۆشەویستی بابەتێك، یان هەستێکی ڕۆحییە، زیاتر لەوەی ماددی بێت، بەڵام بەپێی کەسەکان و کۆمەڵگەکان ئەم هەستە کۆمەڵێك گۆڕانکاریی گەورە بە خۆیەوە دەبینێت. کاتێك ئەم هەستە لە نێوان دوو کەس دروست دەبێت، ئەوا دەتوانین بڵێین: بەچێژترین ئەزموونی ژیانکردنیانە و جوانترین کردەوەکانیان لەم کاتەوە دروست دەبێت. مرۆڤ لەگەڵ لەدایکبوونی ئەم هەستەی لە لای دایك دەبێت، بەڵام بە پێی قۆناغی تەمەنی ئەم هەستە بۆ کەسەکان دەگۆڕێت. واتە پانتایی ئەم هەستە بە هۆی ژینگە و پەروەردە و ڕۆشنبیریی تاکەوە پڕ دەبێت لە گۆڕانکاری». هاوکات دەڵێت: «ئەگەر باسی کەمبوونەوەی هەستی خۆشەویستی لە نێوان هەر دوو ڕەگەز بکەین، ئەوا کۆمەڵێك هۆکاریان هەیە لەوانە:

*کەمبوونەوەی هەستی خۆشەویستی نەخۆشییەکی باوی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی کۆمەڵگەی کوردییە، کە بە هۆی ئەوەی هەر دوو ڕەگەز نەیانتوانیوە وەك لایەنێکی ڕۆحی سەیری پەیوەندییەکە بکەن، بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە ڕۆحییەکانیان، نەك وەك کەرستەیەکی حەزەکان لێی بڕوانن و بیکەنە پێشبڕکێیەك بۆ بەرژەوەندییە جەستەیی و ماددییەکانی لەسەر بنیات بنێن .
*بوونی ڕۆشنبیریی تاك لە کۆمەڵگە هۆکارێکی گرنگی ئەم باسەیە، چونکە بەپێی بیرکردنەوەی تاك ئەم هەستە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی جیاوازی تێدا دەبیندرێت. واتە دەتوانین بڵێین: لە تەمەنێکی بچووك لەلایەن خێزانەکانەوە ترسێکیان دروست کردووە بۆ هەر دوو ڕەگەز، کە هەوڵدان بۆ لێکنزیکبوونەوە بە هیچ جۆرێك نابێت ڕوو بدات.

*هەندێ جار تێکەڵبوونی ناتەندروست لە نێوان هەر دوو ڕەگەز، هۆکارێکە بۆ دەوروبەر کەوا هەردوو ڕەگەزەکە دوور بکەونەوە لە پەیوەندیی قێزەون و ناشیرین و دوور لە ئایین و دابونەریتی کۆمەڵگە. .*بوونی ڕقێکی کۆن لە نێوان هەردوو ڕەگەز کەوا بەرانبەر یەك بە کاری دەهێنن، ئەمەش زیاتر بە هۆی پیاوسالاربوونی کۆمەڵگەیە، کەوا وەك تۆڵەیەك هەندێك جار بە کاری دەهێنن .
*هەندێ هۆکاری لاوەکی هەن بە ڕێژەیەکی کەم ڕۆڵ دەبینن لەم دیاردەیە، یان ئەم نەخۆشییە، ئەوانیش ئەمانەن:
*سەیرکردنی حاڵەتی خۆشەویستی وەك بابەتێکی

ماددی، نەك وەك بابەتێكی ڕۆحی .

*خراپی لە ڕەوشت و ڕەفتاری هەر دوو ڕەگەز وادەكات متمانە لە دەست بدەن و دووركەوتنەوە ڕوو بدات. لەم حاڵەتە ئەو خراپ ڕەفتارییە وادەكات دەرئەنجامی خراپی لێ بكەوێتەوە، ئەویش زۆربوونی خیانەتە لە نێوان هەر دوو ڕەگەز .

ڕاژان عەبدولڕەحمان ستوونی قوتابیی زانكۆیە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لە سەرەتادا دەمەوێت، ئاماژە بۆ ئەوە بكەم كە لە كۆمەڵگە تەقلیدییەكان، یان داخراوەكاندا شتێك هەیە پێی دەگوترێت: «شەرم»، واتە شەرمە باسی خۆشەویستی بكەیت، بەڵام خۆشەویستی بناغەی ژیانە، بەو مانایەی كە ئەگەر ژیان خۆشەویستی تێدا كاڵ بوویەوە و بەهای ڕاستەقینەی خۆی لە دەست دا، هەموو شتێك لە كۆمەڵگەدا لە ئاراستەی ئاسایی خۆی دەچێتە دەرەوە». گوتیشی: «جورەكانی خوشەویستی زۆرن؛ خۆشەویستی بۆ پەرتووك، دایك، نیشتمان، هەروەها خۆشەویستیی مرۆڤێك بۆ مرۆڤێكی دی كە ئەمەش لەسەر ئەم بنەمایە دروست دەبێت، واتە لەسەر بنەمای (ڕەفتاری مرۆڤ، ڕوخساری مرۆڤ، خودی مرۆڤ). بەداخەوە لەم سەردەمەی ئێمەدا مرۆڤەكان زیاتر لایەنی ماددی و ڕوخسار دەكەنە پێوەری خۆشەویستی، ئەمجورە لە خۆشەویستی وەك ئەوە وایە بناغەیەك لەسەر بەفر دروست بكەیت و، دەبێت چاوەڕێی ئەوە بیت، لە هەر كاتێكدا بناغەكە بڕووخێت. لە وڵاتی ئێمەدا دەتوانم بڵێم بەهای خۆشەویستی زۆر كەم بووتەوە، هۆكارە سەرەكییەكەش ئەوەیە كە لە ڕووی ئەقڵانییەوە پرۆسەی خۆشەویستی بەڕێوە نەچووە و ناچێت، چونكە كاتێك تەنیا ماددە و ڕوخساری مرۆڤەكان ببێتە پێوەری خۆشەویستی، بەڵام ڕەفتار و خوددی مرۆڤەكە بە هەند وەرنەگیرێت، لێرەوەیە كە خوشەویستییەكەش تا سەر نامێنێت و بەردوام نابێت». ڕاژان عەبدولڕەحمان جەخت لەوە دەكاتەوە كە «خۆشەویستیی ڕاستەقینە نە دەمرێت و، نە هیچ هێزێك دەتوانێت لە ناوی بەرێت. مرۆڤی خاوەن هەستی خۆشەویستیی بێگەرد، هەموو كات ئامادەی باجدانە، ئەگەر باجەكەشی هەر چەند قورس بێت؛ بەڵام بە مەرجێك كەرامەتی خۆیشی بپارێزێت. كەواتە ئەگەر ئێمە بمانەوێت بەهای خۆشەویستی لە كۆمەڵگەی خۆماندا بەهێز بكەین، نابێت تەنیا سەیری لایەنی ماددی و ڕوخساری مرۆڤەكان بكەین، بەڵكوو دەبێت خەسڵەتكانی دیكەی مرۆڤبوونیش بكەینە پێوەری خۆشەویستی». گوتیشی: «مخابن كۆمەڵگەكەمان ماددە و ڕوخساری مرۆڤیان لە ڕیزبەندی یەكەمدا داناوە بۆ خۆشەویستی، بۆیەش ڕووبەڕووی لە یەكترازانی گەورەی كۆمەڵایەتی بووینەتەوە».

هێمن سالح وەك ڕۆژنامەنووس و كۆمەڵناسێك، پێداگری لەسەر ئەوە دەكات كە «ژیان بە بێ خۆشەویستی نابێت و مانایەكی ڕواڵەتی دەدات، بەڵام لەگەڵ هاتنی شەپۆلی تەكنەلۆژیا و دروستبوونی بەرژەوەندیی زیاتری ماددی لە دونیای ئەمڕۆدا، خۆشەویستیی نێوان هاوسەران،، تاك بۆ كۆمەڵگە، تەنانەت دڵسۆزی لە كار و... هتد ڕۆژ بە ڕۆژ كەمتر بووەتەوە، ئەوەش وای كردووە ژیان ئەو خۆشییەی جارانی نەمێنێت و هەر كەس لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی خۆیەوە بڕوانێتە ژیان و دروستكردنی پەیوەندییەكان كە لە ئەنجامدا پەیوەندی بێ ڕۆح و مردوون». هاوكات دەڵێت: «نەمانی بەهای خۆشەویستی لە هەر كۆمەڵگەیەك نەمانی بەهای ژیانە، لە بەر ئەوە گرنگە بە یەكەوە لە خێزانەوە تاوەكوو كۆی پڕۆسەی پەروەردە، لەبری كار لەسەر دروستكردنی ئالی و ڕۆبۆت بكەین، كار بۆ دروستكردنی مرۆڤێك بكەین كە دڵی پڕ بێت لە خۆشەویستی و قبووڵكردنی ئەوانی دیكە، ئەگەر وا نەكەین دواجار ئەوەندەی هەشمانە لە دەستی دەدەین». گوتیشی: «لە سەردەمی كۆن و ئێستا خۆشەویستی لە ناخی مرۆڤەكان بوونی هەبووە و هەیە، خۆشەویستی پەیوەندی بە پەروەردەی تاكەوە هەیە، دەكرێت لە ڕێگەی پەروەردەوە ئاستی خۆشەویستی بەرز بكرێتەوە، خۆشەویستی لە ناخی گەنجاندا هەر هەیە، بەڵام وەكو دەڵێن چەپێندراوە بە هۆی كۆمەڵێك هۆكار، پرۆسەی هاوسەرگیریش زۆر قورس بووە، بە هۆی ئەو پێداویستییە ماددییەی كە هەیە، نموونەی خانوو، ناوماڵ و سەیارە، ئەوانە وای كردووە گەنجان لە پرۆسەكە ترسیان هەبێت، چونكە كە خۆشەویستییان كرد، پێویست دەكات خۆشەویستییەكەیان داهاتوویەكی هەبێت». وەك دوا وتەشی گوتی: «پێم وا نییە كۆمەڵگەی ئێمە لە خۆشەویستی داماڵدرابێت، بەڵام تەكنەلۆژیاش ڕۆڵ دەبینێت لەسەر نەمان و كاڵبوونەوەی خۆشویستن و خۆشەویستی و وای كردووە پەیوەندییەكانی تاك پەیوەندییەكی مردوو بێت».



ڕاژان عەبدولڕەحمان ستوونی:
**خۆشەویستی بناغەی ژیانە، بەو مانایەی كە ئەگەر ژیان خۆشەویستی تێدا كاڵ بوویەوە و بەهای ڕاستەقینەی خۆی لە دەست دا، هەموو شتێك لە كۆمەڵگەدا لە ئاراستەی ئاسایی خۆی دەچێتە دەرەوە**



هێمن سالح:
**لەگەڵ هاتنی شەپۆلی تەكنەلۆژیا و دروستبوونی بەرژەوەندیی زیاتری ماددی لە دونیای ئەمڕۆدا، خۆشەویستیی نێوان هاوسەران،، تاك بۆ كۆمەڵگە، تەنانەت دڵسۆزی لە كار و...هتد ڕۆژ بە ڕۆژ كەمتر بووەتەوە**

باڵا ئاکۆ:

# زۆر ئاسوودەم کە لە دابینکردنی بژێویی ژیانمان یارمەتیی هاوسەرەکەم دەدەم



**لە هەزارەی سێیەمدا لەگەڵ ڕەوت و پێشکەوتنەکانی سەردەم، بزاڤ و جووڵانەوەی خانمان وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، خانمانی کوردستانیش وەك هەمیشە لە هەوڵ و کۆششکردن پێشەنگ بوون و ڕچەشکێنییان کردووە. باڵا ئاکۆ خانمە دەستڕەنگینێکی بە سەلیقەی شاری کۆیەیە، دوای تەواوکردنی قۆناغی زانکۆ، لە بری ئەوەی چاوەڕێی دامەزراندن و دەرفەتی کار لە کەرتی گشتیدا بکات، هەوڵی خۆپێگەیاندن دەدات و ئەو بەهرە و توانایەی کە هەیەتی لە بواری دەستڕەنگینی دەیخاتەگەڕ. لە دیدارێکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان هێما بۆ هەنگاوەکانی خۆپێگەیاندنی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

باڵا ئاکۆ وەك خۆی باسی کرد، دانیشتووی شاری کۆیەی باشووری کوردستانە و ماوەی پێنج ساڵە خوێندنی زانکۆی تەواو کردووە. سەبارەت بە چۆنیەتی تێکەڵبوونی بە بازاڕی کاریشس دەڵێت : «هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی کاری دەستیم دەکرد، شتی زۆر و جۆراوجۆرم درووست دەکرد. دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆم، بیرم لەوە کردەوە کارێك بکەم، تایبەت بێت بە خۆم و بەرهەمی دەستڕەنگینیمی تیدا دەربخەم، بۆیە بڕیارم دا کار بکەم و دەستم بە کارکردن کرد. سەرەتا تەنیا بە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیا خۆم بە تەواوی لە بواری خواستی خۆم فێرکرد و دواتر پەرەم پێ دا و پەیجم دانا. کەلوپەلەکانی ئێمە تابلۆیە زیاتر بە شێوەی ڕۆژمێر، ئینجا بۆ ڕۆژی لەدایکبوون، بۆ زەواج، یان هاوڕێیەك بۆ هاوڕێیەکەی دەیکات بە دیاری، یان بۆ منداڵان کە تازە لەدایك دەبن، کێش و باڵا و گشت تایبەتمەندیی لە دایکبوونی منداڵەکە دەنووسرێت، یان هەیە قورئانی پیرۆزی بۆ دەنووسین، زۆر بابەتی دیکە بە ئارەزووی کەسەکە دروست دەکەین، کاتژمێر دروست دەکەین و سەر مێزی نانخواردن شتی دیکەش بە شێوازی چنین، یان ئەتەمین دروست دەکەین».

باڵا ئاکۆ زۆر خولیای ئەوە بووە ببێتە وانەبێژ، بەلام بۆی نەکراوە، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «کاتێك نەمتوانی ببمە وانەبێژ، لە ساڵی ٢٠٢٠ دەزگای ڕوانگە خولێکیان کردەوە، بۆ ماوەی مانگێك کە لە بارەی کاری سەربەخۆ بوو، لەوێ بەشداریم کرد و سوودێکی زۆر باشم لێ بینی، دواتر پڕۆژەکەم پێشکەش کرد و توانیم پلەی یەکەم بەدەست بهێنم و پێشینەیەکیان داینێ بایی ٢٠٠٠ دۆلار کە زۆر سوودی بۆ من هەبوو. بێگومان خێزانەکەشم پشتیوانم بوون و زۆر یارمەتیان داوم و زۆر سوپاسیان دەکەم».

سەبارەت بە ڕازیبوونی لە کارەکەشی گوتی: «اکارکردن لە کۆیە لە ئاستێکی زۆر باش نییە لە چاو شارەکانی دیکە، زۆربەی داواکارییەکان هی دەرەوەی شارەکەن، بەڵام بەرەوپێشچوون لەم شارەش هەیە، خۆشبەختانە چەندین کچ وەکو من ئێستا لە کۆیە خاوەنی کاری خۆیانن، ئینجا بە ئۆنلاین، یان لە دووکان خاوەنی داهاتی خۆیانن».

باڵا ئاکۆ لەوە دڵخۆشە کە بە کارەکەی خاوەن داهاتە و هاوکاریی هاوسەرەکەشی دەکات، هەر لەو بارەیەوە گوتی: «زۆر ئاسوودەم کە دەتوانم ئەگەر کەمیش بێت، بۆ دابینکردنی بژێویی ژیانمان یارمەتیی هاوسەرەکەم بدەم، بێگومان داهاتم بڕێکی زۆر نییە، بەڵام هەر باشە کە بێ کار نەبین و شتێك بکەین و سوودی بۆ کۆمەڵگە و خۆشمان هەبێت».


سەبارەت بە پلانی داهاتووشی گوتی: «لە داهاتوودا پەنا بەخوا هەوڵ دەدەم پڕۆژەکەم گەوەتر بکەم و هەلی کاریش بۆ خانمان بڕەخسێنم. حەز دەکەم بە تەواوی کۆمەڵگەی خۆم بەم بەرهەمە کوردییانە ئاشنا بکەم و هیوادارم خەڵك لە جیاتی بەرهەمی بیانی، گرنگیی زیاتر بە بەرهەمی خۆمانە بدەن. بە خۆشحاڵییەوە ئێستا خەڵك بە کاری دەستی ئاشنان و گرنگی پێ دەدەن».

وەك دواوتەشی گوتی: «پەیامی من بۆ خانمان ئەوەیە کە متمانەیان بە خۆیان هەبێت و هەوڵ بدەن خاوەن داهاتی خۆیان بن، بۆ ئەوەی ژیانێکی باشتریان هەبێت. ئێستاش زۆر باشترە لە چاو ساڵانی پێشوو، کە خانمی گەنجی وەکو من دوای تەواوکردنی خوێندن دەست بەکار دەکەن، بەڕاستی زۆر دڵخۆشکەرە و هیوادارم ڕێژیان زیاتریشس ببێت».

**هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی کاری دەستیم دەکرد، شتی زۆرم و جۆراوجۆرم درووست دەکرد**

**ساڵی ٢٠٢٠ دەزگای ڕوانگە خولێکیان کردەوە، بۆ ماوەی مانگێک کە لە بارەی کاری سەربەخۆ بوو، لەوێ بەشداریم کرد و سوودێکی زۆر باشم لێ بینی**

**کارکردن لە کۆیە لە ئاستێکی زۆر باش نییە لە چاو شارەکانی دیکە، زۆربەی داواکارییەکان هی دەرەوەی شارەکەن**





# نوێخوازی لە هونەردا

**نوێخوازی ئەگەر چەمك و زاراوەیەكی تازەش بێت، لە كرۆكدا نوێخوازی خۆی كردەیەكی نەبڕاوەی بەرەی مرۆڤە. ڕێسای گەردوونە، هەر ڕۆژێكی نوێ، لاپەڕەیەكی نوێ لە ژیانی ئێمەدا دەكاتەوە. فەیلەسووفێكی گریك جوانی گوتووە، «هیچ كەس ناتوانێت دوو جار پێ بخاتە نێو ئاوی هەمان ڕووبارە.» ڕۆیشتنی لە بڕان نەهاتووی ئاوی ڕووبار، هاوتای نەبڕانەوەی زەمەنە. ئەمەش واتە ئێمە ناتوانین هیچ شتێك دووبارە ئەزموون بكەین، چركە بە چركەی زەمەن سێبەری خۆی بەسەر ژیاندا دەكشێنێت. مرۆڤی هۆشیار ئەو كەسەیە هاوشانی زەمەن و ڕێسای گەردوون، ڕێ دەكات و دەڕوات.**

**ئا/ تاریق كارێزی**

ڕێسای گەردوون و یاسای ژیانە، هیچ مرۆڤێك نابێتە كۆپیی مرۆڤێكی دی، هیچ ئەزموونێكیش چون ئەزموونێكی دیكە نابێت، كۆپی كردن و دووبارە كردنەوە، كردەی ناحەزن. ئێوە سەرنج بدەن، ئێمە بە دەیان هەزار گۆرانیی كوردیمان هەیە، نە هۆزان، نە ئاوازی هیچ گۆرانییەك بە ئەوی دیكە ناچێت. ئیدی ئەمەیە نوێخوازییەك كە بانگەشەی بۆ نەكراوە، خۆڕسك ڕێی خۆی گرتووە و ڕێڕەو نەگۆڕە.

لە نوێخوازیدا كێشە دێتە پێش، یان كارەكە وا وێنا دەكرێت، كە كێشەیە و لە ڕاستی وا نییە. نوێخوازی هەیە بیژۆك و نابەكامە. ئەمەش ناكاتە كێشەی نوێخوازی، بەڵكوو كارەكە وەك ماستی هەڵبزڕكاوی كابانێكی ناشارەزایە. كابانی باش ماستی باشی دەبێت، هونەرمەندی بە ڕاستی نوێخواز، بە بەرهەمی دەستی خۆی، ئاشق بە هونەرەكەی خۆیمان دەكات. داری زڕ بەری نابێت، بەهرەی نیوەچڵ هونەر نانوێنێت، زڕە هونەر دەخاتە ڕوو. بەهرەی گەش و پڕ توانا، لە گوڵستانی هونەرەوە بە سەبەتی پڕ



دەگەڕێتەوە.

سەیوان سەعیدیان شێوەکارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ساڵانێك لە باشووری کوردستاندا ژیانی گوزەراند. پەیکەرێکی وەك یادگارێکی بەهادار، لە بەردەم بەشە ناوخۆی شەوکەت شێخ یەزدین سەر بە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، بۆ پایتەختی باشووری کوردستان بەجێ هێشتووە. سەیوان ئێستا لە فەرەنسایە. ئەو یەکێکە لە هونەرمەندانی نوێخواز. نوێخوازییەك بە دیدگا و بەرهەم ساغی دەکاتەوە.

لەم ماوەیەی دواییدا، سەیوان پیشانگایەکی نیگار و پەیکەری بە ناونیشانی ژن، ژیان، ئازادی (Jin، jiyan، azadî: Femme، vie، liberté) لە فەرەنسا کردەوە. لەم پیشانگایەشدا هونەرمەند لە دەروازەی نوێخوازییەوە هاتووەتە دەست. ئاسنی لە ڕوانگەی من و تۆ بێ کەڵك و ژەنگ هەڵاتووی کردووە بە کەرەستەی دروست کردنی پەیکەر، لە پاڵ چەند پەیکەرێکی دارین، ئەمانەی لە شێوەی هونەرێکی نوێخواز، بەڵام شایستە بە سەرنج و تێڕامانی ئێمە و هونەر دۆستانی فەرەنسا. لە هەر گۆشەنیگایەوە لە پەیکەرەکانی سەعیدییان بڕوانین، هونەریان لێ دەبارێت، بۆمانی ساغ دەکاتەوە کە ئێمە هەمبەر بە کارێکی دانسقە وەستاوین، جوانی و شەوق و ڕەونەق لە دیدگایەکی تایبەتەوە دەخەنە ڕوو، هاوکات بە هونەرێکی نوێخوازمان ئاشنا دەکات.

ئەم پیشانگایە، ئێمە لەگەڵ چەمك و بەهای نوێخوازی و شێوەی کار کردن بەو ستایلە، بەرەو ڕووی یەك دەکاتەوە، پرسیاری ئەوەش دەهێنێتە گۆڕێ، ئاخۆ تا چەند نوێخوازی پێویستە، چون لێی تێبگەین، بە چ شێوەیەك پیادەی بکەین، بەرەو کام ئاقارمان دەبات، بە چ پێوانەیەك ئێمە نوێخوازین؟

لە بەرەو ڕوو بوونەوەی هەموو لق و چڵەکانی ئەم پرسیارە، ئێمە دڵنیایین سەیوان بەسەر (گرفت)ی نوێخوازیدا زاڵ بووە، بەسەر پردی گەیشتن بە دنیای نوێخوازی پەڕیوەتەوە. لەوەش زیاتر ئەو سڵی لەوە نەکردووەتەوە، بە بەرهەمی خۆی، خەڵکی تێرە هونەری فەرەنسا بدوێنێت. لە پرۆژە و کاری خۆی دڵنیایە، بۆیە هونەری لە وڵاتی هونەردا نمایش کردووە.



# نەرمین کاوانی:

# سوپاس بۆ خودا کە ئێستا تەندروستیم باشە

**ماوەیەك پێش ئێستا خانمە ئەكتەری بواری شانۆ نەرمین كاوانی تووشی نەخۆشییەكی سەخت بوو و تەندروستی تێك چوو، بەڵام لە ئێستادا بە هۆی ئیرادە و كۆڵنەدانی دۆخی تەندروستیی بەرەو باشبوون دەچێت، سەبارەت بە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشییەكەی و چەند پرسێكی هونەری، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ساز كرد.**




*** ئێستا دۆخت لەگەڵ نەخۆشیەکەت چۆنە؟**

- دوای ئەوەی ماوەی ساڵێك و دوو مانگ سەرقاڵی وەرگرتنی چارەسەر بووم، بە گشتی بارودۆخی ئێستام زۆر باشە، وەك دەزانن شێرپەنجە نەخۆشییەکە کە نیشانەکانی پێشتر دەرناکەوێ، بەڵکو لە ناکاو دەردەکەوێ، ئەمەش دەبێتە هۆی قەیران یان شۆك بۆ کەسی تووشبوو لە سەرەتاوە، بۆ منیش ناخۆش بوو و بمانەوێ و نەمانەوێ نەخۆشییەکە شەڕ و ئیرادەی دەوێ، پزیشکەکەش ڕاستەوخۆ پێی وتم شەڕێکی دەستەو یەخەی دەوێ، من سەرەتا لەوە تێنەگەیشتم، چونکە تۆ تا ئازارێك نەبینی هەستی پێ ناکەی یان چ تامێکی هەیە و چ ژەهرێکی پێیە، بەڵام من توانیم بەسەر ئەم شۆکەدا زاڵ بم بە پشتیوانی خوای گەورە و هێز و ئیرادەی پێی بەخشیم.

*** دواتر چی ڕوویدا؟**

- کە دەستم کرد بە بەرنامەی چارەسەر و نەشەرگەری و ئەو ڕێکارانەی پزیشکەکان بۆیان تەرخان کردم، ئینجا زانیم کە دەبێ خۆمی بۆ ئامادە بکەم و بکەومە شەڕی دەستە و یەخە، بەڵێنم بەخۆم دا کە ئەم شەڕە دەکەم و پشتیوان بە خودا دەبێ سەرکەوم و بیبەمەوە، سوپاس بۆ خودا تا ئێستا باشم، بەڵام من توانیم بەسەر ئەم شۆکەدا زاڵ ببم سوپاس بۆ خودای گەورە ئەو هێز و ئیرادەی پێی بەخشیم.

*** سەرچاوەی ئەم ئیرادە و متمانەیە چییە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم نەخۆشییەدا؟**

- وەك گوتم پاڵپشت و پەنای یەکەمم خودای گەورەیە کە لە سەرووی هەموو شتێکەوە، هەروەها من دایکم، ئەوەی هەست بە دایکایەتی بکات ئامادەیە بۆ قوربانیدان، کەسوکار و خوشك و براکانیشم پاڵپشتییەکی بێ وێنە بوون، لەلایەکی دیکەوە جەماوەرەکەم بە هەموو شێوەیەك پاڵپشتی و پشتیوانی خۆیان بۆ من بە شێوازی جۆراوجۆر دەربڕیوە، هاووڵاتی هەبووە لە دەرگای داوم و گوتوویەتی دوو ڕۆژە بۆ ماڵەکەت دەگەڕێم و هاتووم بزانم هیچت پێویست نییە، هەموو لایەنە هونەری و حزبییەکان داوم و دەزگا حکومییەکان لێیان پرسیوم و سەردانیان کردووم، هەرچیشم پێویست بێت کەمتەرخەمییان نەکردووە، لێرەوە دەمەوێ سوپاسی نەخۆشخانەی هیوا بکەم کە ئەوانیش پاڵپشتییەکی باشیان کردووم و ئەو چارەسەرەی لە دەرەوە هەیە، ئەوان لێرە پێشکەشیان کردووە، هەروەها خۆم بە قەرزداری بینەرەکانم دەزانم بە دوعا و خۆشەویستییان پاڵپشتم بوون، لێرەوە پێیان دەڵێم خۆشم دەوێن و هیوادارم خۆیان و ئازیزانیان تووشی هیچ نەخۆشییەك نەبن.

*** ئێستا ئامادەی بگەڕێیتەوە بۆ دوونیای هونەر؟**

- من لە هونەر دانەبڕاوم و بەردەوامم، بۆیە ناڵێم دەگەڕێمەوە و ئەگەر کاری جددی و باش هەبێت بێگومان پێشکەشی دەکەم، چونکە بەڵێنم بە بینەرانی خۆم داوە کە تا مردن بەردەوام دەبم، لە ڕووی تەندروستیشەوە ئەمە هێز و توانای دەوێت، بەڵام من ئەو هێزەم بەخۆم داوە، پەنا بە خودا بەردەوام دەبم.

*** لە ماوەی نەخۆشییەکەتدا پێشنیاری هیچ کارێکی نوێت بۆ کراوە؟**

- بێگومان چەند کارێکی درامای نوێ هەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی سیناریۆ، یان کارەکەم بە گشتی بەدڵ نەبووە، بۆیە ڕازی نەبووم بەشداریی تێدا بکەم.

*** بۆچی زیاتر لە شانۆوە نزیکتری وەك لە دراما؟**

- من لە شانۆ دەستم پێ کردووە هەر لە شانۆش کۆتایی بە کاروانی هونەریی خۆم دەهێنم، بەداخەوە کاری باش نییە، کارەکان قورسن بۆ کەسێك کە هەم دایك و هەمیش فەرمانبەر بێت و بەرپرسیاریەتی پەروەردەکردنی خێزانی لە ئەستۆ بێت، بۆ کارێکی هونەری چەند مانگێك لە هۆڵێکدا دەمێنیتەوە، هیچ پاڵپشتێکی ماددی، دەروونی و کۆمەڵایەتی نییە، دەبینی تەنیا سێ ڕۆژ بینەرت هەیە و ئیتر هۆڵەکان چۆڵ دەبن، ئەمانە هەموویان هۆکارن کە هێزت نامێنێت و نەتوانیت لەسەر شانۆ بمێنییتەوە.



*** لە ماوەی ڕابردوو شانۆمان بینیووە کە لە ڕووی جەماوەرەوە ژمارەی پێوانەیی تۆمار کردووە، هۆکار چی بووە؟**

- زۆر جار ئەکتەرێك دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی بینەر لە کارێکی شانۆییدا، ئیتر بە کۆمیدیا بێت یان بە کاری جددی، گرنگ ئەوەیە ئەو ئەکتەرە توانای ڕاکێشانی بینەری هەیە بە ئەدای بێت یان بە ناوبانگی، جاری واش هەیە خودی کارەکە باشە، بەڵام بەداخەوە ئەو کارانە زۆر کەمن، ڕەنگە لە ساڵێکدا یەك یان دوو کاری لەو شێوەیە هەبێت، ئەمەش لە ئاستی خواستی بینەر و ئەکتەردا نییە، چونکە زۆرترین ئەکتەر ئەگەر بەشدار بن ژمارەیان ناگاتە دە ئەکتەر، کەواتە ئەکتەرەکانی دیکە بێبەش دەبن.

*** فیستیڤاڵی سینەما دژی تیرۆر چۆن دەبینیت؟**

- دەستخۆشی لە کاك پشتیوان و هاوکارەکانی دەکەم، چونکە هێز وتوانایەکی زۆری دەوێ، هیوادارم بەردەوام بێت و هاوکاریی زیاتریش بکرێت، چونکە بوونی فیستیڤاڵ کارێکی زەرورە، پێویستە بەردەوام بێت بۆ بینینی کاری باش و کۆکردنەوەی هونەرمەندان وگۆڕینی کەلتوور و بیرورا، بەداخەوە هاوکاری ناکرێت، بۆیە دەبینین لە پاشەکشێدایە.



# پاش چەندین ساڵ بڕۆک شیڵدز نهێنییەکی ئاشکرا کرد

ئەستێرەی سینەما ئەمریکی (بڕۆک شیڵدز) کە تەمەن ٥٨ ساڵە ئاشکرای کرد کە دەستدرێژی کراوەتە سەری کاتێک کە تەمەنی بیستەکان بووە و بەدوای کارێکی هونەریدا دەگەڕا بۆ ئەوەی بەشداریی تێدا بکات. ئەو ڕووداوە بۆ فیلمێکی دیکۆمێنتاری دەگەڕێتەوە بە ناوی (پریتی بەیبی) کە لە ساڵی ١٩٧٨دا ڕۆڵی تێدا گێڕا، کاتێک تەمەنی تەنیا ١١ ساڵ بوو. شیڵدز ئاشکرای کرد کە لە کاتی گەڕانی بۆ دۆزینەوەی کارێکی نواندن دوای دەرچوونی لە زانکۆی پرینستۆن لە ساڵی ١٩٨٧، یەکێک لە ناسیاوەکانی پێشنیاری کردووە کە ئێوارەخوانێک لەگەڵیدا بخوات، تا گفتوگۆی لەسەر ڕۆڵێک بۆ بکات لە فیلمێکی نوێدا، شیڵدز دەڵێت: «پێموابوو کۆبوونەوەیەکی بازرگانییە، بەتایبەتی کە ئەم کابرایەم ناسی و پێشتر ناسیبووم و هەمیشە لەگەڵمدا خۆشەویست بوو، بەڵام لە کاتی نانخواردنی ئێوارەدا باسی هیچ فیلم و کارێکی هونەریی لەگەڵ نەدەکردم، زۆری نەخایاند تێگەیشتم کە ڕەفتارەکانی سەیرە، بۆیە گوتم کە پێویستە داوای تەکسییەکی تایبەت بکەم تا بمباتەوە ماڵەوە»، لە درێژەی باسەکەیدا شیڵدز گوتی: ئەو کەسە پێداگریی کرد لەسەر ئەوەی بۆ ژووری هۆتێلەکەی بانگم بکات، منیش چوومە ژوورەکەی، دواتر بۆ ماوەیەک دیار نەما، پێش ئەوەی بە ڕووتی بێت و دەستدرێژی بکاتە سەرم، هەرچەندە لەو ساتەدا ترسم هەبوو لەوەی ئەم کەسە بخنکێنم یان زیانی پێ بگەیەنم، ئەم بیرکردنەوانە هاتنە سەر سەرم، بۆیە بەرگریم نەکرد، تەنیا پێم وابوو دەبێت لە ژیاندا بمێنمەوە و لە ڕووی جەستەییەوە لەم دۆخە دەربچم»، شیڵدز ناوی ئەو کەسەی بڵاونەکردەوە کە گوایە هێرشی کردووەتە سەری، ئاماژەی بەوەشکردووە، دواتر پەیوەندی بە تەکسییەکەوە کردووە و بە درێژی ڕێگەکە گریاوە. ئەم ئەزموونە زەبربەخشە بۆ شیڵدز یەکێکە لەو چەندین ساتەوەختە دڵتەزێنەی کە لە فیلمی (پریێتی بەیبی)دا گێڕدراوەتەوە، کە چیرۆکی دەرکەوتنی خێرای شیڵدز وەک مۆدێلێکی منداڵ دەگێڕێتەوە.



# بەلقیس دەرگاکانی دانەخستووە

لێدوانەکانی خانمە گۆرانیبێژ (بەلقیس فەتحی ) سەبارەت بە وردەکارییەکانی ژیانی دوای جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی (سوڵتان عەبدول لەتیف) تا ئێستاش جێی سەرنجی خەڵکە، لەسەر ئەو قسانە لە نێوان لایەنگران و ڕەخنەگرانیدا دابەشبووە.

ئەو هونەرمەندە بۆ یەکەمجار لە میانی چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا سەبارەت بە جیابوونەوەی خۆی قسەی کرد و گوتی: «ساڵی ٢٠٢١ زۆر سەخت بوو، چونکە لە باوکی کوڕەکەم جیا بوومەوە و هیچ سەقامگیرییەکی بۆ من نەبوو»، ئاماژەی بەوەش کرد کە: «لە ساڵی ٢٠٢٢دا ئەو شتەی کە زۆرترین خۆشەیستیم بۆی هەبووە و لەبیرمە، ئەوەیە کە کلیلی ماڵەکەمم وەرگرت و کوڕەکەمم بردووە، چونکە بیری باشترین قوتابخانەی دوبەی دەکرد، یەکەمجاریش بوو لەگەڵ ژیانێکی سەربەخۆ بژی».

بەلقیس فەتحی لە میانی چاوپێکەوتنی لە بەرنامەی (المجهول) لە کەناڵی (lbc)ی لوبنانی گوتیشی: «هەر جارێک کوڕەکەم دەرگای ماڵەکەی دەکاتەوە، هەست بە ئازادی و دڵخۆشی دەکات»، ئاماژەی بەوەشکرد کە بارودۆخی ڕابردوو بۆ گونجاو نەبووە.

بەلقیس جەختی لەوە کردەوە کە ساڵی ٢٠٢١ سەخت بوو، چونکە ئەو ساڵە بوو کە جیابوونەوەکە تێیدا ڕووی دا و هیچ سەقامگیرییەک نەبوو، هەروەها دەڵێت: «ساڵی ٢٠٢٢ باشترین و زۆرترین شت بوو کە خۆشم دەوێت و حەزم لێیە لەبیرم بێت کاتێک کلیلی ماڵەکەم و کوڕەکەمم برد، یەکەمجار بوو هەست بە سەربەخۆیی بکەم، کوڕەکەم دەبەم بۆ قوتابخانە و شیرینترین یادگارییەکان دروست دەکەین».

لە وەڵامی پرسیارێکدا: ئایا لە ژیانی هاوسەرگیرییەکەیدا تا ئەم ڕادەیە خنکاوە؟، بەلقیس لە وەڵامدا گوتی: «هەلومەرجەکە زۆر گونجاو نەبوو بۆم، شانس و بارودۆخ و زۆر شت، بەڵام ساڵی ٢٠٢٢ ساڵی دەست پێکردنی من بوو، تەنانەت لەسەر ئاستی کەسییش».

بەلقیس فەتحی پلانەکانی بۆ ساڵی ٢٠٢٣ ئاشکرا دەکات و جەختیشی لەوە کردەوە دەرگای خۆشەویستیی دانەخستووە، هەروەها ئامادەیە ئەزموونی هاوسەرگیرییەکەی دووبارە بکاتەوە، بەڵام چاوەڕێی پیاوی گونجاوە بۆ ئەوەی لە شێوازی ژیانی تێبگات و بە باشی بیناسێت، ئاماژەی بەوەش کرد کە وازی لە شتەکان هێناوە بەو شێوەیەی کە خودا دەیەوێت.

سەلار عەبدولواحید:
گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی عێراق

# یاریی فوتساڵ بەرەو نەمان دەڕوات



*** چۆن بوو یاریی تۆپی پێت هەڵبژارد؟**

- خولیا و ئارەزووم تۆپی پێ بووە.

*** هەست ناکەیت وەرزشێکی قورست هەڵبژاردوە؟**

- لە ڕووی کۆمەڵگەوە تا ڕادەیەکی زۆر قورسە، بەڵام نەبووەتە بەربەست بۆ من و بەردەوامم.

*** پێشکەوتن و سەرکەوتنی ئەم وەرزشە لە چیدا دەبینیتەوە؟**

- لەوەدا دەیبینم ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانی جیهان سەرقاڵن بە ئەنجامدان و بینینی ئەم وەرزشەو، هەمیشە لە بەرەوپێشچووندایە.

*** هەست ناکەیت ئەم وەرزشە بە شێوەیەکی باش پێشوازیی لێ نەکراوە لە شارەکان، بەتایبەت بۆ کچان؟**

-بە دڵنیاییەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا پێشوازییەکی کەمی لێ کراوە، جگە لەوەش لە وەرزشدا بەربەست و ڕێگری زۆر دەکرێ بەرامبەر بەکچان.

*** چی بکرێت باشە بۆ هێنانەپێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- هاوکاری و پاڵپشتیمان بکرێت تا بزانن وەرزش چەندە خزمەتی هەیە تا ئافرەتان بتوانن بێنە پێشەوە و زیاتر پەرە بە خۆیان بدەن.

*** ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

-لە سالانی پێشوودا باش بوو لە کوردستان، بەڵام لە ئێستادا یاریی فوتساڵ لە کزی بووە و بەرەوە نەمان دەڕوات.

*** بەرنامەت چییە وەکو کچە یاریزانێك بۆ داهاتوو؟**

- بەرنامەم بۆ داهاتوو ئەوەیە لە خولەکانی دەرەوەی عێراق یاری بکەم و



پارێزگای سلێمانی یەکێك لەو پارێزگایانەی کوردستانە کە گرینگیی زۆر بە سەرجەم یارییە جۆراوجۆرەکان دەدات، لەم شارەش چەندین کچە یاریزانی بەتوانا هەن لە یارییە جۆراوجۆرەکاندا، کە شارێکی رۆشنبیرە لە بواری وەرزشدا و دەیانەوێت زیاتر ئاستی خۆیان بەرەوپێش ببەن لە رێگەی یارییە جۆراوجۆرەکان، ئامانجیان پێشخستنی وەرزشە، لە یاریی فوتسالیشدا شارەکە خاوەنی ژمارەیەك یاریزانی ئاست بەرزە، کە ئێستا بۆ یانەکانی دەرەوەی شارەکەیان یاری دەکەن و خاوەن ئاستێکی بەرزن، یەکێك لەم کچە یاریزانانەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لە سەر ئاستی کوردستان (سەلار عەبدول واحید)ـە، کە وەکو گۆڵپارێز یاری بۆ یانەکانی هەڵەبجە و سیروانی نوێ و پیرەمەگروون و بەلەدی و ئافرەتانی بەغداد یاریی کردووە، گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراقیشە، لە یانەی ئافرەتانی بەغداد بەردەوامە لە یاریکردن، سەلار لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٣ی پارێزگای سلێمانییە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێ کرد سەبارەت بەم وەرزشە، ئەویش وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

■ دیمانە: کارزان کانەبی

ببم بە یاریزانێکی پیشەگەر، پشت بەخودای گەورە لەو هەوڵەدا بەردەوام دەبم.

*** گرێبەستت پێشکەش کراوە لەلایەن یانەکانەوە؟**

-بەڵێ زۆربەی یانەکان داوایان لێ کردووم بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکەم.

*** گرفتی ئەم یارییە زیاتر لە چیدا دەبینیتەوە؟**

- تەنیا لە کۆمەڵگە.

*** خەونی وەرزشیت چییە بۆ داهاتوو؟**

- هیوادارم ببمە ئەستێرەیەکی دیاری وەرزشی لە بوارەکەی خۆمدا.

*** خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن بۆ وەرزشکردن؟**

- بە شێوەیەکی زۆر هاوکارمن و پاڵپشتییەکی گەورەی منن.

*** بۆچی یاریزانەکانی کوردستان زیاتر ڕوو لە یانەکانی بەغدا دەکەن بۆ یاریکردن؟**

- چونکە لە بەغداد تا ڕادەیەك پشتگیرییان لە کوردستان زیاترە، یەکێتییە وەرزشییەکەیان گرنگیان پێ دەدات.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- دەستخۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خەمخۆرییە بەردەوامەی، سوپاسی مامۆستا عەباس فەرەج دەکەم بۆ ئەو پشتگیرییەی کە گەیاندمی بە هەڵبژاردەی عێراق.

# پاریس سانت جێرمان لەسەر میسی هاتنە دەنگ

بەرپرسانی یانەی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسا بەردەوامن لەسەر هەوڵەکانیان بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستی مێسی، بەڵام هێشتا ئەستێرە ئەرژەنتینیەکە بڕیاری کۆتایی نەداوە.

لویس کامپۆس بەڕێوەبەری وەرزشی لە یانەی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسا لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ماڵپەری تێلیفۆت دەڵێت: ئەوان لەگەڵ لیۆنێل مێسی گۆڵکاری ئەرژەنتینای یانەکەیان لە گفتوگۆدان و هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی.

بەڕێوەبەرەکەی پاریس سانت جێرمان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا دەشڵێت: هەموومان ئارەزووی ئەوە دەکەین میسی لەگەڵ پڕۆژەکەمان بەردەوام بێت، چونکە یاریزانێکی کاریگەرە بۆ پاریس و نامانەوێت لە دەستی بدەین.

میسی هاوینی داهاتوو گرێبەستەکەی لەگەڵ پاریس سانت جێرمان تەواو دەبێت، تاوەکو ئێستا بڕیاری کۆتایی نەداوە بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی یان هەڵبژاردنی یانەیەکی دیکە.

میسی لە هاوینی ٢٠٢١ گرێبەستەکەی لەگەڵ بەرشلۆنە تەواو بوو و بە گرێبەستێکی ئازاد بە ٨٠ ملیۆن یۆرۆ روویکردە پاریس سانت جێرمان، لەگەڵ یانە پاریسییەکە لە کۆی ٥٨ یاری، ٢٦ گۆڵ و ٢٩ ئاسیستی کردووە.



# یاریزانێکی پەنجا ساڵی چووە خولی پورتوگال

کازیۆشی میورای ژاپۆنی لە تەمەنی ٥٥ ساڵیدا بەردەوامە لە یاریکردن و پەیوەندی بە یانەیەکی پۆرتوگالیەوە کرد.

یانەی ئۆلیڤێرنسی پۆرتوگالی، کە لە خولی پلە دووی پۆرتوگال رکابەریی دەکات رایگەیاند گرێبەستەکیان لەگەڵ کازیۆشی میورای ژاپۆنی مۆرکرد و ئەم یاریزانە بە خواستن لە یانەی یۆکۆهامای ژاپۆنی پەیوەندی بە یانەکە دەکات.

میورا گەرچی تەمەنی گەیشتووەتە ٥٥ ساڵ، بەڵام هێشتا لە یاریکردن بەردەوامە و ٣٨ وەرزە میورا یاری دەکات و گەورەترین یاریزانە لە یاریکردن بەردەوامە.

پۆرتوگال شەشەمین وڵاتە، کە میورا یاری تێدا دەکات و لە لایەن هاندەران بە پاشا کازۆ ناسراوە، ئەم یاریزانە لە ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ یانەی سانتۆسی بەرازیلی دەستی بە کاروانی پیشەگەری کرد.

میورا لە مێژوویدا ٨٩ یاری بە دریسی ژاپۆن کردووە و لە ساڵی ١٩٩٢ جامی ئاسیای لەگەڵ هەڵبژاردەکەی بردووە، ٥٥ گۆڵی کردووە و بە دووەم باشترین گۆڵکاری ژاپۆن دادەنرێت، دوایین یاری نێودەوڵەتی لە ساڵی ٢٠٠٠ بوو.



# چاڤی:
# ریال مەدرید باشترین بەربژێرە بۆ بردنەوەی خولی ئیسپانیا



چاڤی راهێنەری یانەی بەرشلۆنە دڵخۆشی خۆی پیشاندا وگوتی: ئەوەی وەک یاریزان بەدەست ریال مەدرید چەشتمان نامەوێت وەک راهێنەر دووبارە ببێتەوە.

چاڤی لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا گوتی: لە ژووری جل گۆڕین هەمیشە بیر لەوە دەکەینەوە، کە رێگەیەکی درێژمان لەبەردەمە ئێمە پێمانخۆشە لە پێشەنگ بەردەوامبین، بۆیە دەبێت ئاگاداربین، چونکە دەبێت لەبیرمان بێت، کە ریال مەدرید بەرامبەر ئەو یانەیە دۆڕاوە.

لەبارەی جیاوازییەکەیان لەگەڵ ریال مەدرید، کە ئێستا بەرشلۆنە لە پێشەنگە و بەچەند خاڵێك لە ریال دوورە، چاڤی گوتی: پێویستە بێنە کامپ نو و یارییان لەگەڵ بکەین، لە هەموو یارییەکدا دەتوانن ببەنەوە، هەموو یارییەک شەڕدەکەن، شتەکە یەکلانەبووەتەوە، وەک یاریزان زەرەرمەندبووم و ناڵاندوومە، نامەوێت وەک راهێنەر ئەوە دووبارەببێتەوە.

لە وەڵامی پرسیارێکدا، کە ئایا بەرشلۆنە باشترین بەربژێرە بۆ بردنەوەی نازناوەکە، چاڤی دەڵێت: ئێمە بەربژێرین، بەڵام باشترین بەربژێرنین، باشترین بەربژێر ریال مەدریدە، ئەوان پاڵەوانی خولی ئیسپانیا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، ئێمە هێشتا هیچ شتێکمان نەبردووە، تەنیا جامی سوپەر نەبێت و تیپەکە هێشتا برسییەتی.

لە درێژەی قسەکانیدا چاڤی گوتی: کارکردن سوودی دەبێت، بردنەوەی نازناوی جامی سوپەر متمانەی زیاتری بە ئێمە بەخشی و خستینە بارودۆخێکی ئارامترەوە.

# دهۆک بەهێزتر دەبێت

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی دهۆك ئەم وەرزە بە ئاست و ئەنجامێکی باشدا دەڕوات بۆ گەیشتن بە لووتکەی یانەکانی خولی نایابی یانەکانی عێراقی، دهۆکییەکان لە کۆی ئەنجامدانی ١٤ یاری خاوەنی ٢٤ خاڵن و لە پلەی پینجەمی ڕیزبەندی یانەکان دێت، لە گواستنەوەی زستانە دهۆك بەردەوام بوو لە خۆبەهێزکردنی زیاتر و، لەم ناوەشدا ژمارەیەك یاریزانی گواستەوە و چەند یاریزانیکیش ڕیزی یانەکەیان جێهیشت، لەم بارەشەوە کاوە ئیبراهیم ڕاهینەری گۆڵپارێزانی یانەی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: وەکو تیپ لە ئاستی تیپەکەمان ڕازین کە تا ئێستا لە کۆی ئەنجامدانی ١٤ یاری خاوەنی ٢٤ خاڵین، ئەوەش بۆ ئێمە ئەنجامێکی باشە، هەرچەندە ئێمە هیوای زیاترمان بە تیپەکە هەیە بۆ ئەوەی تیپەکە بگەیەنینە لووتکەی یانەکان، لە بارەی هێنانی یاریزانی دیکەش کاوەئیبراهیم گوتی: هەریەك لە یاریزانان ڕێوان ئەمین و بەیار ئەبوبەکر و ئەموری عیدان و عەباس نەجم وحوسێن نەجم و محەمەد عەباس و عیماد عیساش وەکو گۆڵپارێز، هاتوونەتە یانەکەمان، ئێمە ئومێدی ئەوەمان هەبوو کە ئەمساڵ کە تیپەکە بهێڵینەوە، تاکو ئێستا ئەو بەڵێنانەی داومانە جێبەجێمان کردووە بۆ یانەکە، ئومێدی زیاتریشمان هەیە وەکو دەستەی ڕاهێنەران بۆ ئەوەی بتوانین لە یارییەکانی داهاتوو ئاست و ئەنجامی شایستەتر پیشکەش بکەین بۆ شاری دهۆك و، ببینە یەکێك لە تیپە سەرکێشەکانی خولی نایابی یانەکانی عێراقی، هەرچەندە ژمارەیەك لە یاریزانانی تیپەکەمان ڕۆیشتن،بەڵام بە هینانی ئەم یاریزانانە شوێنی ئەوانمان پڕ کردەوە هیوادارم بتوانین ئاستێکی باش پێشکەش بکەین.





# میران محەمەد لە چەند یانەیەک داوا کراوە

یەکێك لە یاریزانە لاوە بەتواناکانی یانەی زانکۆی جیهان کە ماوەیەکی زۆرە لەو یانەیە یاری دەکات (میران محەمەد)ـە، ئەمساڵیش لە ڕیزی یانەکە بەردەوام بووە لە یاریکردن، لە قۆناغی یەکەمی خولەکە ئەم یاریزانە وەکو پێویست هەلی یاریکردنی پێ نەدراوە بۆ ئەوەی بتوانێت یەکیك لە یاریزانە سەرەکییەکانی یانەکە بێت، بۆیە لە قۆناغی دووەمی خولەکەدا ڕیزی یانەکەی جێهێشتووە، لەبارەی هۆکاری ڕۆیشتنی لە یانەی زانکۆی جیهان میران محەمەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لەم یانەیە ئاسوودە نەبووم لەم وەرزە، بۆیە بیرم لە جێهێشتنی یانەکە کردەوە، کە یانەیەکی دیکە بۆ ژیانی وەرزشیم هەڵبژێرم، سوپاسی دەستەی کارگێڕیی یانەکەش دەکەم کە ئەم ماوەیە لەگەڵیان وەکو یاریزان یاریم بۆ کردوون»، لەبارەی چوونی بۆ یانەکانی دیکەش میران محەمەد گوتی: «لە چەند یانەیەك داوا کراوم بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکەم، بەڵام لە هەموویان زیاتر، لە یانەی ئاسۆ نزیکم، دەمەوێ لە خولی پلە دووەکانی کوردستان یاری بۆ ئەو یانەیە بکەم، هیوادارم لە داهاتوودا لەگەڵ هەر یانەیەك کە پێکهاتم، بتوانم خزمەتی ئەو یانەیە بکەم و کاریگەریم هەبێ بۆ ئەوەی ئاستی تیپەکە بەرەو پێش ببەم.»

# سۆران دەیەوێت جیاواز بیت

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی سۆران کە بەشدارە لە یارییەکانی خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، دەیەوێت لەم قۆناغەدا کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکات لە یارییەکانی داهاتوودا، بۆ ئەم مەبەستەش یانەکە بۆ قۆناغی دووەمی خولەکە چەند گۆڕانکارییەکی لە ڕیزی پێکهاتەی یانەکەدا کردووە، بە ئامانجی باشتر بوونی ئاستی تیپەکە، لەم بارەشەوە مامۆستا ڕەفیق باڵەکی ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی سۆران بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئیستا تیپەکەمان تەواوە و هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە، بەردەوامین لە ئامادەکارییەکانمان بۆ یارییەکانی داهاتووی تیپەکەمان لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، لە ڕووی پێکهاتە و ستافیشەوە تیپەکە بە تەواوی ئامادەیە و هەموو ئامادەییەکمان تێدایە بۆ سەرجەم یارییەکانی خولەکە، لە ڕووی مادییەوەش سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران تەواوی خەرجیی تیپەکەی لەئەستۆ گرتووە، ئەوەش بۆ ئێمە زۆر باشە کە گرفتمان نابیت، لە ڕووی هونەرییشەوە تیپەکەمان بێکیشەیە»، مامۆستا ڕەفیق گوتیشی: «بەرنامەمان وایە لەم قۆناغەدا تیپەکە بە تەواوی ئاستی بەرز ببێتەوە و لە ڕیزبەندی یانەکانیش بچینە پێشەوە، بۆ جامی کوردستانیش پلانی تۆکمەمان هەیە، بۆ ئەوەی ڕکابەرییەکی باش بکەین لە سەرجەم یارییەکانمان، لە خولی کوردستان قۆناغی دووەمدا تیپەکان هەمووی گۆڕانکارییان کردووە و ئیمەش بەدەر نەبووینە لەم گۆڕانکارییە و دەمانەوێت ئەنجامی باش بەدەست بهێنین.



# پرۆتینی سۆیا بۆ دابەزاندنی کۆلیستیرۆڵ



لە لێکۆڵینەوەیەکدا هاتووە کە پرۆتینەکانی پاقلەی سۆیا Soyabean proteins ڕۆڵیان هەیە بۆ دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆڵ، بەتایبەتی پرۆتینی گلایسینین Glycinin و ب-کۆنگلایسینین B-conglycinin، هەروەها ڕۆڵیان هەیە بۆ دابەزاندنی ئاستی چەوریی گلیسریدە سیانییەکان لە خوێندا، ئەمەش هەنگاوێکی کاریگەرە بۆ خۆپاراستن لە تووشبوون بە ڕەقبوونی خوێنبەرەکان و نەخۆشیی دڵ. ئاماژە بەمەش کراوە کە پرۆتینەکانی سۆیا ئەگەری زیادبوونی چەوری لە جگەردا کەم دەکەنەوە بە هۆی ڕێگرتن لە دروستبوونی ترشە چەورییەکان و هەڵمژینی کۆلیستیرۆڵی خراپ LDL. باسی ئەمەش کراوە کە کاریگەریی پرۆتینەکانی سۆیا بۆ دابەزاندنی چەورییەکانی خوێن زیاترە لە کاریگەریی دەرمانەکانی دابەزاندنی چەورییەکانی خوێن کە بە ستاتینەکان Statins ناسراون.




## جێگرەوەکانی شەکر زیان بە تەندروستی دەگەینن!

ئەمە زانراوە کە زیاد خواردنی شەکر زیانبەخشە، بەڵام جێگرەوەکانی شەکر Sugar substitutes کە بە شیرینکارە دەستکردەکان Artificial sweeteners ناسراون، بێ زیان نین. شیرینکارە دەستکردەکانی وەکو ئەسپارتێم، ئەسیسەلفەیم، سوکرالۆز، سەککارین، نیۆتێم، ئەدڤانتەیم، چێژی شیرین دەبەخشن، بە کالۆری کەمەوە، بۆیە گەلێك کەس پەنا بۆ بەکارهێنانیان دەبەن بە مەبەستی خۆپاراستن لە زیادبوونی کێش و قەڵەوی، یان گرفتی دیکەی پەیوەست بە شیرینیی زیاد، بەڵام چەندین لێکۆڵینەوە جەختیان کردووەتەوە کە ئەم ماددانە دەبنە ئەگەری ئەم حاڵەت و نەخۆشییانە: زیادکردنی هەستی برسیبوون یان ئارەزووی خواردن کە لەوانەیە ببێتە ئەگەری زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی، تێکدانی هاوسەنگیی بەکتریای سوودبەخشی ڕیخۆڵە، زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە، زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ وسووڕان، بەتایبەتی نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ و جەڵتەی مێشك، زیادبوونی ئەگەری پەستی، تێکچوونی مەزاج و خەمۆکی، سەرئێشە و شەقەسەر، زیادبوونی ئەگەری گرژبوونی کۆڵۆن، ئەگەری زیادبوونی چەوریی جگەر، خەوزڕان و تێکدانی کوالێتیی خەو، هەروەها زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە هەندێك جۆری شێرپەنجە.



# ئایا تەباخی گاز هەوای ناوماڵ پیس دەکات؟

تەباخی گاز Gas stove بە دوو ڕێگە هەوای ناوماڵ پیس دەکات: لەکاتی سووتانی گازدا نایترۆجین و ئۆکسجین یەک دەگرن و ئۆکسیدی نایتریك Nitric oxide و دووەم ئۆکسیدی نایترۆجین دروست دەبن، کە پاش هەڵمژینیان دەبنە ئەگەری سووتانەوەی سییەکان، هەروەها سووتانی گاز یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن و تەنۆلکەی ورد و فۆرمەلدیهاید Formal-dehyde پەیدا دەکات، کە زیانی تەندروستیی جیاوازیان هەیە، بەتایبەتی بۆ کۆئەندامی هەناسە و کۆئەندامی دڵ و سووڕان. باسی ئەمەش کراوە کە تەباخی گاز هەتا لەکاتی کوژاندنەوەشدا ئاوێتەی ژەهراوی پەیدا دەکات وەکو بەنزین کە ماددەیەکی شێرپەنجەییە، لەگەڵ چەند ماددەیەکی دیکەی وەکو زایلین، تۆولین و ئیتیل بەنزین Ethylb-enzene کە ماددەی شێرپەنجەیین و زیان بە کۆئەندامی هەناسە دەگەیەنن. بۆ کەمکردنەوەی زیانەکان واباشترە کە شەفاتە (kitchen hood) لەسەر تەباخ دابنرێت و هەواکێش(ساحبە) ی هەوا لە شوێنیکی گونجاوی ژووردا بۆ هەواگۆڕکێ دابنرێت.



## بەهای خۆراکیی شوفان

شوفان Oatmeal دانەوێڵەیەکی تەواوە، دەوڵەمەندە بە گەلێك ماددەی خۆراکیی گرنگی وەکو: ڕیشاڵی تواوە لە جۆری بیتا گلوکان Beta-Glucan کە بایەخی تەندروستیی زۆری هەیە،پرۆتین، ڤیتامینەکانی B، کانزاکانی ئاسن، مەگنسیۆم، زینك، سیلینیۆم، لەگەڵ بڕی کەمتر لە کانزاکانی کالسیۆم و پۆتاسیۆم، هەروەها ماددە دژەئۆکسانەکان لە جۆری پۆلیفینۆلەکان کە سوودی تەندروستیی زۆریان هەیە، بەتایبەتی خۆپاراستن لە نەخۆشیی دڵ و شەکرە و جەڵتەی مێشك. سوودە تەندروستییەکانی دیکەی شوفان: هاندانی زوو هەستکردن بە تێربوون، بەمەش ڕۆڵی هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش و ڕێگرتن لە قەڵەوی، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، پاراستنی کۆئەندامی هەرس لە ڕێگەی هاندانی کرداری هەرس و گەشەی بەکتریای سوودبەخشی ڕیخۆڵە، خۆپاراستن لە نەخۆشیی ئەلزهایمەر، کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکری خوێن لە ڕێگەی باشترکردنی هەستیاریی خانەکانی لەش بۆ هۆرمۆنی ئینسولین، بۆیە گونجاوە بۆ نەخۆشانی شەکرەی جۆری دووەم.



## ئاکامە نەخوازراوەکانی خەوزڕان



خەوزڕان Insomnia ئەگەر چارەسەر نەکرێت ئەوا دەبێتە هۆی چەند حاڵەت و نەخۆشییەك وەکو: نەخۆشیی دڵ، سەختتربوونی نیشانە و زیادبوونی ئەگەری ئالۆزییەکان لە تووشبووان بە نەخۆشیی شەکرە و دڵ و بەرزبوونەوەی پەستانی خوێندا، کەمبوونەوەی تواناکانی مێشك بە شێوەی گرفت لە بیرهاتنەوە و سەرنجدان و فێربووندا، لەگەڵ کەمبوونەوەی توانای بڕیاردان یان بڕیاردانی هەڵە، تێکچوونی مەزاج یان هەڵبەزین و دابەزینی مەزاج، نارەحەتیی دەروونی، زیادبوونی ئەگەری پەستی و خەمۆکی، کەمبوونەوەی ئاستی وزەی لەش، زوو تووڕەبوون و زیادبوونی ئەگەری توندوتیژی، کەمبوونەوەی پاڵنەر Motivation، کاردانەوەی لەڕادەبەدەر بەرانبەر بە هەر شکستێك و لۆمەکردنی کەسانی دیکە زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی، بۆرژان و هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکی بە درێژایی ڕۆژ، سەرئێشە، ئازار و گرژبوونی ماسوولکەکان، گرفت لە پیشە و کاردا، زیادبوونی ئەگەری کارەساتەکانی هاتووچۆ، هەروەها تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

# پەیوەندیی خۆراک بە شێرپەنجەوە



هەموو ساڵێك لە چواری شوبات كە ڕۆژی جیهانیی شێرپەنجەیە، پسپۆڕان جەخت دەكەنەوە كە خۆراكی هاوسەنگ ڕۆڵی بەرچاوی هەیە بۆ خۆپاراستن لە شێرپەنجە. جگە لە هۆكاری بۆماوەیی (جینەكان)، ژینگە، سترێس..تاد، زیاد خواردنی شەكر و شیرینی زیاد هاوكات لەگەڵ كەم خواردنی سەوزە، میوە، پاقلەمەنییەكان، هەروەها دانەوێڵەی تەواو، ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە زیاد دەكات. لە لایەكی دیكە، زیاد خواردنی خۆراكی پرۆسێسكراو كە هاندەرن بۆ زیادبوونی كێشی لەش و قەڵەوی، هۆكاری هاندەرترن بۆ زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە، هەروەها ئەو خۆراكانەی كە ئاستی هەوكردن Inflammation لە لەشدا بەرزدەكەنەوە ئەگەر بە بڕی زیاد بخورێن، وەك: نانی سپی، گۆشتی سوور، هۆت دۆگ، برنجی سپی، كراكەر و پاستا، سۆدا و شلەمەنییە شیرینكراوەكان، لەگەڵ ئەو خۆراكانەی كە لە زەیتی زۆر گەرمدا سوور دەكرێنەوە Deep fried foods هاوكات لەگەڵ كەمیی ماددە خۆراكییە گرنگەكاندا، هاندەری ترن بۆ شێرپەنجە.

## زیانەكانی بۆیەی دەستكردی خۆراكی



بۆیەی دەستكردی خۆراكی Artificial food dyes بۆ یەكەم جار لە ساڵی ١٨٥٦دا لە پیشەسازیی خۆراكدا بەكار هێنرا، لە ماوەی ٥٠ ساڵی ڕابردوودا بەكارهێنانی بۆیەی دەستكرد لە پیشەسازیی خۆراكدا بە ڕێژەی ٥٠٠٪ زیادی كردووە، لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی خۆراك و دەرمانی ئەمریكی FDA ڕێگە بە بەكارهێنانی تەنیا ٣٦ جۆر دراوە. بۆیەی دەستكردی خۆراكی گەلێك زیانی تەندروستیی هەیە، وەكو: ناڕەحەتیی گەدە، سەرئێشەی هاوشێوەی شەقەسەر، زوو هەڵچوون و تووڕەبوون، ناڕەحەتیی دەروونی، كەمبوونەوەی سەرنج، خەمۆكی، سووتانەوەی چاوەكان، هەستەوەری بە شێوەی خورشتی پێست، هەروەها لە منداڵان دەبنە ئەگەری زیادبوونی چالاكیی Hyperactivity و گرفت لە هەڵسوكەوتدا، هەروەها هەندێك جۆری ڕەنگی دەستكردی خۆراكی پەیوەندییان بە چەند جۆرێكی شێرپەنجەوە هەیە.

# کەوچکێک تام بە خواردن دەبەخشێ





وشەی سمارت یا زیرەك هەموو ئامێرێکی گرتۆتەوە، لە گۆرەوەوی دەستەوانەوە بگرە تا دەگاتە فلچەی ددان و کەوچکی نانخواردن. لەم ماوەیەدا کەوچکێکی زیرەك بەرهەم هاتووە کە بەهۆی ئەلکترۆنی تایبەتەوە و ناردنی شەپۆلی لەرین بە هەستی چێشتنی زمان تامی خواردن لە دەمدا دەگۆڕێت.

بۆ نموونە هەندێك کەس حەز دەکەن خواردنەکەیان هەمیشە سوێر و پڕ خوێ بێ، لەکاتێکدا خوێ زیانی زۆرە، هەندێکیش خواردنەکەیان شیرین بێ کە هەردووکیان زیانیان زۆرە. کەوچکی جۆری spoon TEK کێشەی ئەوەی چارەسەرکردووە. کەوچکەکە بۆ ئەوەی بەکارهێنەر هەست بە سوێری یا شیرینی بکات پاڵسی تایبەت بە شیرینی و یا سوێری بۆ هەستی چێشت بەرێ دەکات و بەکارهێنەر پێیوایە خواردنەکە خوێ و شەکری تەواوە. کەوچکەکە زیاتر بۆ خواردنی سوپ و مەرگە دەبێت.

شایانی ئاماژە پێدانە بەر لەو کەوچەکەش، کەوچکی لەم جۆرە لەلایەن چینییەکانەوە بەرهەم هاتووە کە تامی خواردن دەگۆڕن.



# رۆبۆتی خزمەتگوزار

دەستەواژەیەك هەیە کە دەڵێت جیهانی ئایندە هی رۆبۆتەکانە! ئەم دەستەواژەیە مەترسییەکی گەورەیە بۆ ئایندەی مرۆڤایەتی. ئەگەر رۆبۆتەکان دەست بەسەر هەموو شتێکدا بگرن و بەهۆی زیرەکی دەستکردەوە جیهان ئاوەژوو کەنەوە لەبری ئەوان لە خزمەت مرۆڤ دابن، مرۆڤەکان بێننە خزمەت خۆیان چ روو دەدا؟

داهاتووی هی رۆبۆتەکان نییە، بەڵام رۆبۆتەکان خزمەتێکی زۆر بە مرۆڤایەتی دەکەن و زۆربەی ئەرکەکانیان کەم دەکەنەوە. بۆ نموونە رۆبۆتی جۆری Aeolus کە رۆبۆتێکی خزمەتگوزارییە و تایبەت نییە بە ئەرکێك، بەڵکو لە هەموو ئەرك و کارەکانی ماڵەوەدا هاوکاریتان دەکات. ئەم رۆبۆتە کاری پاککردنەوە گەسك لێدان دەکات، کەلوپەلەکانی ماڵەوە لە شوێنی خۆی دادەنێتەوە، ئەگەر شتێك ون بوو لە دۆزینەوەیدا یارمەتیت دەدا و دەتوانێت سفرە رابخات و چێشت لە چێشتخانە بێنێتە سەر سفرە. جگە لەوە سەدان ئەرك و کاری دیکە کە مرۆڤ خۆی دەتوانێت پێی بسپێرێت.

# فڕین بۆ هەمووان



«فڕین بۆ هەمووان» دروشمی کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی، فڕۆکە و هەلیکۆپتەری تایبەتە کە هەموو کەس بتوانێ بەدەستی بێنێ.

کۆمپانیای Jetson سویدی لە ساڵی ٢٠١٧ەوە کار لەسەر بەرهەمهێنانی فڕۆکەیەکی بچووک دەکات بۆ ئەوەی هەمووان سوودی لێوەربگرن. Ternström سەرۆکی کۆمپانیا دەڵێت ئێمە نیازمانە هەموو کەس فێری لێخوڕینی فڕۆکە بکەین، با ئاسمان بۆ هەمووان بێت.

هەربۆیە فڕۆکەی بچووکی Jetson ONE بەرهەم هێنا. هەتا ئێستا ١٧٠ کۆمپانیا لە هەوڵی بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بچووک یا ئامێرێکی بچووک دان کە بفڕێت و هەموو کەس لێیبخوڕێت، بەڵام تەنیا ٧ کۆمپانیا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە.

کۆپتەرە بچووکەکە هەشت مۆتۆری هەیە. لە فایبەری کامپوزیت دروستکراوە. کێشی فڕۆکەکە بە تەنیا ٤٠ کیلۆیە، بە هەموو پێداویستییەکانیەوە دەگاتە ٩٠ کیلۆ. بەخێرایی ١٠٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا دەڕوات. فڕۆکەوانێکی ٨٥ کیلۆ هەڵدەگرێت و تەنیا جێگای یەك کەسیش دەبێتەوە. لێخوڕینی زۆر ئاسانە و زۆرتر وەك ئەتاری دەچێت و بەدەسکی گەمە کۆنترۆڵ دەکرێت.



# سکاینەرێک بۆ سکانکردنی سروشت و دەوروبەر

سکاینەر ئەو ئامێرەیە کە داتاکانی سەر کاغەز دەکاتە داتای دیجیتالی، لە وێنە و دەقەکانەوە سکان هەڵدەگرێت. سکانێکی تایبەتی هەیە لە دەوروبەر و بینا و ژینگە و هەموو شوێنێك سکان هەڵدەگرێتەوە. بۆ نموونە نیازت هەیە ژوورەکانی بینایەك بە هەموو وردەکارییەکانیەوە و بەهەموو کەلێن و قوژبنەکانیەوە لەسەر خوارەوە تا بن میچ سکان بکەی، بەهۆی سکاینەری لەیزەری فیلمی بە شێوەی سێ ڕەهەندی فیلمی لێ هەڵدەگیرێتەوە.

سکاینەری جۆری Leica BLK2GO یەکێکە لەو جۆرە سکاینەرانە. بچووکە و بە دەست هەڵدەگیردرێت کێشی ناگاتە کیلۆیەك. کامێرایەکی لەسەرە بۆ فیلم هەڵگرتنەوە لەسەرەوە و سێ کامێراش بۆ لایەکانی دەوروبەر. فیلمەکان بەبێ کەلێن و درز تێکەڵ بەیەك دەکات هەست بەوە ناکرێ کە لێکدراون یا دوو فیلمی لێك جیان. شەحن دەبێتەوە و هەتا ٤٥ خولەك بێ بڕانەوە سکان کردن شەحنی دانابەزێت.



# کیبۆردێکی تایبەت به مۆبایل و تەبلێت

گرفتێکی سەرەکی لە مۆبایل و تەبلێتدا ئەوەیە کە ناکرێت وەکو لاپتۆپ و دیسکتۆپ سوود لە کیبۆردەکەی وەربیگرێت، هەر بەراستی کیبۆردێکی حەقیقی لە مۆبایل و تەبلێتدا نییە و دەبێت بە لاوەکی بۆ دابندرێت. کیبۆردی کۆمپیوتەریش هەرچەندە لەگەڵ مۆبایل و تەبلێت دەگونجێت، بەڵام وەکو پێویست نییە و شوێنێکی نییە بۆ دانانی مۆبایل و تەبلێت.

کیبۆردی جۆری TREWGrip ئەو جیاوازییەی نەهێشتووە. ئەم کیبۆردە ستایلێکی ناوازەی هەیە، مۆبایل و لەناوەندەوە دەبێتە دوو بەش، مۆبایل یا تەبلێتەکە لەناوەندی کیبۆردەکە دادەنرێت. گشت ئەو دوگمانەی بۆ تایب کردن و ئەرکی دیکە پێویستن لە تەبلێتەکەدا هەن. لە مۆبایلێکی ٥ ئینجیەوە بگرە تا دەگاتە تەبلێتێکی ٧ ئینجی لەگەڵ کیبۆردەکە دەگونجێت. بەهۆی سیستەمی بلوتوسەوە لەگەڵ تەبلێت و مۆبایل پەیوەند دەدرێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت شریتی تاسکباری کۆمپیوتەرکەم چۆتە سەر لای راست، چ بکەم بیهێنمە لای خوارەوە؟**

خوێنەری بەڕێز شریتی تاسکباری کۆمپیوتەر (Taskbar) کە بەشێك لە ئایکۆنە پێویستییەکانی بەکارهێنەری لەسەرە و بە زۆری لە لای خوارەوەیە بە ئاسانی جوڵەی پێدەکرێت، سەرەتا کلیك لەسەر لای راست بکە و پاشان Lock the taskbar بکە و سەحەکەی لابەرە. ئەوکات بە داگرتنی ماوس لەسەر شریتەکە و دراگ کردن واتە دەست هەڵنەگرتن لەسەر ماوس و راکێشان بۆ هەرلایەك بە ئاسانی جووڵە دەکات بۆ هەرلایەك کە مەبەستە. بۆ ئەوەی کە نەجوڵێتیش دەبێت وەك پێشوو دوگمەی lock the taskbar هێمای سەحی لەسەر بێت.

# پرینتەرێک جوانکاری لەسەر روخسار دەنەخشێنێ

ئافرەتان بۆ جوانکاری و خۆرازاندنەوە بەدەیان جۆر کەرەسەی جوانکاری بەکار دێنن، لەمەولا پێویست ناکات، ئامرازەکانی وەك مەسکارە، ریمێل، قەڵەمی تایبەت و مەقەستی برژانگ و....تاد. بەکاربێنن، بەڵکو پرینتەری جۆری Brow Magic بەکار بێنن کە نەخشەکانی جوانکاری لەسەر روخسار دەنەخشێنێ.

لە پێشانگای ساڵانەی CES 2023 کۆمپانیای L’Oreal پرینتەرێکی نوێی خستەڕوو کە توانای کێشانەوەی برۆی هەیە و لەرێگای تەکنەلۆژی واقیعی- مەجازی دەریدەخات چ برۆیەك بۆ روخساری بەکارهێنەرەکەی گونجاوە.

پرینتەری کۆمپانیای ئاماژە بۆکراو رێگا بۆ ئەوە خۆش دەکات لەداهاتوویەکی نزیکدا تەواوی روخساری مرۆڤ بە پرینتەر جوانکاری بکرێت. بەر لە کۆمپانیای ناوبراو، کۆمپانیای prink-er پرینتەرێکی بچووکی بەرهەم هێنابوو کە بە خێرایيەکی زۆر تاتۆی لەسەر پێست دەنەخشاند.

پرینتەری ناوبراو دەتوانێت ٢٤٠٠ جۆری برۆ چاپ بکات. لە رێگای ئاپێکەوە دەکرێت ستایلی تایبەت بە برۆ دیاری بکەی.





# ئاوێنەی زیرەک و تایبەتمەندییەکانی

سەردەم سەردەمی هۆشمەندییە. ئاوێنەش لەم سەردەمەدا پارچە جامێك نییە کە سەیری خۆتی پێ بکەی، بەڵکو دەکرێت کۆمپیوتەرێك بێت بە تەواو ماناوە.
ئاوێنەی زیرەکی جۆری capstone smart mirror. بلوتوس و وای-فای هەیە. لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت و دەتوانی بەهۆیەوە سەیری ماڵپەڕ بکەی و گوێ لە گۆرانی بگری و کەش و هەوا بزانی و زۆر شتی دیکەش.
قەبارە و جۆرەکانی گەلێکن. شاشەیەکی لەمسی هەیە. وەك ویبگەڕ فایر فۆکسی لەسەر دانراوە. بەڵام دەکرێت ویبگەری دیکەش دابنێی. دەکرێت لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە ئاپی تایبەت بەخۆت دابەزێنی. دەتوانی بۆ بواری وەرزش و ڕاهێنانی جەستەیی سوودی لێوەربگری و پرۆگرامێکی تایبەت بە ڕاهێنان بکەیەوە و خۆشت ڕاهێنان بکەی و لە ئاوێنەکەدا خۆت ببینی.
دەتوانی کاتێك سەیری ئاوێنە دەکەی، پرۆگرامی چۆنییەتی ئارایش و جوانکاری سەیر بکەی. یان کاتێك چێشت لێدەنێی هەر لە ئاوێنەکەدا فێری چۆنییەتی چێشت لێنان ببی.




## ماڵپەڕی گەورەترین کتێبخانەی ئۆنلاینی خۆڕایی

حەزت لە خوێندنەوەیە، بەدوای کتێبدا دەگەڕێی و دەستت ناکەوێ، کتێبخانەکانی ئۆنلاین گەڕاوی بەڵام نەگەیشتوویە مەبەست. سەر لە گەورەترین ماڵپەڕی کتێبی خۆڕایی واتە ماڵپەڕی www-gutenberg-org بدە. لەو ماڵپەڕەدا زیاتر لە شەش سەد هەزار کتێب لە گشت بوارەکاندا هەیە. ئەمە پرۆژەی گەورەی گۆتنبێرگە و لەساڵی ١٩٧١ەوەدامەزراوە. کتێبەکان لە هەموو بوارێکدان. لەماوەی ئەو نیو سەدەیەدا بە هەزاران خێرخواز و ئۆگرانی کتێب وایان کردووە کتێبخانەکە دەوڵەمەندتر بێت. کتێبەکان دەتوانی بەبێ بەرامبەر بە خۆڕایی دابەزێنی. بە هەموو جۆرەکانی فۆرماتی خوێندنەوەی کتێب. تەنانەت ئەگەر خۆشت کتێبکت هەیە و لە کتێبخانەدا نییە دەتوانی بە کتێبخانەکەی ببەخشی.

# پرۆگرامێک بۆ خێراکردنی کۆمپیوتەر

زۆر جار گلەیی ئەوە دەکەن کە کۆمپیوتەر خێرایی دابەزیوە، کاتێك ماڵپەڕێك دەکەیەوە بە درەنگەوە دەیکاتەوە یا کاتێك دەتهەوێ فایلێك بەهەر پرۆگرامێك بکەیەوە زۆری پێدەچێ، بەشێکی ئەو گرفتانە هۆکاری کۆنی کۆمپیوتەرەکە و سیستەمی کۆمپیوتەر دەگەڕێتەوە، بەشێکیش بۆ سەختە ئامراز. ئەگەر پەیوەندی بە سیستەمەوە هەبێت ئەوە بەدابەزاندنی پرۆگرامی BoostSpeed لەسەر کۆمپیوتەر، خێرایی دەچێتە سەر. پرۆگرامەکە خێرایی بە بوتی کۆمپیوتەر دەبەخشێت، ویبگەرەکان خێرا دەکات. هاردیسکی کۆمپیوتەر لە فایلی زیادە و ئەو فایلانەی کێشەیان هەیە پاك دەکاتەوە. کۆمپیوتەرەکە سەکان دەکات و کەموکوڕی و کێشەکان دەدۆزێتەوە. هەروەها خێرایی دابەزاندن لە ئینتەرنێت زیاد دەکات. بەگشتی پرۆگرامەکە لە ڕیزی پێویستییەکانی کۆمپیوتەرە. ڕیکلامە بێ سوودەکان بلۆك دەکات و زۆر ئەرکی دیکەش جێبەجێ دەکات.



# چەند خشڵێك جوانیت لە وەرزی سەرمادا دەگەشێنێتەوە



بەهۆی وەرزی سەرما سۆڵە و زستان، زۆربەی بەشەکانی جەستە بە دەرەوە نابن، تەنیا هەندێ بەش نەبێت کە بەدەرەوەن، وەك: گوێچکە و ڕووخسار و مل و دەستەکان و هەندێ جاریش بەشێکی بەرۆك بەدەرەوە دەبن، بەم چەشنە دەتوانی سوود لە جوانیی ئەو خشڵ و ئێکسسوارانە وەربگریت کە بۆ ئەو بەشانەوە تەرخان کراون، بەم جۆرەش بێت، پێویستت بە گوارە و خەزێن و سەر و بەست و ملوانکە و ئەنگوستیلە و دەسبەند دەبێت، دەتوانن بەم شێوازانە جلوبەرگ و ئێکسسوارەکانت شیك بکەن، بۆ نموونە: کاتێك چاکێت و بلووزی یەخە گەورە لەبەر دەکەیت: پێویستە گوارەکەت گەورە بن، پێچەوانەشی ڕاستە، کاتێك بلوز و بەدی لەبەر دەکەیت، دەتوانیت ملوانکەکەت بخەیتە سەر جلەکەوە، تا دەربکەوێت نەك بکەوێتە ژێر جل و بەرگ،هەروەها سەر و بەست دەتوانیت بۆ بۆنە و یادەکان لە نێوچەوانت ببەستیت، ئەنگوستیلە و دەسبەند لەگەڵ جلی قۆڵدرێژ لە دەست دەکرێن، هەوڵدە دەسبەندەکەت لە ڕەنگی جلەکەت جیاواز بێت تا بە جوانی دەربکەوێت، ئەڵقەکەشت با لە شێوەی ماکیاژت یان جل و جەنتاکەت نزیك بێت یان هاوڕەنگ بێت، بەمەش مۆدێکی نایاب لە جوانیدا ئامادە دەکەیت.

## تەنوورەکان جلی کەسایەتیی و فەرمی و سەرنجڕاکێش



تەنوورە مۆدێکی جوانی جلە، جەماوەری تایبەتی خۆی هەیە و دەزانن چەندە بە ناسکی و کارامەیی بیپۆشن، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆری خانمان حەز بە پۆشینی تەنوورە ناکەن، وەك جلێکی کراوە و فراوان، هەروەها بە مۆدێکی کۆن و کلاسیك دادەنرێت، بەڵام تەنوورە بە یەکێك لە مۆدەکانی جوانی دادەنرێت و بەها و کەسایەتییەکی گران و نایاب بە جەستەی خانمان دەبەخشێت، جگە لەوەی لەگەڵ هەموو جلێك لەبەر دەکرێت، بە تایبەت لە وەرزی زستان و سەرمادا، دەتوانی لەگەڵ کۆلۆن و سترێجیش بیپۆشیت، مۆدەکانی تەنوورە لە ساڵی (٢٠١٨)ەدا چەندین جۆرن، دەتوانین بە پێی مۆد و کاتی لەبەرکردنیان پۆلێنیان بکەین بەم چەشنە: سەرەتا مۆدی (سارۆنگ) هەیە، کە شێوەی وەك دار وایە، لەسەرەوە تەسکە و لە خوارەوەش فراوان دەبێتەوە، یان بە پێچەوانەوە بۆ شوێنی فەرمی و دەوام گونجاوە، تەتوورەی سەر پانتۆڵ، مۆدێکی دیکەیە بۆ دەرچوون و گەشت دەپۆشرێت، فاشینستا، مۆدێکی دیکەی تەنوورەی کورتە و جوانترین ڕەنگیش سوورە لەگەڵ سترێج و کۆلۆن لەبەر دەکرێت، مۆدی کارۆهات هەیە، لەگەڵ بلووز لەبەر دەکرێت یان لەگەڵ چاکێتی درێژ و پووتیش لە خوارەوە، هەروەها مۆدەکانی عەدل و ڕاست، بۆ میوانی و یاد و بۆنەکان لەبەر دەکرێن.

# بە خوێندنەوە ژیانت ئارام و کەسایەتیت بەرز بکەرەوە

ئەو خانمانەی زۆر شت دەخوێننەوە و ڕۆژانە سەرقاڵی کتێب و یان لە نێت و مۆبایلەوە دەخوێننەوە و بابەتی جۆراوجۆر دەخەنە سەر بانکی زانیارییەکانیان، هەمیشە بە کەسانی بەرز و هێمن و پڕ زانیاری و ئامادە بۆ قسە کردن ناسراون و هەڵویست و قسەی خۆیان هەیە، بەم چەشنە دەبێتە خاوەن کەسایەتی خۆی و هەمیشە بیرۆکەی جوانی دەبێت بۆ ژیان و داهاتووی خۆی، بە ئاسانی مامەڵە لەگەڵ کەسانی دیکە دەکات و هێمنیی پێوە دیارە، وێڕای ئەوەی لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە کە خوێندنەوە وا لە هەست و ئەقڵ دەکات کە کارا بن و بە ئاگا بن لە بەرامبەر پرسەکانی ژیانی کەسی، هەروەها لە خوێندنەوەدا فێری زووتێگەیشتن لە کەسانی بەرامبەر و خوێندنەوەی بیرۆکەیان دەبیت، خوێندنەوە تەنیا کتێب نییە، بەڵکو دەتوانی ئامێری مۆبایلەکەت وەك سەرچاوەیەکی خوێندنەوە دابنێیت، کە کتێبی ئەلیکترۆنی و ڕۆمان و نووسینەکانیش لە مۆبایلەکەتدا هەبێت. بۆ ئەوانەی خەمیان هەیە، یان کاتیان زۆرە و ناتوانن بێزارییان دەرببڕن، باشترە خۆتان بە خوێندنەوەوە خەریك بکەن، هەوڵ بدە بەر لە نووستن، یان سەر لە بەیانی، یانیش دوای هاتنەوە لە دەوام و کار و پشوودان، پاشان دەست بە خوێندنەوە بکە، پەلە مەکە لە کتێبەکان کە تەواویان بکەیت یان بزانیت ڕۆمان و چیرۆکەکە کۆتایی چۆن دەبێت، وا بکە کە خۆت ببەستیتەوە بە بابەتی کتێبەکانەوە، ئەگەر لە کاتی خوێندنەوەکەشدا، میوزیکێك یان گۆرانی گوێ بگریت، مێشکت چالاکتر و کارامەتر دەکات.



# نمایشی هەنگە دڵخۆشەکان Happy Bees

لە شانۆیەکی قەشەنگ و ڕەنگاوڕەنگدا، بە بەشداری زیاتر لە ١٠ قوتابی و بەشداربوو و ڕاهێنەران، شانۆی هەنگە دڵخۆشەکان لە هەولێر بەڕێوە چوو، شانۆیەکە بە زمانی ئینگلیزی و جلی جۆراوجۆر، لەلایەن ئەکادیمیای سابیس و قوتابخانەی شویفات، سارینا باقی، بەڕێوەبەری ئەکادیمیای هونەری لە سابیس شویفات سەرپەرشتی نمایشەکەی دەکرد بە هاوکاریی ڕاهێنەران و منداڵانی بەشداربوو، سارینا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاماژەی بەوەدا کە: بە هۆی شانۆکەوە پێویستە ژینگە بپارێزین و یەکترمان خۆشبوێت، بەهۆی شانۆکەوە فێری زۆر شت بین و هاوکاری یەکتر بکەین. لە شانۆکەدا منداڵان بە جلی ڕەنگاوڕەنگ و باڵی جۆراجۆر کە شێوەیان وەك هەنگێکی بچووك دەردەکەوت، هەروەها مامۆستا و ڕاهێنەرەکانیشیان هەمان جلیان پۆشی بوو، تاوەکو تەواوی نمایشەکە لە هەنگ و هەنگاوانی بچێت، بە میوزیك و قسەکردن و سەمای جۆراوجۆر، نمایشێکی ئەکادیمی و هونەری و بە مانایان پێشکەش بە ئامادەبووان و کەسوکاری بەشداربووانی نمایشەکە کرد، کە نمایشێکی گرووپی دراما و میوزیك بوو، لەلایەن ئەکادیمیای هونەری سابیس، بە شێوازێکی مۆدێرن و پرۆفیشناڵ بەڕێوە چوو.



# باخچەی بچووک کراوە

هەمیشە باخچەکان گەورە و ڕووبەرێکی گەورەیان هەیە، کەچی ئەو پیاوە ئەو کارە ئەستەمەی کردووە، کە باخچەیەکی بچووککراوەی لە نێو شووشەیەکدا بۆ ماوەی (٥٨) ساڵە هێشتووەتەوە، ئەو پیاوە خانەنیشنە ناوی (دەیڤێد لاتیمەر)ـە، لە ساڵی (١٩٦٠) ئەو باخچەی نێو شووشەیەی ڕواندووەتەوە، تا ئێستاش ئەو باخچە بچووکە ماوەتەوە، دواجار کە ئەو باخچەیە ئاودراوە لە ساڵی (١٩٧٢) بووە، ئەوەی سەیرە باخچە بچووکەکە هەڵمی خۆی دەکات بە سەرچاوەی ئاو بۆ خۆی، ئەو جۆرە ڕووەکەی لە نێو ئەو شووشەیەدا ڕواوە، بە ناوی (سپایدۆرت)ـە، پسپۆڕان دەربارەی ئەو تاقیکردنەوە بچووکە سەیرە دەڵێن: باخچەکە ژینگەیەکی تەواوی بۆ خۆی دروست کردووە و هەموو سەرچاوەیەکی خۆی بۆ خۆی دابین کردووە.











# سەیرترین ڕێورەسمی ئاهەنگەکانی هاوسەرگیری

ئێستا ڕێوڕەسمی ئاهەنگی هاوسەرگیری گۆڕانکاری بەخۆوە بینیوە و هەر یەکە بە جۆرە نەریت و شێوازێك ئەنجامی دەدات، جاران ڕێوڕەسمی کوردەواری هەبوو، کە بووك و زاوا لەسەر پشتی وڵاخ بوون، کەچی ئێستا بووەتە بۆنە و یاد و ئاهەنگ و سەمای بیانی، لە جیهانیشدا هەمان دیاردە پەرەی سەندووە و هەر یەکە بە جۆرێك ئەو ڕۆژە بەڕێ دەکات، لەوانە: هەردوو هاوسەری ئوسترالّی (سابیرنا مایەر و ڕۆبێرت هۆسار)، ڕێوڕەسمی ئاهەنگیان لەژێر ئاودا بەڕێ کرد، هەریەکە لە (ڕاین و جانێت) لە نێو فڕۆکەیەکی بۆشاییگەری و بەبێ ڕاکێشانی هێزی زەوی زەماوەندیان کرد. کاسی ئەندەرسۆن و میسی بایل، ئاهەنگەکەیان لە باخچەی ئاژەڵان و لە نێو قەفەسی ورچێکدا بەڕێوە برد. مایك و سالینای ڕووس، لە ساردترین زنجیرە چیاکانی ئەلاسکا کە پلەی سەرما (١٠) پلەی ژێر سفرە مەراسیمی هاوسەرگیریان کرد. میلینا و ئاندی، ئەوانیش ڕێورەسمی ئاهەنگیان لە نێو باڵۆنەکانی هەوادا گێرا.





# سەگ لەجیاتی بزوێنەری ئۆتۆمبیل

بزوێنەرەکانی ئەو سەردەمە پێشکەوتوون و بە ئەندازەی تازە دروست دەکرێن، زۆربەی کۆمپانیاکانی جیهان خەریکی دروستکردنی تازەترین مۆدەکانی ئۆتۆمبیل و تازەترین و پێشکەوتووترین بزوێنەرن و تەکنەلۆژیای تیادا بەکار دەهێنن، بەڵام ئەو دوو هاوسەرە لە وڵاتی چین، بەرەو چەرخی دواوە دەگەڕێنەوە و ئێستا لە جێگەی ئۆتۆمبیل، سەگ بەکاردەهێنن بۆ گواستنەوەی خۆیان و شتومەکەکانیان، ئەو جۆرە ئوتۆمبێلە بە سکۆتەر دەناسرێت، ئەو دوو هاوسەرە ناویان (واینگ و مارا) یە، لە ناوچەی شیانگ لە ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە دەژین، پیاوەکە خانەنیش بووە و ئێستا توانای ئەوەی نییە ئوتۆمبێل بکڕێت، بەڵکو ئەو جۆرە ئۆتۆمبیلەی داهێناوە، کە شوێنی خۆی و هاوسەرەکەی دەبێتەوە و بە دوو سەگیشەوە لە پێشەوە ڕادەکێشرێن.



## کاریکاتێر


ئەم کاریکاتێرە باس لە زۆربوون و بڵاوبوونەوەی چەك لە جیهاندا دەکات، کە دوو کەس سەیری دارێك دەکەن لە جیاتی بەرووبووم، چەك و دەمانچەی گرتووە.



## کتێب

**نەتەوەی فەیسبووك - Facebook Nation: Total Information Awareness**

یەکێکە لە کتێبەکانی سەردەم، کە باس لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك دەکات، ئەوانەی کە شەیدای تۆڕە کۆمەڵاتییەکانن بە گشتی و تۆڕی فەیسبووکن بە تایبەتی، لە نووسینی نووسەری بەریتانی -چینی (نیوتن لی)یە، کە زانایەکی کۆمپیوتەرە، لە چین لەدایکبووە و ڕەگەزنامەی بەریتانی هەیە، کتێبەکەی باس لە ئاگاداربوون دەکات لە چۆنیەتی بەرکارهێنانی تۆڕی فەیسبووك و دەرئەنجامی ئەو خراپەکاری و کارە نایاسایيانەی لەو تۆڕەدا ئەنجام دەدرێت، بە هەماهەنگی لەگەڵ مارك زوگبێرك بەڕێوەبەری جێبەجێکاری فەیسبووك و FBIی ئەمریکی، نرخی کتێبەکە ٢٥ دۆلارە بە کتێب و بە ئەلیکترۆنیش ٥٣ دۆلارە.



## یاسا

**کۆمپانیاکانی هێڵی مۆبایل چۆن دەتوانن هاوکاری دادگا بکەن؟**

لەسەر بڕیار دادوەر بە نووسراوێك کە ئاراستەی کۆمپانیاکانی مۆبایل دەکرێت، دەتواندرێت وەڵامی ئەم زانیارییانە بدرێتەوە بە دادگا:

١. ناردنی لیستی پەیوەندیی هاتوو و ڕۆشتوو بە پێی کات و بەروار.
٢. ناردنی زانیاری لەسەر خاوەنداریێتی سیم.
٣. دیاریکردنی شوێنی بەکاربەری سیم، بەپێی شوێنی بورجی هێڵەکان.
٤. هێنانەوەی ئەو نامانەی بە سیمکارت دەنێردرێت یان وەردەگیرێت.

نامەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە سڕابێتەوە دەهێندرێتەوە و سوودی دەبێت بۆ داوا، دوای دەستبەسەرداگرتی ئامێری مۆبایل یان کۆمپیوتەری تۆمەتبار، داوا لە داوەری لێکۆڵینەوە یان دادگای تایبەتمەند دەکرێت بۆ بەتاڵکردنەوەیان، کە زۆرجار لە بەشی ئایتی دادگاکان ئەنجام دەدرێت، دەتواندرێت بە ئاسانی هەموو ئەو نامانە بهێندرێنەوە کە پێشتر نێردراون یان هاتوون، لەوانەیە بگوترێت هەندێك لە ئەپڵیکەیشنەکانی وەك سناپ چات نامەکان بە خێرایی تێیدا نامێنن، ئەمەش ئەستەمبێت بتواندرێ بهێندرێنەوە، بە پێچەوانەوە ئەم وتەیە بۆ هەموو جۆرەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕاستە کە دەتواندرێت داوای هەموو داتای ئەکاونت لە کۆمپانیای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکە بکرێت و پاش ئامادەکردنی داتاکەش، بەستەری داگرتنەکەی دەنێردێت بۆ ئیمێلی بەکاربەر، کە ئەو داتایانە لە یەکەمین چرکەساتی دروستکردنی ئەکاونتەکە تاکو کاتی داواکردنی داتا لە کۆمپانیاکە لە خۆدەگرێت، لەوانەش هەموو نامەکان کە بەو ئەکاوتنە نێردراون و هاتوون، بە کات و بەروار، یان کۆمێنت و لایك یان هەر چالاکییەکی دیکەی وەك پۆستکردن ئەنجام درابێت، کە ئەمەش لە هەندێ داوادا دەتواندرێت کەڵکی لێ وەربگیرێت.

چالاکییەکی تری وەك پۆستکردن ئەنجام درابێت دەخاتەڕوو، کە ئەمەش لەهەندێ داوادا دەتواندرێت کەڵکی لێ بگیرێ.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

لە ڕووی داراییەوە قازانجێکی باش دەکەیت و گرفتەکانت چارەسەر دەبن، تەمەڵی و دواخستنی کارەکانت لە ڕووی پیشەییەوە زیانت پێ دەگەیەنێت، هەوڵ بدە گۆڕانکاری لە ژیانی تایبەتیت بکە و ڕۆتین بشکێنە.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

سەرکەوتن لە پیشەکەت و هەوڵ و ماندوبونە زۆرەکەت باجێکی زۆری هەیە، ئەویش تەندروستیتە، کە پشتگوێت خستوە، پێویستت بەوەیە سیستمی خۆراکیت ڕێك بخەیت و وەرزش بکەیت، لە بیرت بێت تەندروستی خۆت پێش هەموو شتێکە.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

بەهۆی کۆڵنەدانەوە دەگەیت بەو شتانەی کە دەتەوێت، پەستانی کارکردن زۆرتر دەبێت لەسەرت و پێویستە پلانەکانت ڕێك بخەیت، بۆئەوەی هیچ ئەرکێکت بۆ دواتر نەمێنێتەوە، لە ڕووی سۆزدارییەوە دڵی خۆشەویستەکەت بەدەست دەهێنیت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

لە ڕووی پیشەییەوە دەرگا داخراوەکان بەڕووتدا دەکرێنەوە، بەڵام بۆت دەردەکەوێت بڕینی ڕێگەکان هێندە ئاسان نین کە بیری لێ دەکەیتەوە، بینینی کەسانی دیکە و ناسینیان، لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە یارمەتیدەرە بۆئەوەی هەلی باشتر بێتە پێشت .

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

لە ڕووی داراییەوە کاتێکی باش نییە بۆئەوەی متمانە بە خەڵکی بکەیت، کاتت کەم بووەتەوە بۆ ئەوەی ئەرکەکانت جێبەجێ بکەیت لە ڕووی پیشەییەوە، لە ژیانی تایبەتیتدا بە وشەکانت ئازاری هەستی کەسانی دیکە مەدە و وریاتر بە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

پێویستە وریاتر مامەڵە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت بکەیت و بە وریاییەوە هەڵسوکەوت بکە، ڕێگە مەدە ناکۆکییەکان درێژە بکێشێت، لە ڕووی داراییەوە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان بدە، چونکە بە تەواوی مێشکی سەرقاڵ کردویت.

# سمێڵی کۆرپەلە

بۆ زانیاریت



لە تیشکە پێشکەوتووەکاندا، حاڵەتێکی سەیری کۆرپەلەکان دەردەکەون، کە ئەویش بوونی سمێڵی کۆرپەلەیە، پسپۆڕان دوای پشکنین و شیکردنەوە توانیان ئەو حاڵەتە دیاری بکەن، کە هەموو کۆرپەلەیەك لە ماوەی گەشەکردنیدا لە منداڵداندا لە یەکێك لە قۆناغەکاندا سمێڵێکی بۆ دروست دەبێت، کە دواتر بە هەموو جەستەیدا دابەش دەبێت و پاشان ئەو موانە دەخوات - مووی بێزیانن. ئەو موانە بە گەندە موو ناودەبرێن و پاش لە دایکبوونیان لە یەکەم کرداری پیسایکردندا دەریدەدەنە دەرەوە، ئەو پیساییەش ناودەبرێت بە مەکۆنیەم.



## پەند و وتە

ماری ماکلۆید بەیتۆن، نووسەر و ئافرەتی چالاك کە حەزی بە کاری مرۆڤایەتی و هاوکاری دەکرد، لە ساڵی ١٨٧٥ لە ئەمریکا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٥٥ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ئافرەت کە چۆن داهاتوو و ژیانی دیاری دەکات، دەڵێت: «ئافرەتی سەربەخۆ، ئەگەر بە پێی پرەنسیپەکانی خۆی ژیا و توانی داهاتووی خۆی دیاری بکات، ئەو کاتە دەتوانێت وەك مرۆڤێکی ئاسایی و تەنیا بژی، هەروەها هیچ سنوورێك بۆ ئاواتەکانی لە داهاتوودا دانانێت».



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا هەڵەیەکی گەورە هەیە، کە کۆمەڵە کەسێکن لەسەر مانگن و ئاگریان کردووەتەوە، هەوڵ بدە لە ماوەی ٣٠ چرکەدا هەڵەکە دیاری بکەیت.

## فیلم

### پیازی شووشە - Glass Onion: A Knives Out Mystery




فیلمێکی تاوانکاری و سەرکێشییە، لە مانگی ١٢ی ساڵ ڕابردوو بەرهەمەکە تەواو بووە و لە ساڵی تازەدا نمایش دەکرێت، باس لە مامۆستایەکی سەرمایەدار دەکات، بە ناوی (مایلز برۆن) لەو کاتەی کۆمەڵێك هاوڕێی خۆی بانگهێشتی کەنارە سەوزاییەکەی دەکات، دوای ئەوەی یەکێك لە میوانەکانی دەمرن و پاشان کەیسێك لەسەر خاوەن کەنارەکە دەکرێتەوە، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و ١٩ خولەکە، بودجەی فیلمەکە ٤٠ ملیۆن دۆلارە و تا ئێستا داهاتی ١٥ ملیۆن دۆلارە، لە دەرهێنانی ڕاین جۆنسۆن، لە نواندنی (مادلین کلاین، دانێل کرینگ، کەیت هیدسۆن، جەسیکا هانوێك، ئێدوارد نۆرتۆن، کاترین هان)ە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هەڵبژاردنی شێوازی ژیانێکی تەندروست لە زۆر گرفتی گەورە دورت دەخاتەوە و لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە سوودت پێ دەگەیەنێت، لە ڕووی پیشەییەوە چەندین دەرفەتی باش دێتە بەردەمت، لەدەستیان مەدە و سوودیان لێ ببینە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کاتێکی زۆرت بۆ ئامێرە تەکنەلۆژییەکان تەرخان کردوە، ئەمەش جگە لەوەی کاریگەری لەسەر دەروونت هەیە، کاریگەریی نەرێنیی لەسەر جەستەت دادەنێت، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەوڵی فراوانکردنی بازنەی کۆمەڵایەتیت بدە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەگەر پلانی گەشتکردنت هەیە، تەنانەت بە شوێنێکی نزیکیش بێ، باشترە کەمێك دوای بخەیت، چونکە ناگەیت بەو شتانەی کە دەتەوێت، لە ڕووی پیشەییەوە باشترە چاوت لەسەر ئامانجەکەت لانەدەیت و بەردەوام سەرنجت لەسەری بێت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


تەندروستیی خۆتت پشتگوێ خستووە و خۆت سەرقاڵی ژیانی کەسانی دیکە کردووە، باشترە ئەم ماوەیە کاتەکانت تەنیا بە خۆت ببەخشیت و کەمێك لە بەرپرسیارییەتی دوور بکەویتەوە، بەم شێوەیە ئاسوودە دەبیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەگەر سەرنجت لەسەر ئامانجەکانت لابدەیت، ئەوا پەشیمان دەبیتەوە، لە ئێستادا هیچ شتێك لەو ئامانجانە گرنگتر نین کە داتناون، تەندروستیی جەستەت بەندە بە تەندروستیی دەروونتیتەوە، هەربۆیە لە سترێس و دڵەڕاوکێ دوور بکەوەرەوە.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

پێویستت بەوەیە کاتەکانت دابەش بکەیت، بەهۆی سەرقاڵیی زۆرت، کاتت بۆ خێزانەکەت نەماوە، ئەمەش نیگەرانی کردوون، سوود لەو ئامۆژگارییانەی کەسانی دیکە وەربگرەکە پێت دەدەن، تەندروستیت جێگیرە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone





# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly

February 13, 2023 Issue,No.1353


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

- Dedicated Internet Services
- VSAT
- ..........Copper Wired Networking
- .............Wireless Networking
- .............Fiber Optic Networking
- VoIP Video Streamnig
- VPNs
- CCTV Cameras
- Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی ڕاستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626